# دواڕۆژ

ژمارە (٩٥) ساڵی هەشتەم

٢٠٢٠/٠٩/٠١ - ١١ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی

dwaroj@komala.com





# بانگەوازەکانی کاک فوئاد، ڕاوەستان لە بەرزترین لوتکەی خۆڕاگری خەباتی جەماوەری و فیداکاری ڕابەرانی، پێویستی هەتاهەتایی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانە!

## سەروتار

### ٤١ ساڵ خەبات و بەربەرەکانێ

عومەر ئێلخانیزادە

٤١ ساڵ لە فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان، بەسەر هێرش و قەڵاچۆی گەلی کورد، لە گیانبەختکردنی کاک فوئاد و ئیعدامی بە کۆمەڵ لە شارەکانی کوردستان، تێپەڕ دەبێ. شار ودێ، مەزرا و خیابانی کوردستان شەڵاڵی خوین کران. زیندانەکان بە تێکۆشەران ئاخندران. ژن و کچی ئەو وڵاتە تارای ڕەشیان بەسەردا کێشرا، گۆڤار و ڕۆژنامە و هەر دەنگێکی ئازاد و نەیار لە سێدارە دران، هەر دەزگا و دامەزراوەیەکی مەدەنی درگایان لێ داخرا، بە هەزاران زیندانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران کە پێشتر حوکم درابوون، بە فەرمانێکی جینایەتکارانە و بە کۆمەڵ ئیعدام کران، بزوتنەووەی کرێکاری شکێندرا و ڕێبەرانی لە سێدارە دران، لەشکریانی ئیسلام سنوورەکانیان تێپەڕاند و لە چەند وڵاتێکی ناوچە دامەزران و تەپڵی سەرکەوتن و دەزگای تێرۆری ئیسلامی گوێی هەموانی کەڕ کرد. شەوەزەنگی ترس و تۆقاندن باڵی بەسەر ئێران و کوردستاندا کێشا. هەر لەو ماوەیەدا ڕێبەر و ئەندازیاری خەباتی مەدەنی و جەماوەریی، کاک فوئاد و چوار برای لە لێشاوی سەرکوتدا گیانیان لێ ئەستێندرا. خوێنی دەیان و سەدان ڕۆڵەی ئەو وڵاتە بە ناهەق ڕژێندرا، شار و گوندی کوردستان بە هێزی نیزامی ئاخندرا و شەڕێکی بێ بەرانبەر بەسەر خەڵکدا سەپێندراو کاولکاریی زۆری لێکەوتەوە، میلیتاریزمێکی بێ وێنە دامەزرێندرا، کۆمەڵکوژی قارنێ و قەڵاتان، ئیعدامی ٥٩ مێرمنداڵی مهابادی، ئەشکەنجە و کوشتاری ڕۆژانەی لاوانی ئەو وڵاتە، هەر هەموویان دیمەنی کارەساتبار و تاوانکارانەن کە بۆ بە چۆک داهێنانی گەلێکی ڕاپەڕیو ئەنجام دران. ئەوەی سەروتر باسیان لێکرا ئاماژەن بۆ دیکتاتۆری و دڕندەیی کۆماری ئیسلامی و خۆڕاگریی و بەرخۆدانی خەڵکی کوردستان. ئێستا تەرازووی هێز بە جۆرێکی دیکەیە: ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چ لە ناو خۆ و چ لە دەرەوە بۆسۆ و بەدناو بووە، ئابوریەکی داڕماو و تەواو گەندەڵ و مشەخۆر بەرهەمی ئەو دەسەڵاتەیە، مافیای تاڵان و دزی لە سەرسەرەوەی دەسەڵات کەوتوونەتە گیانی یەکتر، خزمەتگوزاری هەرەسی هێناوە، فرۆشی ئاو و خاکی ئێران بۆتە دیاردەی ئاسایی، دەزگای نیزامی و تیرۆر لە دەرەوەی سنوورەکان کز و لاواز بوون و جێیان پێ لێژ بووە، هەموو بەشەکانی بەرهەم هێنان و سەنعەت توان و توشیان نەماوە و پاشکەوتوون و بە سانایی وەکار ناخرێنەوە، بەهای دراوی ئەو وڵاتە بۆتە هیچ، ناڕەزایەتی خەڵکی ئێران لە پەرەسەندن دایە و تا دێ زۆرتر گەشە دەکات، گوشاری دەرەکی و نێونەتەوەیی ڕوو لە زیاد بوونە و تەنانەت کاربەدەستە سەرەکیەکان هیوایان بە درێژەی عومری ئەو دەسەڵاتە لە دەستداوە. پێچەوانەکەی، کوردستان هەیبەت و هەیمەنەی لە ناو خەڵکی ئێران زیادی کردووە، ناوی کاک فوئاد و دیکەی ڕێبەرانی


...بۆ ل ٢




ڕۆژی ٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨، "فوئاد مستەفا سوڵتانی" ڕابەری کۆمەڵە لە شەڕێکی نابەرابەر لە گەڵ سوپای گەورەی دوژمن کە تازە بۆ داگیرکردنی کوردستان لەشکری کێشابوو گیانی بەخت کرد. رادیۆ تاران زۆر بە پەلە و خۆشحاڵییەوە هەواڵی کوشتنی "کاک فوئاد"ی ڕاگەیاند. تارماییەک باڵی بە سەر کۆمەڵەدا کێشا. بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی لە کوردستان یەکێک لە کارامەترین و لێهاتووترین ڕێبەرانی خۆی لە دەست دا کە لە سەرەتای ئەزموونێکی مێژوویی بۆ کۆمەڵە و بۆ ڕەوتی سۆسیالیستی لە کوردستان، لە دەسدانی ڕابەر و یەکێک لە لە وشیارترین ئەندامانی خۆی خەسارێکی قورس بو. فوئادی مستەفا سوڵتانی کە سەرەتای پاییزی ١٣٥٧ پاش چەندین ساڵ لە زیندانی پاشایەتی هاتبۆدەر، تەنیا ١١ مانگ ژیا، بەڵام ڕێگایەکی ١٠ ساڵەی پێوا. لەم ١١ مانگەدا کاک فوئاد نەتەنیا وەک ڕابەری لایەق و بەتوانای کۆمەڵە خۆی جێخست، بەڵکوو بە خێراییەکی بەرچاو بوو بە سیاسەتدارێژی بزوتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و بوو بە ڕێکخەر و ڕابەری بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. ئەم ماوە کورتە بەڵام پڕبایەخ، کاریگەر، شوێندانەر، داهێنەر و پڕدەسکەوت لە کارنامەی کاک فواد دابووە. زانکۆ، زیندان، دامەزراندی کۆمەڵە و دەور و نەخشی سەرەکی کاک فواد و دواتر ڕێبەریی کردنی خەباتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەماوەری و خۆڕاگری کوردستان. چل و یەک ساڵ پاش مەرگی فوئاد جێگا خاڵییەکەی هێشتا لە ڕابەری کۆمەڵە، لە لوتکەی ڕابەری بزوتنەوەی خۆڕاگرانە کوردستان و دارشتنی ڕیکار و ستراتیژی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک دیارە. ناوی کاک فوئاد بوو بە ئەفسانە و ئۆستوورەیەک کە بۆ دەیان ساڵی داهاتووش لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ.

## ٣ برا لە شیراز بە ئێعدام، ٨٨ ساڵ زیندان و لێدانی ٣٠٨ قامچی مەحکووم کران



٣برا بە ناوەکانی نەوید ئەفکاری، وەحید ئەفکاری و حەبیب ئەفکاری خەڵکی شاری شیراز کە لە ریزی گیراوانی ناڕەزایەتیە گشتیەکانی دژی رژیم لە مانگی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاویی دەستگیر کراون بە ٢ جار ئێعدام، ٨٨ ساڵ زیندان و لێدانی ٣٠٨ قامچی حوکم دراون. بە پێی بڕیاری دادگای رژیم نەوید ئەفکاری بە ٢ جار ئێعدام ٦ ساڵ و ٦ مانگ زیندان و لێدانی ٧٤ قامچی، وەحید ئەفکاری بە ٥٤ ساڵ و ٦ مانگ زیندان و لێدانی ٧٤ قامچی و حەبیب ئەفکاری بە ٢٧ ساڵ و ٣ مانگ زیندان و لێدانی ٧٤ قامچی حوکم دراون. شایانی باسە ئەو برایانە لە ژێر زەبر و ئەشکەنجەیەکی زۆر و تاقەتپڕووکێندا مەجبوور بە دان بە تاوانی زۆرەملی بوون و خۆیان بە بێ تاوان دەناسن و داواکارن سزاکەیان هەڵبووەشێتەوە.

## زیاتر لە ١٠٠ ئاکادێمیسیەنی کورد و ڕۆژئاوایی مەحکوومکردنی زارا موحەممەدی شەرمەزار دەکەن



زیاد لە ١٠٠ ئاکادێمیسیەنی کورد و ڕۆژئاوایی لە تۆیبەیاننامەیەکدا بڕانەوەی حوکمی ١٠ ساڵ زیندان بۆ زارا موحەمەدی، مامۆستای زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات شەرمەزار کردووە. لەم بەیاننامەیەدا کە لە لایەن کەسانی وەک «نۆوام چۆمسیکی»یەوە واژۆ کراوە، بڕیاری نایاسایی «دادگای شۆرشی ئیسلامی» ئێران دژ بە زارا موحەمەدی بە «سیاسەتی هەڵاواردن» لە قەڵەم دراوە و وتراوە: «ئەم جۆرە سیاسەتی هەڵاواردنە، بەشێکی دانەبڕاوە لە هەڵسووکەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ زمانە نافارسییەکاندا. ئەم چەشنە لە ڕەفتاری هەڵاواردن، پێشێلکردنی ئاشکرای پەیمانە نێونەتەوەییەکانە سەبارەت بە نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنی نەژادپەرستی و ئێران وەکوو ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێکە لەو پەیماننامانە.»


**توند و تیژیی بێدەنگ**
سەیران مستەفازادە (ل٣)

**شەهلا و نەسرین دوو پەرەستار بە دڵی سوور و بەرگی سپییەوە**
(ل٤)

**فتوای جیهادی خومەینی دژ بە کورد لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە**
کاوان موکری (ل٤)

**هەژاری و نەداریی هۆکاری سەرەکیی پەرەسەندنی تاوانە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگای ئێران**
فیرۆز مامۆیی (ل٥)

**ترۆتێسکی و بیرۆکەی شۆڕش**
(ل٦)

**جیاوازیی شۆڕشی فەرانسە و ئەمریکا لە ڕوانگەی «هانا ئارنت و مارکسەوە»**
موحەممەد حەکیمی (ل٧)

**پێویستیی خەباتی فرە ڕەهەندی**
دوکتور موحەممەد حسەین‌زادە (ل٨)

**قوربانیانی "تاوانبار"**
ئەسعەد دوروودی (ل١١)

**مێرسێدێس بارچا و مارکێز، خۆشەویستیی ساڵەکانی نووسین**
ئارەش گنونی (ل١١)

**سەمەد بێهرەنگی**
مامۆستایەک کە بوو بە ئەفسانە
(ل١٣)

**تاران پایتەختی سێدارە**
عەزیز ئاجیکەند (ل١٤)

## درێژەی سەروتار

کورد لەگەڵ بانگی ئازادی دەگوترێنەوە، خەباتی مەدەنی کە کاک فوئادی ئەندازیاریان لێ ئەستاند، نەوەستا، لە هەموو بوارەکاندا گەشەی کردوە و ڕێبازی فوئاد ئیتر لە کوردستاندا ناسڕێتەوە، کوردستان بۆتە پێشەنگی ئەو خەباتە لە ئێران و تێکۆشەرانی

ئێرانی لە باقی شوێنەکان بە چاوی ڕێز و لێ فێربوونەوە دەڕواننە کوردستان. میلیتاریزمی نیزامی نەک هەر بیری ئازادیخوازی و نەتەوەیی پاشەکشە پێنەکرد، ئەو بیر و هیوایە بە پانتایی هەموو کوردستان پەرەی سەندووە و بەرچاوڕوونتر لە هەر کات کاری بۆ دەکرێ. هونەر و ئەدەبیاتی بەرگری گشت کەلێن و قوژبنێکی تەنیوە، هێزە سیاسییەکانی کوردستان خەریکن هەنگاوی گەورە بۆ هاوئاهەنگی و یەکگرتوویی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەڵدەگرن. دونیای دەرەوە بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە خەباتی خەڵکی کوردستان و دەیناسێ و لێی تێدەگات.
ئێستا دوای ٤١ ساڵ: کوردستان خوێنی زۆری لەبەر چوو، توشی نوچدان بوو، بەڵام ئەژنۆی نەلەرزا و هەستاوەتەوە سەر پێ و بە گوڕتر لە جاران ئامادەی یەکگرتوویییە لە خەباتدا. بەڵام خوێنڕژانی کۆماری ئیسلامی تا توانیان لەسەر سفرە و خوێنی خەڵک لەوەڕان و چی لە توانیاندا بوو کردیان تا خۆیانی پێ هەڵمسێنن، بەڵام ئەوڕۆ کز و کەنەفت، بێ ئابڕو و بەدناو تەخت و بەختیان هاتۆتە لەرزین. ئەو ڕژیمە ناتوانێ بەسەر قەیرانەکانیدا زاڵ بێ، بەڵام کوردستان بۆی هەیە بەسەر کەموکوڕیەکانیدا سەرکەوێ. ئاسۆی هیوا بۆ یەکێتی ڕوون و ئیرادەی گەلی لە پشتە.

## ژینگە پارێزانی وڵات

«شەریف باجوەر» لەدایکبوون: ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی چاوی بە ژیان هەڵێنا ، «شەریف باجوەر» چالاکی مەدەنی و ژینگەیی خەڵکی مەریوان و ئەندامی ئەنجومەنی سەوزی چیا بوو. شەریف باجوەر ڕۆڵێکی گرنگی لە پاراستنی ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە کلتوور کردنی ژینگەپارێزیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو و هەیە. لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویی لەکاتی کووژانەوەی ئاگری دارستانەکانی ئاوایی سلسێ و پیلێ لە نزیک شاری مەریواندا گیانی بەخت کرد..

شەریف باجوەر لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، لە کاتێکدا لەگەڵ هاوڕێکانی خەریکی کووژاندنەوەی ئاگرێک بوون کە لە دارستانەکانی ئاوایی سلسێ و پیلێ لە نزیک شاری مەریوان بەر درابوو گیانی ئازیزیان لە ڕێگەی پاراستنی ژینگەدا بەخت کرد، ئاگرەکە کە لە دارستانەکانی ئاوایی سلسێ و پیلێ لە نزیک شاری مەریوان دەستی پێکردبوو و نزیکەی ٤٠ هێکتار لە دارستانەکانی شاری مەریوانی سووتاند. لەبارەی هۆکاری گیان لەدەست دانی شەریف و هاوڕێکانی قسە و باس زۆرە. لە کاتێکدا کە بڕێک لە سەرچاوەکان ئاگر و دووکەڵەکەیان بە هۆکاری مەرگیان لە قەڵەم داوە و زۆرێک لە سەرچاوە حکوومی و ناحکوومییەکان کوژرانی ئەو چەن کەسە لە چالاکە مەدەنیەکانیان بە هۆی تەقینەوەیەکەوە زانیوە.

دوا بە دوای مردنی شەریف و ئەو چەن چالاکوانە خەڵکی مەریوان لە خوپیشاندانێکدا خوازیاری ڕوونبوونەوەی هۆکاری مەرگی ئەو چالاکوانانە و هەروەها ئاگرگرتنی دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. هەروەها ڕۆژێک پرسەی گشتی لەلایەن بەرپرسانی شاری مەریوانەوە ڕاگەیەندرا، بەڵام زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە سپای پاسدارانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران رق و قینێکی ئێجگار زۆریان لە «شەریف باجوەر» و هاوڕێکانی هەڵگرتبوو، هەر بۆیە شەریف و هاوڕێکانی کەوتنە بەر رق و کینەی سپای تیرۆریستی ڕژیم و لە سێی خەرماناندا لە ناو گڕی ئاگری دارستانەکانی مەریوان کە بە ئەنقەست ئاگر درابوون گیانیان بەخت کرد.

شایانی باسە بەکرێگیراوان و هێزەکانی سپای پاسداران بە شێوەی سیستماتیک هەر ڕۆژە و شوێنێکی



ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگر تێ بەر دەدەن و شاخ و لەوەڕگە و دارستانەکانی دەکەنە ئامانج و ژینگە پارێزانیش بۆ ئەوەی سروشتی کوردستان زیاتر وێران و کاول نەبێت ناچارن بە دەستی بەتاڵ و بە بێ هیچ کەرەسەیەکی ئاگرکووژێنەوەو پشتیوانییەک تەنیا و تەنیا بە هەوڵی بێ وچانی خۆیان و بە یارمەتی خەڵکی ناوچەکە ئەو ئاگرانە دەکووژێننەوە.

دەبێ ئەوە بڵێم کە چونکە شەریف و هاوڕێکانی دەستی سپای پاسداران و بەکرێگیراوەکانیان بۆ خەڵک روون دەکردو باسی ئاگردانی بە ئەنقەستی شاخ و کەژەکانی کوردستانیان بۆ خەڵک دەکرد، ئەوان رق و کینەی ئەو هاوڕێیانەیان لە دڵ هەڵگرتبوو و ئەو رق و کینەیەیان لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ژینگە پارێزان و خەڵکی ناوچەکەش چەندین جار چوون بۆ لای بەرپرسانی رژیم لە شاری مەیوان و شارەکانی دیکەی کوردستان بەڵام بە دواداچوونەکانی ژینگە پارێزان هیچ دەسکەوتێکی نەبوو، بەرپرسانی رژیم بە هیچ شێوەیەک ئامادە نین وڵامدەرەوەی ویست و داواکاری چالاکانی مەدەنی بن بۆ کووژاندنەوەی ئەو شوێنانە کە لە کوردستان ئاگر دەدرێت و هیچ یارمەتێکیان ناکەن و تەنانەت ئامادە نین بەدواداچوون بکەن بۆ ئەوەی بزانن کێ ئاگر بەردەداتە دارستانەکان، چونکە ئەوان بۆ خۆیان باش دەزانن کێیە و بە چ مەبەستێک ئەو کارە دەکرێت..

لە ڕۆژی گیانبەختکردنی ژینگەپارێزانی شاری مەریوان هەموو ساڵێک خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گووتنەوەی سروودی شەهیدان و نامرێ ئاگر هەڤاڵان دەچنە سەر گڵکۆی شەهیدانی ژینگە و چەپکە گوڵی ڕێز لە سەر گۆڕەکانیان دادەنێن و هەروەها خەڵک بە شێوە گەڵی جیاواز و چالاکیی جۆراوجۆر، وەک نەمام چاندن، هەڵکردنی مۆم و دەیان کاری سەمبولیکی دیکە ڕێز لە یادی گیانبەختکردووانی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت لە شەریف باجوەر و هاوڕێکانی دەگرن.

## سیاسەتی حکوومەت هۆکاری هەژاری لە کوردستانە

**ئاکۆ موحەممەدی**

ڕەنگە ئەم باسە لای هەمووان باسێکی ئاشنا بێت، بەڵام وەبیرهێنانەوەی چەند خاڵ لە سەر گرفتانەی کە بۆ خەڵکی دانیشتووی کوردستان زۆر زەق و بەرچاون، پێویستە، ئەم نووسراوەیە بەرهەمی ئەزموونی نزیک و ڕاستەقینەی ژیانی خۆم وەکوو دانیشتوویەکی ئەو وڵاتەیە.

بڵاوبوونەوەی کرێکارانی کورد بە شارە گەورەکاندا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دایردەیەکی بەرچاو و زەقە. وەکوو کرێکارە کوردەکان دەڵێن نیوەی بیناکانی تاران کرێکارانی کورد دروستیان کردووە تەنانەت لە فیلم و زنجیرەکاندا لە هەر شوێنێک باسی کرێکارانە بوونی کرێکارانی کورد بەرچاو و دیارە.

بوونی ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی کورد کە لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان و دوور لە شار و خانەوادەکانیان خەریکی کارن ژمارەیەک پرسیار دروست دەکا. ئایا ئەو کرێکارانە بە دڵخواز و پێخۆشبوونی خۆیان دەچنە شارەکانی دیکە یان لە ڕووی ناچاری ئەو کارە دەکەن؟ کێ هەیە کە ئەگەر دەرفەتی کار و دابینکردنی بژیوی ژیانی لە شار و لادێی خۆی هەبێ بۆ کاردکردن وڵات و کەس کاری خۆی بەجێبێڵێ و ڕەنجی غەریبی و دووری بکێشێ؟ زۆر کرێکاری کوچبەر هەن کە چەندین مانگ لە خانەوادەکانیان دوورن و تەنها جاروبار دەتوانن سەردانی شار و وڵاتی خۆیان بکەن و ئازیزانیان ببینن. ئەو هەموو سەختیە لە پێناو چیدا تەحەمول دەکەن؟

ئەو کاتەی لە دەیەی هەشتای هەتاوی لە تاران، کەرج، زەنجان، تەورێز و چەند شوێنی دیکە کرێکاریم دەکەرد وەڵامی ئەو پرسیارانەم بە ئاشکرا بینی. بۆم دەرکەوت کە من کوردم، وڵاتی من لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتوو ڕاگیراوە و سیاسەتی هەڵاواردنی ئابووری حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکان لە ئێران وایکردووە ئابووریی کوردستان گەشە نەکا و کرێکاران لەبەر ئەوەی لە کوردستان دەرفەتی کار کەمە و شانسی دەسکەوتنی کاریان نییە ڕوو لە غەریبی و دوورە وڵات دەکەن بۆ ئەوە ژیانێکی مەمرە و مەژی بۆ خۆیان و خانەوادەکانیان دابین بکەن.

بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتدارانی ئێران و زیاتر لە هەموویان حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کارێکیان کردووە کە ڕێگە نەدەن کارخانە و کارگەی بەرهەمهێنەر لە کوردستان دابمەزرێ و شێوەی دابەشکردنی بوودجە و بەڕێوبەریی ئابووریی کوردستان بە باشی نیشاندەری سیاسەتی هەڵاواردنی ئابووری و ستەمێکە کە لەو بارەشەوە لە خەڵکی کوردستان دەکرێ. ئەم سایسەتانە وایان کردووە کە ئەو ژمارە کەمە کارگە و کارخانەیەش لە کوردستان هەن نەتوانن بەردەوام بن و ئەمەش ئاوارەیی و کۆچی ناچاری کرێکارانی بەدواوەیە.

بۆ نموونە یەکێک لە کارخانە گەورەکانی کوردستان کە ڕۆژانە زیاتر لە سەد تۆن قەنی بەرهەم دەهێنا و زیاتر لە شەش سەد کرێکاری لە خۆ گرتبوو ناچار کراوە بوو بۆ درێژەدان بە کار، کەرەسەکانی خۆی بگوازێتەوە بۆ باکووری ئێران و لەوێ درێژە بە چالاکی خۆی بدات. هەر لەو کارخانەدا زیاتر لە چوار سەد کرێکار دەرکراون و دەسەڵات بەری بە فرۆشتنی بەرهەمی کارخانەکە گرتووە.

هەروەها کارگەی دروست کردنی سیمانی کاوان لە بۆکان لەبەر ئەوەی دەسەڵات گرفتی بۆ کارەکانیان سازکردووە ناچاربووە لە میاندواو درێژە بە کاری خۆی بدا. دەسەڵاتداران و دەزگا ئەمنییەتییەکانی حکوومەت تەنها بە مەبەستی ئەوەی ئەو کارگەیە لە بۆکان نەبێ کاراسانییان بۆ خاوەنەکەی کردووە کە لە بەشی میاندواو و تەنها چەند کیلومیتر دوورتر کارخانەکە دابمەزرێنێ، ئەو کارەی حکوومەت دەنگدانەوەی زۆری هەبوو لە ناوچەی بۆکاندا و خەڵک بە دژی ئەو هەڵوێستە ڕاوەستان.

ئەمانە تەنیا چەند نموونە بوون لەو لەمپەرانەی کە بەر بە پێشکەوتن و پێگەیشتنی ئابووریی ناوچەکە دەگرن و دەرفەتەکانی کارو پیشەیان لە کوردستان لە باربردووە و هەمووشیان پلاندارێژراو و کردەوەی دەسەڵاتن.

کوردستان خاوەن گەلێک بەهرەو سامانە هەروەها بەشێکی زۆر لە کوڕ و کچانی بەتوانای کورد خەون و پلانی باشیان بۆ بووژانەوەی ئابووری و پیشەیی کوردستان هەیە کە لە لایەن دەسەڵاتەوە ڕێگەیان پێنەدراوە و هەموو خەون و ئومێدێک لە خەڵکی کورد زەوت کراوە. تەنانەت وای لێهاتووە کە بۆ دامەزران لە کارو باری ئیداریدا بوون بە ئەندام و لایەنگریی زۆرەملی بەسیج و کارتی بەسیجی مەرجێکی گرینگ و سەرەکییە.

بەشێکی کەم لە خەڵکی کوردستان کە سەر بە حکوومەتە یان بۆ ڕژیم کار ئەکەن، خاوەن پشکێکی تایبەتن و لە هەموو شوێنێکدا باشترین هەڵەکانی کاریان بۆ ئامادەیە وەکوو بنەماڵەی ئیسارگەر و پاسدار و ... لە کاتێکدا کە بێ ئەژمار کەسان هەن لەو هەلومەرجە دژوارەی کوردستاندا و لەو پەڕی نەداریدا خوێندنیان تەواو کردووە بەڵام بێکارن و لەبەر مل کەچ نەبوون لە بەرامبەر خواستەکانی دەسەڵاتدا لە هەموو دەرفەتێک بۆ وەدەستهێنانی کار و دامەزران بێبەشکراون و ناچارن بە سەرمایەیەکی کەم دەستفرۆشی بکەن یان کوڵبەری و ئەو کارانەی کە لە تاقەتی مرۆڤدا نین.



سەرباری هەموو ئەو گرفتە ئابوورییانەی حکوومەت بۆ کوردستان و خەڵکەکەی ساز کردووە هەوڵی‌ان داوە لە باری کۆمەڵایەتیشەوە کوردستان وێران کەن و لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئەواندا بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێت و مافیای مەوادی موخەدر لە کوردستان زۆر بە هێز و بەرینە. لە ڕاستیدا دانانی پرۆژە ئابووری و پیشەسازییەکان کە کوردستان زۆر زەحمەتترە لە کاری باندەکانی مادده سڕکەرەکان، چونکە حکوومەت ڕێگە بە ئاوەدانیی کوردستان نادا بەڵام هەڵی تەواو بۆ وێرانی کوردستان دەدا و پشتیوانیی ئەوانە دەکا کە کاری وا دەکەن.

کەم ڕۆژ هەیە کە لاوانی کورد لە کاتی کوڵبەری کردن یان بە هۆی ڕووداوەکانی شوێنی کار لە شارە گەورەکان گیانی خۆیان لە دەست نەدەن لە کاتێکدا کە سەرمایەکانی وڵات لەباتی ئەوەی بۆ ئاوەدانی و پێشکەوتنی ئابووری و باشکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک بەکاربێن بۆ شەڕ و پاوانخۆازیی دەسەڵات و پشتیوانیی توندئاژۆکان و گرووپە تیرۆریستییەکان لە لوبنان و سووریە و ئێراق تەرخان دەکرێن.

سیاسەتی هەڵاواردنی ئابووری، هەوڵ بۆ دواکەوتوو ڕاگرتنی کوردستان لە باری ئابوورییەوە، میلیتاریزە کردنی کوردستان و سنوورەکانی لەگەڵ دراوسێکان، کاولکردنی کوردستان لە باری کۆمەڵایەتییەوە بە پەرەدان بە بڵاوبوونەوەی مادده سڕکەرەکان، بەتاڵان بردنی سەرچاوە سوروشتییەکانی کوردستان، گوێنەدان بە ئاسەواری کۆن و تاڵان کردنی ئەو شتومەکەی لە شوێنە مێژووییەکاندا دەدۆزرێنەوە و سەرکوتی توندوتیژ و نامرۆڤانە بەرهەمی دەسەڵاتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بۆ خەڵکی کوردستانە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگری سەرەکیی ئازادی و ژیانێکی بەرهەمەندە بۆ خەڵکی کوردستان.

# توند و تیژیی بێدەنگ

سەیران مستەفازادە

توندوتیژی دژی ژنان یان توند و تیژی ڕەگەزیی بریتییە لەو توندوتیژیانەی کە بە شێوەی گشتیی بە دژی ژنان ئەنجام دەدرێت بەڵام توندوتیژی دژی ژنان تەنیا لێدان و ئەشکەنجەی جەستەیی نییە. وشەگەلی ناشیرین و ناخۆش، شک و گومان کە پیاوسالارەکان بە خۆش غیرەتی خۆیانی دەزانن و ئەوە ئەو توند و تیژییە کە بە سەر ژنانیدا دەسەپێنن. لە ڕاستییدا توندوتیژی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و ڕوودانی توندوتیژی بە دژی ژنان لە سەردەمێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەردەمێکی تر و تەنیا شێوە و قەوارەی توند و تیژییەکانە کە دەگۆڕدرێت. ئەم شێوە لە توند و تیژیانە دەتوانین بە چەوساندنەوەی ڕەگەزیی ژن پێناسە بکەین و هەروەها بە داپڵۆسینی ژن دادەنرێت. ڕاگەیاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان دەڵێت «توندوتیژی دژی ژنان بریتییە لە بەرجەستەبوونی پەیوەندییە مێژووییە نایەکسانەکانی نێوان ژن و پیاو وە توندوتیژی دژی ژنان یەکێکە لە ڕێکار و شێوازە سەرەکییەکان کە ژنان بەزۆر و ناچاریی دەخرێنە ئاستێکی نزمتر و کەمتر بە بەراورد بە پیاوان. بەڵام لە ڕاستیدا توندوتیژی دژی ژنان لە جیهاندا باوی هەیەو لە هەر سێ ژن یەکێکیان توشی ئەو کێشەیە بوون و دەبن، لە کاتی دەستدرێژی کردنە سەر ژنان زۆر جار کەسی نزیکی ئەو ژنانە ئەو کردەوە قیزەونە ئەنجام دەدات و ژنان تووشی کێشەی ڕۆحی و دەروونی دەبنەوە کاریگەری ئەو کردەوە تا ساڵەها لە گەڵیان دەمێنێتەوە. توند و تیژی دژی ژنان شێوە گەڵی جیاوازی هەیە و یەکێک لەوانە توند و تیژی بێدەنگە و کەس هەست بەوە ناکات کە ژن چۆن دەچەوسێتەوە و لە ناو دەچێت و لە ناو خۆیدا دەتوێتەوە، بۆ نموونە کاتێ دەچن بۆ میوانی کچ هەر جووڵەیەک بکات برا یان باوک بە لاچاوێکەوە بێ ئەوەی کەس تێبگات بە شێوەیەک هەڕەشەی لێدەکەن و ئەوە دەچێتە خانەی توند و تیژی بێدەنگەوە. ئەم ژنە ئازار دەچێژیت، چی دەوێت، چی لە سەردایەو ئاوات و خەونەکانی چین؟ لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەشێکی زۆر لە ژنان نازانن مافیان چییە و ژنی چاک بوون تەنها لە ماڵدارییی، شوردن و پاک کردنەوە و منداڵداریدا دەبینن و ئەگەر پیاوی ماڵ یان باوک یان برا بە هەر شێوەیەک بیانەوێت شکەنجەیان بدەن، جا چ بێدەنگ بێت یان دەرونی و یا جەستەیی هیچ جیاوازیەکی نییە، چونکە مافەکانی خۆیان نازانن و دەچنە قوژبنێکی ناو ماڵەکەیان و زۆر بە بێ دەنگی دەگرین. هەندێک لەو توند و تیژیانەی کە لەلایەن تاکە کەسەوە ئەنجام دەدرێت وەک «لاقە کردن، توند و تیژی خێزانی، دەستدرێژی سێکسی، منداڵ خستنەوەی زۆرە ملیی، کوشتنی کچە ساواکان، دیاریکردنی ڕەگەزی پێش منداڵ بوون و توند و تیژی پێش لە دایکبوون و هەروەها کردەوەکانی دیکە کە لەسەرەوە باسمان کرد. لەم ساڵانەدا توند و تیژییەکان زۆرتر بووە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژن زانیاری زیاتری هەیە سەبارەت بە ماف و ژیانی خۆی و چیتر ئەو توند و تیژیانەی بەرانبەری دەکرێت ناشارێتەوە و لە ناو کۆمەڵگادا باسی دەکات، هەر چەند هێشتا زۆر کەس لە ژنان یان بنەماڵەکانیان هەر بە نەریتی کۆن و دواکەوتووی کۆمەڵگا دەچنە پێشەوە و بۆ نموونە کاتێ ژنێک دەستدرێژی دەکرێتە سەری دەیشارێتەوە و ناتوانێ بە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگای سوننەتیدا دەژی باسی بکات یان بنەماڵەکەی دەیشارنەوە و بە هەموو شێوەیەک کچ یان ئەو ژنەی کە دەستدرێژی کراوەتە سەری سەرکوت دەکەن. جگە لە جیاوازی یاسای ڕەگەزیی کە حاکمە بە سەر ژنانی کورددا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو ژنانی دیکەی ئێران روو دەدات، بەداخەوە کۆمەڵێک لە سوننەت و نەریتەکانی کۆمەڵگای کوردستان بارودۆخێکی خراپتر و کێشە و گرفتی زیاتر بۆ ژنانی کورد دروست دەکات کە بۆتە هۆکاری خۆکوژی زیاتری ژنان لە شار و دێهاتەکانی کوردستان و بەم شێوە کاردانەوەی خۆیان بۆ ژیان و ئەو شێوەیە لە توند و تیژییە نیشان دەدەن. زۆربەی ئەو ژنانەی کە خۆیان دەسووتێنن، ژنانێکن کە لەلایەن باوک، برا و مێرد یا ئەندامانی دیکەی بنەماڵە تووشی ئەشکەنجە و توند و تیژی دیکە دەبنەوە و لەوێوە کە نە بنەماڵە و نە یاسا پشتیوانیان نین، تەنها ڕێگای ڕزگاریی خۆیان لەو دۆخە خۆکوژی دەزانن وچەن ساڵە ناوەندی پزیشکی یاسایی ڕێژەی خۆکوژی بڵاو ناکەنەوە و دواییین ڕێژەی خۆکوژی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوییە. جگە لە گوشارەکانی بنەماڵە بۆ سەر ژنانی کورد ژیانی هاوبەشی زۆرە ملی هەر بە منداڵی دان بە مێرد و هەژاری و لەو نموونانەن کە دەبنە هۆی لە ناو بردنی خۆیان. بە پێی ئامارە نارەسمییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە ساڵی ١٣٩٨ زیاتر لە ١٠٠ ژن خۆیان کوشتووە و مانگی گەلاوێژی ئەمساڵ زیاتر لە ١٠ ژن خۆیان کوشتوە و بە هۆی نەبوونیی و هۆکاری کێشەی بنەماڵەیی. شایانی باسە کە ئەم ئامارانە نارەسمین و ڕێژەی خۆکوژی ژنان زۆر لەوە زیاترە بە تایبەتی ئەم ساڵانە کە قەیرانی ئابووری چەند قات لە کوردستان زیادی کردوە.



## چالاکێکی ژینگەپارێزی لە شاری سنە دەسبەسەر کرا



سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی خەرمانان، چالاکێکی ژینگەپارێزی بە ناوی خەبات مەفاخری خەڵکی شاری سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

هێزە ئەمنییەکان، لە کاتی دەسبەسەرکردنی ئەو چالاکە ژینگەپارێزییە ناوبراویان ئازار و ئەشکەنجە داوە.

ایانی باسە هێزە ئەمنییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ئەو چالاکە ژینگەیە و دەستیان بە پشکنینی ماڵەکەی کردووە و هێندێک کەرەستەی شەخسیی ناوبرایان لەگەڵ خۆیان بردووە.

جێی ئاماژەیە، خەبات مەفاخری ئەندامی کۆمەڵەی سەوزی کوردستانە و هەتا کاتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، لە هۆکار دەسبەسەرکردن و تۆمەتی وەپاڵدراوی ئەو چالاکە ژینگەیە هیچ زانیارییەک لەبەردەستدا نییە.

## مامۆستایەکی قوتابخانە بەهۆی گوشاری هێزە ئەمنییەکان زێدی خۆی بەجێهێشت



«شەیدا ڕەسووڵ دنخە، مامۆستای یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری شنۆ سەر بە پارێزگای ورمێ، بەهۆی گوشاری هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، بە ناچاری زێدی خۆی بەجێهێشت.

ئەو هاووڵاتییە دوای ئەوەیکە بانگهێشتی ئیتلاعاتی ئەو شارە دەکرێت هەڕەشەی دەستدرێژی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، لێ دەکرێت. ناوبراو پێشتریش چەندین جاربانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری شنۆ کرابوو و داوای لێکرابوو کە برایەکی بە ناوی جەماڵ ڕەسووڵ دنخە کە ئەندامی یەکێک لە حیزبەکانی دژبەری ڕژیمی ئێرانە بگەڕێنێتەوە ناوخۆ، بەڵام بەهۆی هاوکاری نەکردنی ئەو مامۆستایە بەهۆی گوشارەکان ناچار بوو زێدی خۆی بەجێ بێڵێت.

شەیدا مامۆستای باخچەی ساوایان لە گوندی سەرگیز بووە و ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە سەرقاڵی وانەوتنەوە بە منداڵان بووە.

ئەو هاووڵاتییە لە زانکۆی «ئازاد»ی پیرانشار سەرقاڵی خوێندن لە بەشی کارناسیی باڵا لە بەشی «پەروەردە و بارهێنان»دا بووە.

## یادێک لە هاوڕێی گیانبەختکردوو

تەهموورس ئەکبەری



شەهید « تەهمورس ئەکبەری» هونەرمەدی جەوان و خەباتکار، کە لە شەرێکی نابەرانبەردا، هاورێ لە گەڵ کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی، گیانی ئازیزی لە ڕێگای ئازادی گەل و نیشتمان دا، بەخت کرد . شەهید تامورس، لە بواری شانۆدا، لە شاری مەریوان، زۆر چالاک بوو

مامۆستا فەرویدوون ئەرشەدی لە شێعرێکدا ئاوای باسدەکا

### چریکێک بە تەنیشت دڵم دا تێپەڕی

بۆ هونەرمەند «تەهموورس ئەکبەری»

لە نێوان «چل چەمە» و «باخان» دا
هەنسکێک جۆلانەی نیوەڕۆ
دەبات و
حەسرەتێک دەیهێنێ .
دار بێدەنگ،
با خامۆش .

تا شیوەن بگاتە چوارڕیانی «مەریوان»،
هیچ مەلێ نەیتوانی نەگریت و
کانیەکەی « داسێران»
بۆی نەکرا کراسی ڕەش نەپۆشێ .

چریکێک بە تەنیشت دڵم دا تێپەڕی،
هەناومی پڕ کردوە لە بۆن و بەرامەی نەناسراوی شانۆ .
چەکەکەی گیتارە،
گیتارێک، بیهەوێ ڕەنگێکی نەدیوی ئازادی
بژەنێ .

چاوانی، سەوزێکی نەختێ کاڵ، دەقاودەق توێکڵە گوێز،
نەفەسی نەسرینێک
ناو لەپی کردوەتە
دەشتێکی نەوبەهار.

قامیشی زرێبار خشە خش
بە دەوریا دەهاتن و
نیگای ئەو پڕ بوو لە زریوەی ژیان و
گۆرانی ڕەهایی.

سەیری ئەو کاکۆڵە خۆڵاوی و عارەقەی نێوچاوت کردبا
دەتزانی سەری پڕ لە خولیای
لە هەوری خەیاڵا
بۆ ڕێتمی باران و دیالۆگی برووسکە دەگەڕێ .
گوێت بگرتای لە چرپەی،
دەتزانی لەودیوی قەفەسی سینگیەوە
کە ئێستا گولەیەک بڕیویە،
دڵێکی جەوان و چیایی،
بۆ ژیان دەجەنگێ .

کە « چەمران « سەرپەنجەی خوێنینی
بە زمان لێستەوە،
دەستی بەرد لەرزی و
ئاو سەری خستە سەر شانی خاک،
لە خۆیدا
تێرگریا

## شەهلا و نەسرین دوو پەرەستار بە دڵی سوور و بەرگی سپییەوە

دواڕۆژ

بێگومان ناتوانێ ئەو کوشتار و هێرشانەی کە بە درێژایی مێژوو لە دژی نەتەوەی کورد ئەنجام دراوە تەنها لە چەند دێرێکدا باس بکرێت. بەڵام باسکردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و مانەوەیان لە مێژوودا ئەرکێی ئینسانییە. تاوانەکانی کۆماری دژە مرۆڤ و دژە ئازادی و دژە ژنی ئیسلامیی ئێران دەبێ لەقاو بدرێن. دوای فەرمانی خومەینی بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان هەزاران بنەماڵە ڕەشپۆشی لەدەستدانی ئازیزانیان بوون. هەر لەسەرتای داگیرکرانی کوردستان بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، حکوومەتی نوێ کە دەیویست بە ئاشکرا و بە مەبەستی چاوترسێن کردن و تۆقاندنی خەڵک و پاشەکشەکردن بە خەباتکاران، دژە مرۆڤ بوونی خۆی لە ڕێگەی سەرکوت و کوشتاری ژنانی چالاک و خەباتکارەوە نیشان بدا، ژمارەیەکی زۆر لە کچانی کوردی بە بێ دادگایی کردن ئیعدام و زیندانی کرد کە ژمارەیەک لە زیندانییەکان لە ژێر ئەشکەنجەی وەحشیانەی جەللادەکانی حکوومەتدا گیانیان بەخت کرد.

شەهلا و نەسرین کەعبی دوو خوشکی پەرەستاری خەڵکی شاری سەقز بوون و تەنها و تەنها لەبەر ئەوەی ئەرکی ئینسانیی خۆیان جێبەجێکردبوو و برینی خەڵکی مەدەنی و پێشمەرگەی برینداریان تیمارکردبوو بە فەرمانی سادقی خەڵخاڵی حاکمی شەرعی تاوانباری حکوومەتی ئیسلامیی ئێران ئێعدام کران. شەهلا لە کاتی ئێعدامکردنیدا ٣٤ ساڵ تەمەنی بوو و نەسرینیش ٢٧ ساڵان بوو. فەرمانی ئێعدامکردنی شەهلا و نەسرین لە ڕۆژی ٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە پادگانی شاری سنە کاتژمێر چوار و نیوی بەرەبەیان جێبەجێ کرا. لەو بەرەبەیانەدا لە مەیدانی تیربارانی پادگانی شاری سنە پێش ئێعدام نەسرین نەترسانە دەڵێ: چاوکانی من مەبەستن! شەهلا دەڵێ: بەڵام چاوەکانی من ببستن! مەئموری ئێعدام لە شەهلا دەپرسێ: تۆ دەترسی وا دەتەوێ چاوەکانت ببستین؟ شەهلا دەلێ: نە، من تەنیا نامەوێ مەرگی خوشکەکەم ببینم! دوای ئەو قسەیە نەسرینیش داوا دەکا چاوی ببەستن. دوو خوشک، دوو پەرەستار، دوو مرۆڤ و لە یەکەمین ژنانی قوربانی جەهل و تاریکی و جەنایتی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کە جگە لە خزمەت بە خەڵک هیچ تاوانێکان نەبوو، دلڕەقانە و بێ بەزەییانە تیرباران کران. ئەستێرەی یادیان ٤٠ ساڵ پاش گیانبەختکردنیان لە هەمیشە درەوشاوەترە و وەکوو نموونەی مرۆڤ بوون ماونەتەوە و ئیعدامکرانیان بۆ هەمیشە وەکوو ڕەشترین پەڵەی تاوان بە ناوچاوانی دەسەڵاتدارانی دوێنێ و ئەمڕۆی ئێرانەوە دەمێنێتەوە.

یادیان بەرزە







## فتوای جیهادی خومەینی دژ بە کورد لە ڕوانگەییێکی جیاوازەوە

کاوان موکری

٢٨ گەلاوێژی ساڵی ٥٩ هەتاوی، لە لایەن خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، فتوای جیهاد دژ بە نەتەوەی کورد دەرکرا. لە دوای ئەو فتوایە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو لاییێکەوە هێرشیان کردە سەر کوردستان و جنایاتێکی زۆریان دژ بە گەلی کورد لە مێژوودا تۆمار کرد. بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ئەو فتوا تاوان کارانە لەو نوسراوە و وتارەدا هەوڵ دەدەین ڕێکارەکانی بەرگری کردن لە دووپات بوونەوی ئەو جۆرە فتوا و بڕیارانە تاوتوێ بکەین، هەتا بتوانین لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پێش لە دووپات بوونەوەی مێژوو و شکستەکان بگرین.

ئەگەر پێداچوونەوەییێک بەسەر ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دا بکەین دەبینین کە لە حکوومەتی داهاتووی ئێراندا بە بۆنەی گۆشارە مەزهەبیەکانی کۆماری ئیسلامی، ئایین و مەزهەب جێگاییێکی نابێت بەلام هەر ئەو گۆشارانە بۆتە هۆی زۆرتر بوونی پان ئێرانیسم و ناسیونالیزمی ئێرانی لە نێو داواکارانی ڕووخانی رژیمی کۆماری ئیسلامی دا. ئایا بە نەبوونی مەزهەبیەکان لە نێو حکوومەتی داهاتووی ئێراندا، کورد و مافەکانی، لە بڕیارگەلی وەک فتوای جیهادی خومەینی پارێزراو دەبن ؟ بە بڕوای نووسەر نەخێر. بە بێ گۆمان فەرمان و بڕیاری ناسیونالیست و پان ئێرانیستەکان لە دوای ڕووخانی ڕژیم، دەتوانێ جێگەی مەترسییێکی زۆر بۆ بەدی هاتن و سەر کەوتنی مافەکانی کورد بێت.

بەڵام چۆن دەتوانین لەوکارەساتە خۆ بپارێزین ؟ بۆ خۆ پاراستن لە بڕیار و جەنگێکی دیکە لەگەڵ دوژمنانی مافی گەلی کورد پێش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەبێ خۆی بە چەند شێوازێک کە لە خوارێدا باسیان دەکەین ئامادە بکات:

١- زۆر کردنی کاری میدیایی بە زمانی فارسی و ئینگلیزی بۆ ناساندنی ڕاستیەکانی خەبات و داواکاری مافەکانی گەلی کورد بە گەلانی تر؛ بە داخەوە لە ٤١ ساڵی ڕابردوودا بە بۆنەی شەڕی میدیایی کۆماری ئیسلامی دژ بە حیزبەکان و گەلی کورد، گەلەکانی دیکەی ئێران بە تایبەت گەلی فارس، بیروو بڕواییێکی ناڕاستیان سەبارەت بە خەباتەکانی گەلی کورد هەیە، هەر ئەو بابەتە دەتوانێ ببێتە هۆی هان دانی خەڵکی ئێران بۆ ڕاوەستانەوە دژ بە داخوازیەکانی گەلی کورد لە داهاتووی ئێراندا. بە پەیوەندی گرتن لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران و جیهان دەکرێ تا ڕادەییێکی باش ئەو شەڕە میدیاییەی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بکرێتەوە.

٢- هاوکاری کردن و بەهێز کردنی لاینگرانی مافی گەلان و دیمۆکڕاسی خوازەکان بە تایبەت لاینگرانی فیدراڵیسم لە نێو ئۆپۆزیسیونی ئێراندا؛ بۆ بەڕێوە بردن و جێ بە جێ کردنی مافەکانی گەلی کورد بە بێ گومان، پێداویستیمان بە هاوپەیمانانی دیمۆکڕاسی خواز و بە هێز لە نێو دەسەڵاتدارانی داهاتووی حکوومەتی ئێراندا دەبێت کە بە پشتیوانی ئەوان بتوانین ڕێگە لە دژایەتی کردنی گەلی کورد لە لایەن حیزبە ناسیونالیستەکانەوە بگرین.

٣- کۆ بوونەوە و دانوسان لەگەڵ دەسەڵات دارانی نێو حکوومەتە بە هێزەکانی ڕۆژئاوا بۆ دۆزینەوەی هاوپەیمان و بیسەر بۆ داواکاریەکانی گەلی کورد؛ یەکێک لە هۆکارەکانی جینایەتی خومەینی لە کوردستان لە دوای فتوای جیهاد دژ بە کورد، نەبوونی هاوپەیمان لە نێو وڵاتانی ڕۆژاوادا بوو کە بوو بە هۆی تەنیا کەوتنی کورد لە دژایەتی دیکتاتۆڕی کۆماری ئیسلامی. بە بێ گومان پشتیوانی وڵاتانی گەورەی جیهان و بڵاو بوونەوەی دەنگی گەلی کورد لە لایەن ئەوان و میدیا جیهانیەکانەوە دەتوانێ ڕێگە لە دووپات بوونەوەی جینایەتەکان و تاوانەکان دژ بە کورد بگرێت.

٤- بە هێز کردنی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر جۆرە مەترسییێک لە کاتی سەرکەوتوو نەبوونی چارەسەرەکانی پێشوو؛ بۆ بەڕێوە بردنی ئەو خاڵە گرینگە بە بڕوای نووسەر هیچ کات حیزبەکان ناتوانن بە تەنیایی و بە بێ هاوکاری یەکتر ڕووبەڕووی دوژمن ڕابوەستن و هەر لە بەر ئەو بابەتە پێویستە پێش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە لە لایەن هەموو حیزبە کوردیەکانەوە بە لە چاو گرتنی چەند خاڵێک، ڕێک بخرێت:

* یەک دەست بوونی جل و بەرگی پێشمەرگە بۆ نەبوونی جیاوازی لە نێو پێشمەرگەدا.
* بەڕێوە بردنی سیاسەتەکانی هێزی پێشمەرگە لە لایەن کۆمیتەییێکی بەڕێوەبەری ساز کراو لە هەموو حیزبە سیاسیەکانی کورد.

ئەو بابەتە جگە لە زۆر کردنی هاوئاهەنگی لە نێوان حیزبەکانی کوردستان و سەرکەوتوویی زۆرتر لە شەڕوو پێکدادانەکاندا، دەبێتە هۆی زۆر بوونی بڕوای لاوەکان و گەلی کورد بە هێزی پێشمەرگە، وەک هێزێکی کوردستانی.

بە دڵنیایەوە و بە خۆشحالیەوە سەرۆکی حیزبە کوردستانیەکان زۆرینەی ئەو خاڵانەیان لە پێش چاوە وهەموو کات بۆ سەرکەوتنی زۆرتری گەلی کورد تێدەکۆشن، بەڵام هیوادارم بە بەدی هێنانی خاڵی چوارەم و زۆرتر کردنی هاوکاریەکان لە داهاتوودا ڕێگە لە دووپات بوونەوەی شکستەکانی مێژوو بگرن هەتا گەلی کورد بتوانن بە پاڵەپشتی هێزە جیاوازە سیاسیەکانیەوە بە ئاوات و ئامانجەکانی بگات.



## هەژاری و نەداریی هۆکاری سەرەکیی پەرەسەندنی تاوانە کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگای ئێران

فیرووز مامۆیی

ماوەیەک پێش ئێستا هاوڵاتیەک ٣ شەو لە گرتووخانەکانی ڕژیم ڕاگیرابوو و هەنووکە چاوەڕێی بەدواداچوونی درێژەی پرۆسەی دادوەریی لەم پەیوەندە دایە. ئەم هاوڵاتیە کرێکارێکی دانیشتووی باشووری تارانە و بەمزووانە منداڵدار بوونە و لە دانپێدانانەکانی خۆیدا دەڵێ: بۆ دابینکردنی یەک بەستە پووشاکی منداڵ ڕۆیشتمە سوپرمارکێتێک و لەبەر ئەوەی پارەم پێ نەبوو، موبایلەکەم بە ئەمانەت دانا تا پووشاک بکڕم، بەڵام کار کێشایە پۆلیس و تۆمەتی دزیی خرایە پاڵم. تۆمەتبار لە بەرگرینامەکەیدا کورتەیەک لە ژیانی خۆی باس کردووە و ئاماژەی داوە بە هەژاری و پێویستی و هەزینە زۆرەکانی ژیان و حەقدەستی کەمی کرێکاریی کردن کرووە کە هۆکاری سەرەکی پاڵ پێوە نانی ناوبراو بووە بۆ ئەم کردەوەیە. بە وتەی بەرپرسی پۆلیسی تاران، لە ماوەی ٣ مانگی ڕابردوو زیاتر لە ٥٠٪ی دەستگیر کراوەکان بۆ یەکم جارە کە تووشی تاوان دەبن و ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەیکە ئەم تاوانگەلە پەیوەندی بە دۆخی هەنووکەیی و ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە. دۆخێکی وەکوو هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر، دابەزینی بێ وێنەی بایەخی پارەی ئێران، زیاد کردنی هەوسار بچڕاوی نرخی شتومەک و دابەزینی ئاست و توانای کڕینی خەڵک کە تاوانی کۆمەڵایەتی دەخولقێنێت و هاوڵاتیان مەجبوور بە ئەنجامدانی وەها تاوانگەلێک دەکات. ئەمە تەنیا بەشێکی ڕەش و تاریکی دۆسیەیەکی دادوەرییە و مرۆڤێک تەنیا لەبەر دابینکردنی پۆشاکی منداڵەکەی و لەسەر ناچاری ڕووی کردووەتە ئەنجامدانی تاوان. تاوانبارەکە ماوەی ١٨ مانگە بووەتە باوک و دەڵێ: پێشتر لە پیشانگایەکی ئۆتۆمبیل کاری کردووە و لە کاتژمێر ٨ی بەیانی تا ٨ی شەو کاری کردووە و مانگانە تەنیا ٥٠٠ هەزار تمەن حەقدەستی وەرگرتووە و ئێستاش سەرقاڵی پوولیش کردنی ئۆتۆمبیلی خەڵکە و بۆ هەر ئۆتۆمبیلێک ٢٥٠ هەزار تمەن پارە وەردەگرێت و ئەمەش ناتوانێ بژیوی ژیانی بە تەواوەتی دابین بکات. نرخی بەستەیەک پۆشاک ٦٥ هەزار تمەن واتە نزیک بە ٣ دۆلارە و بۆ منداڵێکی ١٨ مانگە ٦ بەستە لە مانگدا پێویستە کە دەکاتە نزیک بە ٣٠٠ بۆ ٤٠٠ هەزار تمەن و ئەم بڕە پارەیە بۆ کرێکارێکی کرێنشین یەکجار زۆرە و بە ئاسانی ناتوانێت دابینی بکات. پەرە سەندنی تاوانی لەم چەشنە لەحاڵێکدایە کە، پارێزگاری تاران پێشتر ڕایگەیاندبوو کە هێڵی هەژاری لە پایتەختی ئێران ٤ میلیۆن و نیوە و ئەگەر کرێکارێک هەموو ڕۆژێک کار بکات و کارێکی باش و لەباریشی هەبێت، ژێر ٢ میلیۆن تمەن دەتوانێ بەدەست بهێنێت و تەنانەت لانیکەمی هێڵی هەژاریش ناتوانێ دابین بکات.

تورێسپێن سلین، کۆمەڵناسی ئەمریکایی لە کتێبی بەناوبانگی خۆی لە ژێر ناوی «ناتەبایی نێوان بایەخە یاساییەکان و تاوان» پێشبینی کردووە کە: «تەنانەت دادگاکان و دادوەرەکانیش دڵیان بۆ تاوانبارەکان دەسووتێت و لە دەرکردنی حوکم خۆ دەبوێرن». بۆ ئەم دۆسیەیەش دادوەر بە خاوەن دووکانەکەی وتووە کە من پارەی پۆشاکەکە دەدەم و تۆ ڕەزایەتی پێ بدە، بەڵام خاوەن دووکانەکە ئامادە نیە لێی خۆش ببێت و ئێستا پاش ٨٠ ساڵ تێپەڕبوون لە پێشبینیەکەی سلین، ئەم دۆخە لە ئێران هاتووەتە ئاراوە و خەڵکی ئەو وڵاتە بەم ژیانە نگبەتباری و پڕ لە ریسوایە گرفتار بوونە. تاواناسی، زانستێکە کە ڕێک لەم کاتەدا کە دەزگای دادوەریی تووشی بنبەست و شکست دەبێت، خۆی نیشان دەدات و نێوبژیوانی دەکات. تاواناسی بەڵام ئیتر بەدوای دیاریکردنی یاسا و ڕێسا و تاوانبار کردن و تۆمەتبار کردن و ناسینەوەی تاوان نیە، بەڵکوو دەست لەسەر ئەو جێگایە دادەنێت تا ریشە هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی تاوان بناسێتەوە. لە ئێران کە هەموو ڕۆژێک ڕاگەیاندنەکان باس لە بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە دادگا بۆ بەدواداچوونی گەندەڵیە ئابووریە مەزنەکان کە باس لە هەزاران میلیارد دەکات، لە کەرتی پێترۆشیمی تا ئۆتۆمبیل و پارە و هتد... دەکەن، کاتێک بۆشایی نێوان توانایی کڕین و ئاماری گەورەی ئابووریی هەموو ڕۆژێک بەرینتر دەبێتەوە، تاواناسی وەڵامێکی روونی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە: ئەوانەی کە بە دوای دۆزینەوەی تاوانن، پێش لە هەموو شتێک دەبێ ئاوڕ لە ئابووریی و دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بدەنەوە.



## هاوردەی نەوتی ئێران لە لایەن چین ٨٢٪ کەمی کردووە



ئامارێک کە گومرکی چین بڵاوی کردووەتەوە نیشانی دەدات هاوردەی نەوتی ئێران لە ٧ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا ٨٢ لەسەد کەمی کردووە و لە لایەکی دیکە هاوردەی نەوت لە ئەمریکا ٣١ لەسەد زیاد بووە. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە، ڕاگرتنی هاوردەی فەرمی نەوتی ئێران لە لایەن چین دوای ڕاگیرانی لە مانگی ژووئەنی ڕابردوودا، لە مانگی ژوئیەوە دەستی پێکردووەتەوە و گەیشتووەتە ڕۆژانە ١٢٠ هەزار بەرمیل. سەرەڕای ئەوە نێونجی هاوردەی نەوتی ئێران لە لایەن چین لە ٧ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ ڕۆژانە ٧٧ هەزار بەرمیل بووە. هاوردەی ڕۆژانەی نەوتی ئێران لە لایەن چین لە ٧ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ ٤٢٩ هەزات بەرمیل بووە. ئەو ژمارەیە ساڵێک پێش لە گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، ٦٩٣ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بووە.

هەڵبەت کارناسانی بازاڕی جیهانی نەوت لەو بڕوایەدا بە هۆی دەورلێدانەوەی گەمارۆکانی

ئەمریکا لە لایەن ئێران، پێشبینی دەکرێت ژمارەی ڕاستەقینەوەی هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی ئێران بۆ چین زیاتر لە ٧٧ هەزار بەرمیل بێت. ڕاپۆرتی ئاماری گومرگی چین هەروەها ئەوەش نیشان دەدات کە ئەو وڵاتە هاوردەی نەوتی خۆی لە وڵاتانی ڕووسیە، عێراق، عەرەبستان، مالێزی، عەممان و ئەمریکا زیاد کردووە. بە پێی ئەو ئامارە، هاوردەی نەوتی ئەمریکا لە لایەن چین لە مانگی ژووئیەدا ١٠٠ لەسەد زیادی کردووە و نێونجی ڕۆژانەی هەناردەی نەوتی ئەمریکا بۆ چین لە ٧ مانگی سەرەتای ئەمساڵدا ٣١ لەسەد بەرز بووەتەوە.

## ئەمریکا: لابردنی گەمارۆی چەکۆچۆڵ لە سەر ئێران دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و شەڕ و ئاژاوە لە ناوچەکەدا



سیستەمی ئیداری دەوڵەتی ئەمریکا کە دۆناڵد ترامپ سەرۆکایەتی دەکات، لە سەر ئەو قەناعەتەیە کە، لابردنی گەمارۆی چەکۆچۆڵ لە سەر ئێران دەبێتە هۆی پڕ چەک بوونی ملیشیا تێرۆریستییەکان لە ناوچەکەدا. لابردنی گەمارۆی چەکۆچۆڵ لە سەر ئێران هۆکاری بنەڕەتی ڕەوانە کردنی بە لێشاوی کەلوپەلی نیزامی پێشکەوتووی وڵاتانی ڕوسیە و چین بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی ئێرانە، بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی ئەمریکایی "واشینگتۆن فیری بیکەن" بەرپرسانی دەوڵەتی ترامپ، ئاگادارکردنەوە یەک لەدوای یەکەکانی خۆیان بە کۆمەلگای نێۆنەتەوەیی، لە هەمبەر بەربەرەکانێی ولاتانی رووسیە و چین بۆ فرۆشتنی چەکۆچۆل بە ئێران و دەسپێکردنی شەڕیکی بەربڵاوی ناوچەیی ڕاگەیاندووە. بەرپرسانی باڵای ئەمریکایی لە ڕۆژنامەی "واشینگتۆنفیری بێکەن" ڕایانگەیاندووە کە ولاتانی ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییەکان دژاییەتی خۆیانیان لە لابردنی گەمارۆکانی سەر ئێران ڕاگەیاندووە. ڕووسیە و چین بە لابردنی گەمارۆکانی سەر ئێران، ئامادەن کە هاوپەیمانییە نیزامییەکانیان لە گەڵ ئێران چڕتر بکەن و ئەنبارەکانی چەکۆچۆڵی ئێران پڕ بکەن لە چەکۆچۆلی پێشکەوتوو، کە بدرێ بە هێزە میلیشیا تێروریستە کانی سەر بە ڕیژیمی ئێران وەکوو حیزبۆڵای لوبنان و گرووپە تێرۆریستییەکانی دیکە بە مەبەستی کاری تێکدەرانە لە ناوچەکەدا.

# ترۆتێسکی و بیرۆکەی شۆڕش

دواڕۆژ

سەرەتا «لئون ترۆتێسکی» لە قوتابخانەی مامناوەند لەگەڵ بیرۆکەی شۆڕش و ڕاپەڕین ئاشنا بوو و هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە ناوبراو تا دوا هەناسەکانی ژیانی شۆڕش لە ئامێز بگرێت و تروتێسکی توانی کاریگەری زۆر لەسەر شۆڕشی چینی کرێکار تا ئەمڕۆ دابنێت.

«لئو داویدوویچ برانشتین» لە حەوتی نوامبری ساڵی ١٧٩٨ی زایینی لە بنەماڵەیەکی یەهودی دەوڵەمەند چاوی بە ژیان پشکوت. باوکی یەکێک بوو لە فئودالەکانی ئوکراین. ئەو بابەتەی کە ترۆتێسکی تا دوا تەمەنی هەمیشە خۆی لێ دەدزیەوە و تەنانەت دوای مردنی باوکی ئامادە نەبوو بەشە ماڵی خۆی وەربگرێت. ئەم پرسە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بوو لەگەڵ بیرو ئەندیشەی. ترۆتێسکی دوای لێنین مێشک و تیۆرسیەنی وڵاتی روسیە و حیزبی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە بوو و هەروەها هاوڕێی نزیکی لێنین بوو کە لە سەرکەوتنی شۆڕشی روسیەشدا نەخشێکی گرنگ و بەرچاوی هەبوو.

لە سەردەمی لاویەتیدا ترۆتێکسی بزوتنەوەی کرێکاریی دادەمەزرێنێت کە هەزاران کرێکار ئەندامی ئەو ڕێکخراوە بوون. لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بە تۆمەتی ئاژاوە دەسبەسەر دەکرێ و دوای ئەوە بۆ سیبری دوور دەخرێتەوە. بەڵام ترۆتێسکی توانی لەو زیندانەی بۆی دانرا بوو ڕابکات « ترۆتێسکی» توانی هەلی دورخستنەوە بقوزێتەوە و سیبری بکات بە فێرگە و شوێنی پەروەردە بۆ خۆی. هەر لەو سەردەمەدا بە ناوی خوازراو دەستی کرد بە نووسین. لەوە بە دواوە ترۆتێسکی دەست دەکات بە بیرۆکە دەربرین و نووسین و قەلەمێک کە تا دوا تەمەنی داینەنا، لەو ماوەیەدا تێکۆشا لەگەڵ حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی روسیە کە لە ژێر چاودێری «لێنین» و «پۆلخانۆف» بوو پەیوەندی بگرێت. «ترۆتێسکی» لە سیبری ڕادەکات و بە ناوی خوازراوەوە کە ناوی زیندانبانەکەی جەعل دەکات دەتوانێت بە ئاسانی لە سیبری ڕابکات، لەوە بە دواوە «ترۆتێسکی» دەردەکەوێت و کەسایەتی شکل دەگرێت.

لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە «لێنین»، «ترۆتێسکی» دەدوزێتەوە. یەکەم چاوپێکەوتنیان لە ماڵ هاوڕێیەک لە لەندەن ڕوو دەدات و دوای ئەوە بوو کە لە روسیە ڕایکرد. دوای یەکەم چاوپێکەوتن «لئون ترۆتێسکی» نوسینەکانی «لێنین»ی خوێندەوە و زۆر زوو بوو بە لایەنگر وهۆگری نووسینەکانی، بە تایبەتی دەبێ چی بکەینی «لێنین». هەر لەو چاوپێکەوتنە «لێنین» بە جوانی هەستی کرد کە کەسی خۆی دۆزیوەتەوە و تا پێش لە دەستپێکی شۆڕش، «ترۆتێسکی» و «لێنین» بە دەیان جار سەبارەت بە پرسگەلی ئایدۆلوژی و تاکتیکگەلی شۆڕش قسە و دیالۆگیان دەکرد. زۆر جار تۆمەتیان لە یەک دەدا و تەنانەت کار دەگەیشتە ئاستێ قسەی نەشیاو بە یەک بڵێن و شەڕە دەنووک بکەن. بەڵام کاتێ کار دەگەیشتە سەر کاری کردەوەیی «لێنین» کەسی بە باشتر لە «ترۆتێسکی» نەدەبینی و نەدەناسی.

«ترۆتێسکی» لە دووهەمین کۆنگرەی حیزبی کرێکارانی سوسیالی دێمۆکراتی روسیە، پشتیوانی لە ڕکابەرەکەی «لێنین» کرد. بەڵام «لێنین سەبارەت بە ترۆتێسکی دەڵێت: یەکێتی لەگەڵ «منشویکەکان» هەڵەیە و ناکرێت. «ترۆتێسکی بە باشی دۆخەکەی ناسی و لەوە بەدواوە دەیوت هیچ «بلشویک»یەک لەو باشتر نییە.

لە ڕۆژەکانی ڕاپەڕین و شۆڕشدا لە حاڵێکدا «لێنین» خۆی شاردبووەوە، نامە دەنوسێت و بە شێوەیەک پشتیوانی لە «ترۆتێسکی» دەکات. «لێنین» سەبارەت بە «ترۆتێسکی» دەڵێت: من وەها باوەڕم بە درووستی و زەرورەتی فەرمانەکەی «ترۆتێسکی» هەیە کە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لێدەکەم. «و. اولیانوف لنین».

لە ساڵی ١٩٠٥ی زایینی دوای خۆپیشاندانی خەڵک و سەرکوتی لەلایەن دار و دەستەکەی تێزارەوە، «ترۆتێسکی» لە حەشارگەکەی خۆی دیتە دەرەوە و ڕێبەری شۆڕشی بە دەستەوە گرت.

ئەو یەکەمین سکرتێری شورای کرێکاران بوو. «ترۆتێسکی» بە هۆی ئەوەی لە کاتی قسە کردندا زۆر لەسەر خۆ و بە جورئەتەوە قسەی دەکرد، ببوو بە کاریزمایەک لە ناو چینی کرێکارانداو تەنانەت چینی مامناوەندی شاری و وردە بورژواکانیشی لەگەڵ خۆی خستبوو و بە واتەیەکی دیکە ببوو بە دەنگی شۆڕش.

لەو سەردەمە «ترۆتێسکی» بە پێچەوانەی مارکسیستەکان کە لەسەر ئەو باوەڕە بوون، دەبێت شۆڕشی بورژوازی لە روسیە ڕوو بدات تا دوای ئەوە کرێکاران دەسەڵات بە دەستەوە بگرن، یەکێتی تێزار و فئودالەکانی لەگەڵ ئەمپریالیزم لە یەک بەرەدا دەبینی و تەنها ڕێگای دەرچوون لەو دۆخە ئەوە بوو کە شۆڕشی کرێکاران ڕوو بدات. لە شۆڕشی سالی ١٩٠٥ی زایینی کە «ترۆتێسکی» نەخشێکی گرنگی تێیدا هەبوو، بەو ئاکامە گەیشت کە ناتوانێ پشت بە شۆڕشی بورژوازی ببەستێت. بەو پێوەرە کە تەنها چینی کرێکارە دەبێ هەم ئەرکەکانی بورژوازی نەتەوەیی وەئەستۆ بگرێت و هەم ئەرکەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی. بەو شێوە شۆڕش پەرە دەستێنێت و تەنها بە وڵاتێک نابەسترێتەوە و یەکێک لە گرینگترین کێشەکانی لەگەڵ « ستالین» سەبارەت بەم پرسە بوو. «ستالین» لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سۆسیالیزم تەنها لە وڵاتێکی تایبەت دەبێ بوونی ببێت.

«ترۆتێسکی» ناوی ئەم تئوریەی خۆی نا «شۆڕشی هەمیشەیی». ناوبراو ئەم تێئوریەی لە ساڵی ١٩٠٥ی زایینی تا ١٩٢٩ی زایینی لە چوارچێوەی کتێبێکدا تەواو کرد. هەر بەپێی ئەو کتێبە و بیرۆکەکانی «ترۆتێسکی» بوو کە لێنین توانی شۆڕشی «فێوریەی ١٩١٧»ی زایینی بکات بە شۆڕشێکی گەورە.

«ستالین» بە هەموو شێوە دژایەتی ترۆتێسکی دەکرد و بە پێچەوانەی ڕای «ستالین» «ترۆتێسکیسم» لە ناو وڵاتانی ڕۆژئاوا پێشوازی زۆری لێکرا. ئەم بزوتنەوەو حیزبانە تا ئێستاش بوونیان هەیە بەڵام هەرگیز نەیانتوانی شۆڕشێک ڕێبەری و ڕێک بخەن.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبر و تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی، شەڕی ناوخۆیی لە روسیە دەستی پێکرد. لە حاڵێکدا هێزە نەیارەکان پشتیوانی دەوڵەتە دەرەکیەکانیشیان لەگەڵ بوو، «ترۆتێسکی» توانی ئەو هێزانەی لە شەڕ گەڕابوەنەوە بە کاریان بگرێت و بە باشترین شێوە کەڵکیان لێ وەرگرێت.

ئەمجارە وەک بونیاتنەری «ئەرتەشی سوور» هاتە ناو گەمەی شۆڕشەوە. ئەرتەشێک کە دوای چەند دەیە توانی ببێت بە یەکێک لە گەورەترین هێزەکانی جیهان. بەڵام ئەوەی گرنگە دوای نەمانی «لێنین» ترۆتێسکی جێگە و پێگەی خۆی لە حیزبدا لە دەستدا و ئەوە یەکێک لە گرینگترین شتەکانی ژیانی «ترۆتێسکی» بە ئەژمار دێت.

کاتێ «ستالین» لە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی بوو بە سکرتێری حیزبی کۆمۆنیست زۆربەی خەڵک وایان دەزانی کە «ترۆتێسکی» دەبێت بە جێگرەوەی «لێنین» بەڵام سیاسەت بە شێوەیەکی دیکە دەستی پێکرد. هەر چەند «ترۆتێسکی» لە ناو حیزبدا دەسەڵات و کاریگەری زیاتری لە «ستالین» هەبوو، بەڵام «ستالین» وەها کارتەکانی خۆی ڕوو کرد و کایەی پێکرد کە «ترۆتێسکی» نەیتوانی لە ناو ئەم گەمەدا سەر دەربێنێت. زۆربەی کادیرە کۆنەکانی حیزب و ئەندامانی کاریگەر، یا بە هەڕەشە و یا بە خەڵات و جێگەی باشتر و وەتەماح خستنیان توانی دەسەڵات بگرێتە دەست. لە حاڵێکدا دەوترێت «لێنین» لە نامەیەکدا پێش لە مردنی، هوشداری دابوو سەبارەت بە کێشە و گرفتەکانی «ترۆتێسکی» و « ستالین» و هەروەها وتبووی کە «ستالین بۆ سکرتێری حیزب کەسێکی شیاو نیە. ئەمە لە حاڵێکدابوو کە «ترۆتێسکی» توانایەکانی خۆی وەک ڕێبەر پێشتر بە تایبەتی لە ڕێکخستنی ئەرتەش نیشان دابوو لە سەحنەی شۆڕشی روسیە وەلانرا و لە ئاکامدا ناچار کرا وڵات بە جێ بێڵێت. ترۆتێسکی لە یەکێک لە وتارەکانیدا «ستالین» وەک گۆڕهەڵکەنی شۆڕشی رووسیە ناو دەبات و پێناسە و شرۆڤەی دەکات.

یەکەمین شوێنی ترۆتێسکی دوای بە جێهێشتنی رووسیە، وڵاتی تورکیە بوو. ترۆتێسکی لە دوورگە و دورخستنەوەیدا، کردەوەکانی «ستالین» حیزبی سوسیال دێمۆکراتی ئوروپایی و ئەگەر و ئاکامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیی خستە بەر توێژینەوە و لە ئاکامدا بەوە گەیشت کە دەبێ «ئەنترناسیۆنالیزمی» چوارەم ڕێک بخات.

ئەنترناسیونالیسم لە ڕاستییدا مانایەکە کە لەلایەن مارکسیستەکان بە کار دەبردرێت. لە واقیعدا مارکسیستەکانی هەموو جیهان بۆ گرتنی بڕیاری یەکگرتوو بۆ پێشەوە چوونی دۆخی کرێکارانی جیهان کۆ دەبنەوە. ئەم کۆبوونەوە لە دروشمی ناسراوی «مانیفستی کارل مارکسەوە» کە دەڵێت: کرێکارانی جیهان یەکگرن سەرچاوە دەگرێت.

لە ساڵی ١٩٥٣ی زایینی «ترۆتێسکی» لە دژایەتی لەگەڵ «ستالین» لە کتێبێکدا بە ناوی « خیانەت کرا بە شۆڕش»، ناوەرۆکی سیاسەتی ستالین دەخاتە بەر ڕخنەو لێکولینەوە. ئەو لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە دەسەڵاتی زاڵ بە سەر وڵاتی شەورەویدا، تەنها بەرژەوەندی خۆی لە بەرچاوەو بەرژەوەندی کرێکاران بە هێند وەرناگرێت. ناوبراو پێشبینی کرد کە ئەو جۆرە سیستەمە شکست دەخوات و دەبێ بۆ شۆڕشێکی نوێ خۆمان ئامادە بکەین. «ترۆتێسکی» لە ساڵی ١٩٣٨ی زایینی لە دەوروبەری پاریس ئەنترناسیۆنالیزمی چوارەمی گرتوو دەستپێکردنەوەی شۆڕشی بە ئەرکی خۆی دەزانی.

«ترۆتێسکی» لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا چەندین کتێب و گۆڤاری سەبارەت بە دژی خائینانی شۆڕش نووسی. ناوبراو خوازیاری دووبارەبوونەوەی سیستەمی شورایی و دێمۆکراسی و چەند حیزبی بوو. دورخستنەوەو ڕوانین لە دەرەوە ئەو هەڵەی بۆ «ترۆتێسکی» ڕەخساند تا بتوانێت ئاکامی کار و کردەوەی خۆی ببینێت.



بە هەر حاڵ ترسی «ستالین» لە «ترۆتێسکی» تا ڕادەیەک بوو کە نەیدەتوانی بوونی ئەو لە دەرەوەی رووسیەش قبووڵ بکات. «ترۆتێسکی» تا دوا ساڵەکانی ژیانی هەروا کاریزما و بە دەسەڵات مایەوە کە بتوانێت کودتایەک بە دژی «ستالین» ڕێبەری بکات.

لە وڵاتی مکزیک لە حاڵێکدا وا دەهاتە بەرچاو کە «ترۆتێسکی» لە ئەمنیەتی تەواودایە، هێزە سیخوڕیەکانی کا گێ بێ لە ئاکامدا توانیان تیرۆری کەن.

لە ڕۆژی ٢٠ی ئووتی ساڵی ١٩٤٠ زایینی کەسێک کە خۆی بە پشتیوان و دۆستی «ترۆتێسکی» ناساندبوو، توانی لە ڕێگەی مونشیەکەیەوە لێی نزیک بێتەوە، ئەم کەسە داوای لە «ترۆتێسکی» کرد کە چاو لە کتێبەکەی پێش لە چاپدان بکات. بە هۆی ڕوالەتی ئەو کەسە حەمایەکانی گیانی ئەو کەسە نەگەران. دەوترێت لە حاڵیکدا کە «ترۆتێسکی» سەرقاڵی خوێندنەوە بوو «رامون مرکادر دل ریو» بە ناوی خوازیاری « جەکسون» بە چەقۆ لە پشتەوە لێیدەدات. بە هاواری «ترۆتێسکی»، هەموان ڕادەکەنە ناو هۆدەکە. بە پێی کۆمەڵێک گێرانەوە دوای ئەو کارەساتە، «رامون مرکادر» ویستی تا بە چەقۆ خۆی بکوژیت، بەڵام حەمایەکانی «ترۆتێسکی» ڕێگەیان پێنەدا.

لە ڕۆژی ئەسپەردە کردنی تەرمی «ترۆتێسکی نزیک بە ٣٠٠ هەزار کەس لە لایەنگرانی ئەو ئامادە بوون.

ئەگەر چی «ستالین» هەر جۆرە پێوەندیەکی خۆی لە پێوەند لەگەڵ تیرۆری «ترۆتێسکی» ڕەتکردەوە، بەڵام هەموو بەڵگەکان وا نیشان دەدەن کە ناوبراو بە بڕیاری «ستالین» تیرۆرکراوە و بکوژی «ترۆتێسکی» کەسێک بوو خەڵکی ئیسپانیا کە دواتر بە ٢٠ ساڵ زیندان حوکم درا.

# جیاوازیی شۆڕشی فەرانسە و ئەمریکا لە ڕوانگەی «هانا ئارنت و مارکسەوە»

نووسەر: عەلی تەقی پوور
و: محەمەد حەکیمی

کتێبی شۆڕش، خوێندنەوەیەکی هاوشێوەیە بۆ دوو شۆڕشی مەزن، «انقلاب بزرگ»، واتە شۆڕشی ئەمریکاو شۆڕشی فەرانسە، دوو ڕووداوی سیاسی کە ڕاستەوخۆ و بە ناچاریی ئێمەی ڕووبەڕووی پرسی «سەرەتا» و «کردەوە» دەکاتەوە و «هانا ئارنت» لەم باسەدا تێدەکۆشێت بەرگری بکات لە تێزی دێمۆکراسی شورایی. تا ئەو جێگەی دەگەڕێتەوە سەر پرسی دوو شۆڕش هەموو شتێک ڕوون و بەرچاوە و هەستی پێدەکرێت، بەڵام کاتێک پلانی دێمۆکراسی شورایی دێتە ئاراوە «ئارنت» دەیەوێت ئالترناتیڤێک بۆ «لیبرال دێمۆکراسی» ئێستا بدوزێتەوە یان بە وتەی ناوبراو باسێک لە»ئۆلیگارشی لیبرال دێمۆکراسی» بکات، خوێنەر دەبێت پێشتر کتێبی «دۆخی مرۆڤ»ی ئارنتی deliberative democracy ی خوێندبێتەوە تا لەگەڵ سوننەتی فەلسەفەی « ئارنت» و ناوەرۆکی « پرسی سیاسی»،»کردەوە» و «سەرەتا» تا ڕادەیەک بەرچاو ڕوونی هەبێت، هەر بەو بۆنەوە لە بابەتێکی جیادا باسێک دەکەین لە پرسی دێمۆکراسی شورایی «ئارنت». لەم نووسینەدا تەنها تێدەکوشین سەبارەت بە پرسی هەژاری لە شۆڕشی فەرانسەدا قسە بکەین چونکە چەندین خاڵی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئەمڕۆی ئێرانی تێدایە و ...

پرسی هەژاری

«ئارنت « شۆڕشی ئەمریکا بە شۆڕشێکی سەرکەوتوو پێناسە دەکات و دەزانێت، چونکە پرسی سەرەکی «سیاسی» و «ئازادی « Freedom بوو، بەڵام شۆڕشی فەرانسە بە شۆڕشێکی شکەستخواردوو دەزانێت، چونکە پرسی سەرەکی شۆڕشی فەرانسە،» پرسی کۆمەڵایەتی» و «ڕزگاری Libratio» بوو. لە ڕوانگەی «ئارنت»ەوە ڕزگاری و ئازادی یەکێک نین و هەر چەن ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ڕزگاری مەرجی ئازادی بێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئازادی لە خۆوە بەدی نایەت و ئامانجی ڕزگاری و بەرابەری بە ویست و خوازیاری ئازادیی نییە.

مرۆڤ لە چوارچێوەی گشتی»non visibility «، « ئارنت» بە قەرز گرتنی ڕستەیەک لە «جان ئادامز» سەبارەت بە شرۆڤەکردنی پیاوی هەژار، هەژاری بە جۆرێک لە بزربوون دەزانێت و دەڵێت: ویژدانی مرۆڤی هەژار ئاسوودەیە، بەڵام خۆی شەرمەزارەو هەست دەکات کە لە بەرچاو دوورە و دەبێت لە ناو تەم و مژدا بمێنیتەوە و ژیان بەسەر ببات. «ئارنت» هەژاری بە حاڵەتی پێویستی هەمیشەیی و چەرمەسەری گەورە ناو دەبات و دەزانێت «هەژاری مرۆڤ لە ناو دەبات، چونکە لەشی مرۆڤ زاڵ دەکات بە سەر خۆیەوە و هەر ئەو جۆرەی کە هەر کەس دەتوانێت بە ئەزموونی خۆی و بە بێ پێویستی بە هیچ جۆرە بیرو ئەندیشە و ڕامانێک بزانێت. مرۆڤ دەکێشێتە ژێر قامچی بێ بنەمای پێویستی.» ئەم بزربوونانەی مرۆڤی هەژار وەک ئەو ڕووداوە بوو کە ئێمە لە «خەزەڵوەری» ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویی لە ئێران بینیمان؛ لە پڕ لەگەڵ مرۆڤگەڵێک ڕووبەڕو و بووینەوە کە پێشتر زۆر کەمتر باسیان لێوە کرابوو یان هەلی دەرکەوتنو بەرچاوبوونیان پەیدا کردو بە واتەیەکی دیکە پگەی خۆیان دۆزیبوویەوە. ئەمانە لە ژێر باری پێداویستی هەمیشەیی ڕۆژگاریان تێدەپەراند و هەر ڕۆژیش ژمارەیان زۆرو زۆرتر دەبێت «چارەڕەشانێک» لە کۆمەڵگایەکدا کە هەژاری بەربڵاو هەموو تان و پۆکانی ژیانیانی تەنیوەتەوە و تەنها بە ڕواڵەتی «چارەڕەشی» خۆی دەنوێنێ، چونکە بە وتەی ئارنت « مرۆڤە تووڕەکان دەبن بە چارەڕەشان» و لەو کۆمەڵگایەدا تووڕەیی دەتوانێت ببێت بە بزوێنەرو ڕێبکەوێت و بزاوتێک دروست بکات.

لە ڕوانگەی «ئارنت»ەوە هەموو مرۆڤەکان چ هەژار و دەوڵەمەند، پێویستمان بە چوارچێوەی گشتی یان کۆمەڵگا هەیە کە لەودا بتوانین لەگەڵ « کردەوە action « و « قسەو کەسێتی» خۆمان جیا لە « نهلیسم یا چیستی» ئاشکرا بکەین یان لە ڕوانگەیەکی دیکەوە تا بتوانین خۆمان شرۆڤە بکەین و بە کەسێکی دیکەی بناسێنین. «چیستی یا نهلیسم» هەموو ئێمە و ئەو کارانەیە کە دەیکەین و بە گشتی ئاکارو کردەوەمان وەک یەکە. گروپێک کرێکار، گروپێک خوێندکار، دوکتور و ئەندازیارن بەڵام ئەم نازناوانە و ئەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدەین «کەسێتی» ئێمە ئاشکرا ناکەن و نایخەنە بەرچاو. «کەسێتی» پێش لە هەر شتێک بە قسەکردن ئاشکرا دەبێت و لە قسە کردندایە کە ئێمە لە خەڵکانی دیکە جیا دەکاتەوە.

بەڵام کاتێ مرۆڤ سەرقاڵی «هەوڵ و ماندوو بوون labor»ە ( هەوڵ و ماندو بوون، واتە ئەو کارانەی ئێمە لەگەڵ ڕەوتی ژیانماندا ئەنجامی دەدەین کە لە ڕوانگەیەکەوە «پەسا مرۆڤییە» چونکە بوونەوەرەکانیش بەشێکی زۆر لەو هەڵسووکەوتانە ئەنجام دەدەن و جۆرێک لە دووپاتبوونەوەی ڕۆژانەی تێدایە) تاکەکەسی ئێمە بە گرێخواردن لەگەڵ زنجیرەیەک لە پێویستی سروشتی و بەربەست سەپێندراوە، لە بیر دەکرێت و ئێمە تەنها دەتوانین یەکسانی خۆمان نیشان بدەین. ئەوەی کە وەک هەموو مرۆڤەکان نان دەخوێن و بۆ مانەوە پێداویستیەکانی خۆمان دابین دەکەین. هەژارەکان کەسانێکن کە زۆرتر لە هەر کەسێکی دیکە سەرقاڵی ئەم پرۆسەن و کەسایەتییان کەمتر لە هەر کەسێکی دیکە ئەگەری دەرکەوتنی هەیە و لەم ڕوانگەوە هەمیشە جۆریک لە کەم و کورتی لە خۆیاندا دەبینن، چونکە ئەگەر خۆدەرخستنیان لە کۆمەڵگادا نییەو بە ناچاری لە شۆڕش و ڕاپەرینەکاندا تێدەکۆشن بە تورەیی لە ڕادەبەدەری خۆیان لە هەمو شتێک بە شێوەیەکی ناسیاسی دەخەنە بەرچاو و هەر ئەو جۆرەی کە لە ڕاپەرینی «خەزەڵوەری» ٩٨ی هەتاویدا بینیمان.

بەڵام لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا هەر چەن کۆیلەداریی باو بوو و کۆیلەکان زۆر چارە ڕەشتر لە هەژارەکان بوون، بەڵام ئێمە لەگەڵ کێشەی هەژاریی ڕووبەڕوو نین، شۆڕشڤانەکان بە دوای ڕزگاری مرۆڤەکان لەم دەست و بەندە نەبوون و ئازادی پرس و کێشەی سەرەکییان بوو نە ڕزگاری. بەڵام یەکێک لە خاڵە نێگەتیڤەکانی شۆڕشی ئەمریکا ئەوە بوو کە کۆتاییان بە کۆیلایەتی نەهێنا و هەروا مایەوە، بەڵام لە شۆڕشی فەرانسە ئەو پرس و کێشانە جێبەجێ کران، چونکە ئەو شۆڕشە دەیویست ئەم ونبووانە appearance ئاشکرا بکات.

بەڵام لە ڕوانگەی ‹ئارنت›ەوە هەڵەی شۆڕشڤانانی فەرانسە چی بوو؟

‹ئارنت› دەڵێت: بزوێنەری شۆڕشی فەرانسە لە چارەڕەشی خەڵک و هەروەها سەیرکردنی بەبەزەیانەی ئەم چارەڕەشیە سەرچاوەی دەگرت. بێ یاسایی لەو بڕیارەی کە «هەموو شت «ڕەوایە» لە دڵێکەوە هەڵدەقوڵا کە بە هەستی نابەرابەر و یارمەتیدەر و بزوێنەری توندوتیژیی بوو.

هەژاری و بێدەرەتانی ببووە هۆی «بەزەیی» بۆ شۆڕشڤانانی فەرانسە و ئەوەش سەرچاوەی خێر و بەرەکەت بوو بۆ ئەوان. « ڕوبسپیر» لە سەرەتای هاتنە سەر کاریی خۆی بەزەیی کردە بنەمای دەسەڵات و حوکمڕانیی خۆی، دادپەروەری لە ناو بردو یاسای بە گەمە گرت» ئەو دەسەڵاتەی دا بە





شۆڕشڤانان تا لە خودی بێبەزەییش بێ بەزەیی تر بن، بەزەیتان هەبێت و بە هۆی ئەوین بە مرۆڤ دژە مرۆڤ بن.

ئارنت دەڵێت: هەلوێستی پیاوانی شۆڕشی فەرانسە بوو بەوەی کە خەڵک نە وەک شارۆمەند، بەڵکوو وەک گروپێکی چارەڕەش ڕزگار بکەن، چونکە بە جێگەی ئازادکردنی خەڵک، پرسی سەرەکی ڕزگارکردنی گروپی چارەڕەشان بوو، بە واتایەکی دیکە پرسی ئازادی، خۆبەدەستەوەدانی ڕزگاری بوو بە پێویستیە سروشتیەکان.

بەلام ئەمە تەنها هۆی شکستی ئەوان نەبوو. شۆڕشی فەرانسە دەیویست دەسەڵاتێکی ڕەها بکاتە جێگرەوەی دەسەڵاتی ئایینی، دەسەڵاتی ئایینی لە هەموو شوێن هەیە و هەر بۆیە ئەوان کەوتنە شوێن دەسەڵاتێکی ڕەها تا ئەو بکەنە دەسەڵاتی سەرەکی شۆڕش، ئەوان بە پێی وتەکانی «ڕوسو» ویستی گشتی» خەڵکیان لە جێگەی خوا دانا و یاسا بۆ ئەوان بوو بە گەیشتن بە ئاواتەکانی «ویستی گشتی.

بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە ئەم پرسە چون بە دەست دێت؟ وتەبێژی ئەو کییە؟ لە بارودۆخی شۆڕشدا کە مرۆڤەکان هەستیان دەبزوێت و بریارگەلی بێ دیالۆگ و باسکردن، تەنها بە پێی ویستی ڕێبەرانی شۆڕش لە ویستی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت، چون ویستی گشتی دەناسرێت، کاتێ خەڵک لە چوارچێوە گشتیدا خۆیان ئاشکرا ناکەن و هەروەها سەرقاڵی هەژارییین و بیر و ڕای خۆیان نەخستوەتە بەر دیالۆگ و وتوویژ، بیروڕای شەخسی و تایبەتی مرۆڤەکان ناتوانێت بەرچاوڕوونییەک بە دەستەوە بدات.

لە ڕوانگەی «ئارنت»ەوە هەر کە جەماوەر پێکەوە کۆبوونەوە و یەک دروشمیان وتەوە بە مانای ئاشکراکردنی یەکتر نییە بەڵکوو دەبێ بتوانن لەگەڵ یەک وتوویژ و دیالۆگ ئەنجام بدەن و ڕای یەکتر بزانن، بەداخەوە لە ڕۆژانی سەرەتایی شۆڕشدا، «ڕوبسپیر» خۆی وەک نوێنەری ویستی گشتی خەڵک ناساند و لە زمانی خەڵکەوە دواو وتی: « ئێمە دوژمنانی خەلکمان لە ناو برد» بەڵام ناساندنی ئەوەی کە دوژمنانی خەڵک کێن، خودی «ڕوبسپیر» باسی لێوەکردن و ئەوەش وەک «ژاکوبن»ەکان بۆ دەست بەسەراگرتنی دەسەڵات بوە هۆی ئەوەی کە بە ناوی جەماوەرەوە دەست بە قەڵاچۆکردنی بەربڵاوی نەیارانی بکات و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە شۆڕش باشترین کەسەکانی خۆی خوارد و لە بەینی بردن.

ئەمە کێشەی زۆربەی شۆڕشەکانە، کە لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشدا، تاقمێک سوار پاپۆری شۆڕش دەبن و ویست و دەسەڵاتی خۆیان بە ناوی جەماوەرەوە دەسەپێنن بە سەر جەماوەرداو بەداخەوە گروپێک لە خەڵکیش پشتیوانیان لێدەکەن، چونکە هەلێک بۆ دەرخستنی خۆ و بارودۆخێک کە بە دیالۆگ و وتوویژ لەگەڵ خەڵک بیرو بۆچوونەکانیان چاک و پتە و بکەن، تا بتوانن پەرە بە ڕوانگەی خۆیان بدەن، تا ڕوانگەی خەڵکی دیکەش ببینرێت، کەمتر دەبیندرێت.

ئارنت دەڵێت: لە شۆڕشی فەرانسە، گەیاندنی جێگەی خەڵک بە پێگەیی خودایی، تاڵی ڕوانگە و جێگرەوەی ئەو بابەتە بوو کە ویستیان دەسەڵات و یاسا لە یەک سەرچاوە وەربگرن، کارێکی هەڵە کە شۆڕشڤانان ولایەنە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامیان نەدا و جیاوازییان دانا لە نێوان «سەرچاوەی دەسەڵات» کە لە خوارەوە و لە نێو جەماوەردایە و « سەرچاوەی یاسا» کە لە سەرەوە و لە ئاڵقەی باڵادایە و دەبێ لەلایەن «سنا» و ڕوناکبیران دیالۆگی لەسەر بکرێت و بریار بدرێت.

ئارنت هەر چەن شۆڕشی ئەمریکا بە شۆڕشێکی سەرکەوتوو وێنا دەکات، بەڵام لەسەر ئەو باوەڕەشە کە هیچ شتێک لە ڕۆلی شۆڕشی ئەمریکا نەماوەتەوە و ئەمڕۆکە کەمتر کەسێک هەیە یادێک لە شۆڕشی ئەمریکا بکات، چونکە ڕوحی شۆڕش، سەرنج بە دەسپێڕاگەیشتنی سیاسی — مرۆڤ لە دەرکەوتن و قسەکردنی بابەتێکە کە لە دێمۆکراسی نوێنەرایەتی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لاواز بووە و سیاسەت بە شێوەی پرۆفشنال بۆ گرۆپێکی کەم لە نوخبەکانی ئەمریکا دەرهاتوە و وڵاتی ئەمریکایش دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە سیاسەتی دەرەوە بووە بە دەسەڵاتیکی دژە شۆڕش. «ئارنت» بە خستنە بەرباسی دژایەتی نێوان interests و بیرۆکەی opiniond، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نوێنەران تەنها بەرگری لە بەرژەوەندییەکان دەکەن نەک بیروڕا، و ئەم لاوازیەش تەنها لە دێمۆکراسی شورااییدا دەتوانێت نەمێنێت و ڕخنەی «ئارنت» بە جیهانێکی مودێرنی ئەمڕۆ لەو ڕووەوەو کە باسێکی چڕوپڕە.

# پێویستیی خەباتی فرە ڕەهەندی:

## چەند پێشنیار بۆ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



د.محەمەد حسێن زادە
چالاکی سیاسیی و دوکتۆرا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

کۆمەڵە لە ڕابردوودا سەلماندوویەتی کە دەتوانێ نەک هەر لە ڕەوتی تێکۆشان و خەباتی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کاریگەرییەکی بەرفراوان و بەرچاوی هەبێت، بەڵکو لە داهێنانی هەندێ شێوازی نوێی خەباتدا پێشەنگ بێت. بەڵام ساڵانێکی زۆرە کۆمەڵە نەک هەر لەو پێگەیە دەرنەکەوتووە و ئەو ڕەواڵەتەی نەنواندووە کە شایانی خۆی و چاوەڕوانییەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، تەنانەت وەڵامدەرەوەی لانیکەمی خواست و داواکاریی و داخوازیی و چاوەڕوانییەکانی لایەنگرانی خۆیشی نییە. ساڵانێکە بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە کە خۆدی بەرپرسانی کۆمەڵەیش بە گرنگییەوە و بەو جۆرەی کە پێویستە، ناڕواننە پێگەی مێژوویی خۆیان و لە لانیکەمی ئەو توانا و دەرفەت و وزە و پۆتانسییلەی کە لە ڕۆژهەڵات هەیانە کەڵک وەرناگرن. ئەم ڕاستییە، ماوەیەک لەمەو پێش لە وتووێژی بەڕێز عومەری ئیلخانیزادە، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ تیشک تی ڤی دانی پێدا نرا و پشتڕاست کرایەوە. ئەمە نیشان دەدات، سەرەڕای ئەوەی کە خۆدی بەرپرسانی کۆمەڵە لەو ڕاستییە، واتا لە دەرنەکەوتنی خۆیان لە ئاستی چاوەڕوانی خەڵک ئاگادارن، بەڵام ساڵانێکی زۆر چاوەڕوانی و چالاکنەبوون و بێجووڵەیی، وای کردووە کە هەم خۆدی بەرپرسان و بڕیاردەران و هەم ئەندامانی کۆمەڵە بە جۆرێ هەستی متمەنەبەخۆیی لەدەست بدەن و تا ڕادەیەکی زۆر ببنە بینەری ڕووداوەکان لە شانۆی سیاسەتی کوردستاندا. بەجۆرێ کە چاوەڕوانی باڵی کێشاوە بەسەر هەموو ئەندامانی ئەو حیزبەدا و کەمتر بینراوە کە لە بیری داهێنان و نوێبوونەوەدا بن.

هەڵبەت ئەم ڕەخنەیە لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، بە هیچ جۆرێ بەو مانایە نییە کە حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توانیویانە بەو جۆرەی کە پێویستە وەڵامدەرەوەی داخوازی و داواکارییەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت لایەنگەرانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن. لە ڕوانگەی منەوە و بە دڵنیاییەوە، هیچ کام لە حیزب و لایەنەکان کە خۆیان بە نوێنەر و وتەبێژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن، لە ئاستی چاوەڕوانی و داخوازییەکانی ئەو خەڵکە و ئەو کۆمەڵگەیەدا دەرنەکەوتوون. بەڵام من لێرەدا زیاتر ڕووی قسەم لە یەک لایەن، واتا کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانە کە وێڕای ئەوەی توانیویەتی خۆی لە هەندێ وەهمی ڕابردوو، بەتایبەت سەبارەت بە سیستەمی جیهانی دەرباز بکات، ئامانج و سیاسەتێکی تا ڕادەیەک ڕاستیوازانەتریشی گرتووەتە بەر. لێرەدا مەبەستم لە وەهم، بەڵێنی ڕووخاندن و بنیاتنانەوەی گشتیی یان تەنانەت سیستەمێکی جیهانییە. بە واتایەکی ڕوونتر، ڕوخاندنی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی، کە بە حەقیقەت ئامانجێکە کە دەیان ساڵە زۆرێ لە حیزب و لایەنەکانی کوردستان هەڵیانگرتووە و نە پاشگەز دەبنەوە و نە لە توانای ئەوانە. مەبەستەم ئەو کۆمەڵەیەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکات پرسی هەموو کوردستان بە یەک پرس، واتا کوردستانی داگیرکراو دەزانێ و مافی دیاریکردنی چارەنووس تا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی بە مافی حاشاهەڵنەگری نەتەوەی کورد دەزانێ و لە ئەساسنامەکەیشیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خوازیاری چوونەدەرەوەی هێزی داگیرکەرە لە کوردستان و لەو پێناوەیشدا خەبات و تێکۆشان دەکات. ئەو کۆمەڵەیەی کە ستەمی نەتەوایەتی بە سەرەکیترین پرس دەزانێ و خۆی بە بەرپرسی تێکۆشان بۆ نەهێشتنی ئەو ستەمە پێناسە دەکات. ئەو کۆمەڵەیە کە جێگیرکردنی سوسیال دێموکراسی واتا سوسیالیزم لەسەر بنەمای دێموکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و بێ چەوساندنەوە بە ئامانجی دواڕۆژی خۆی دەزانێ. ئەو کۆمەڵەیە کە بە نەرمی نواندنێکی ڕاستیوازانە نەک باس لە ڕووخاندن و سڕینەوەی یەکجارەیی یان قۆناغبەندی سیستەمی سەرمایەداری، سیستەمێک کە هێشتا بوونی لە کوردستاندا جێگای گومانە، بەڵکو باس لە ڕێفورمی قووڵی ئابووریی و سیاسی لە قازانجی چینە بندەستەکان بە مەبەستی گەیشتن بە دادپەروەری و بەرابەری کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ڕزگارکراودا دەکاتەوە. ئەو کۆمەڵەیەی کە بڕیاری داوە حیزبی ڕزگاریبەخشی کوردستان و نوێنەری ژنان، خوێندکاران، ژینگەپارێزان و پارێزەر و پەنای چینی چەوساوە و بندەست و ماڵی نوخبە و خوێندکاران و توێژی ئاکادیمیک و بە گشتی نوێنەری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت. ئەو کۆمەڵەیەی کە لانیکەم بەرپرسەکانی دان بەوەدا دەنێن کە ئێرانی بیرکردنەوەی هەموو حیزبەکان لە ڕابردوودا، خەسارێکی زۆری بۆ ڕەوتی خەباتی کوردستان هەبووە و بۆیە لەمە بەدوا کوردستانیی بیرکردنەوە بە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگری دەزانن.

ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەم پێ کرد، ئەو کۆمەڵەیەیە کە بەڵێنی دراوە، بەڵام ئایا ئەوەی ئێستا هەیە، واتا ئەوەی کە ساڵانێکە خەڵکی ڕۆژهەڵات دەیبینن هەمان کۆمەڵەی بەڵێندراوە و هەمان حیزبی داهێنەری ڕابردووە کە چاوەڕوانی لێ دەکرێ؟ ئایا ئەمە هەمان کۆمەڵەیە کە بڕیار بوو حیزبی چەوساوەکان، حیزبی خەباتی بەردەوام بۆ ڕزگاری کوردستان لە بندەستیی نەتەوەیی و حیزبی هیوا و ئاواتەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بێت؟ بە دڵنیاییەوە وەڵام نەیە و کۆمەڵە لەم ساڵانەدا نەیتوانیوە ئەوەی بێ کە بەڵێنی دابوو و چاوەڕوانیشی لێ دەکرا و دەکرێ.

بە حەقیقەت دەبوایە لە ئێستادا کە ڕۆژهەڵات ناخۆشترین، سەختترین، ڕەشترین، ئازاردەرترین و تاڵترین ڕۆژەکانی تێدەپەڕێنێ و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، لە ژێر گوشاری پڕووکێنەر و ستەمی هەمەلایەنەی داگیرکەردان، کۆمەڵە ئەو حیزبە پێشەنگە بوایەت کە خاوەنداریێتی لە هەموو چین و توێژ و تاکەکانی ڕۆژهەڵات بکردایەت. بەڵام بەداخەوە نەک هەر کۆمەڵە، هیچ لایەنێکی کوردستان ئەو بەرپرسیارییەتییە بەو جۆرەی کە پێویستە نەگرتووەتە ئەستۆ و ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

بەڵام هەموو ئەو ڕاستییانە کە ئاماژەمان پێدان بەو مانایە نین کە کۆمەڵە بەیەکجاری کەوتووەتە دۆخێک کە ناتوانێ کۆتایی بەو چاوەڕوانی و بێ جموجووڵییە بێنێت. ئاشکرایە کە ئەوە چارەنووسێک نییە کە پێشوەخت دیاری کرابێت. کۆمەڵە خاوەن پێگە و ئەوەندە دەرفەت و توانا و وزە و پۆتانسییل و زەمینەی لەبار هەیە کە بتوانێ بڕیاری هەستانەوە بدات. هاوکات لەوەش ئاگادارم کە ئەوە بڕیارێکی ئاسان نییە، نەک لەبەر ئەوەی کە هەندێ کێشە و گرفت هەن کە بە ئاسانی چارەسەر نابن و زاڵبوون بەسەریاندا دژوارە یان تەنانەت لە کۆنترۆڵی حیزبدا نین، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەی کە هەستانەوە پێویستی بە ئیرادەی بەرپرسان و بەتایبەت دەستەی ڕێبەرایەتی هەیە، بەڵام تا ئێستا نیشانەیەکی ئەوتۆ لەو ئیرادەیە خۆی دەرنەخستووە. بە بڕوای من، پێشمەرجی بڕیاری هەستانەوە لە کۆمەڵەدا، هەست کردن بە پێویستی گۆڕان و خۆدەربازکردن لەو دۆخی چاوەڕوانییە و ئیرادەی سەرکردایەتی بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی خەباتە. ئەگەر ئیرادەیەک بۆ هەستانەوە هەبێ، دەکرێ کەڵک لە پێشنیارە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی جێبەجێکردنیان لە ئاراستەی بووژانەوە و بەهێزکردنی حیزب و بە گشتیی ڕەوتی خەبات کەڵک وەربگیردرێت. من لەوە دڵنیام کە بەرپرسانی کۆمەڵە تا ڕادەیەکی زۆر ئاگاداری هەندێ لەو دەرفەت و وزە و پۆتانسییلە مێژوویيە هەن کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و لەبەر ئەوەی تەنیا تایبەت بەو حیزبەن تەنانەت لایەنەکانی تریش نەیانتوانیوە بۆ بەهێزکردنەوەی ڕەوتی خەبات کەڵکیان لێ وەربگرن، بۆیە من لێرەدا بە وردی ناچمە نێو ئەو باسەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەم بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵ و فاکتەرێک بکەم کە لەوانەیە بە هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنیان، ئەو حیزبە بتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر لەو دۆخەی چاوەڕوانییەی ئێستای دەرباز ببێت و قۆناغێکی نوێی خەبات دەست پێ بکاتەوە. دیارە بە هەستانەوەی کۆمەڵە و چالاکبوونەوەی هەرچی زیاتری ئەو حیزبە، ڕەوتی خەبات بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ گۆڕانکاری جدی بە خۆیەوە ببینێ. ئەو خاڵانەی کە من دەمهەوێ بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەم بریتین لەوانەی خوارەوە:

١. بڕیاری هەستانەوە: هەروا کە ئاماژەم کرد، پێشمەرجی هەستانەوە، هەستکردن و قەناعەتهێنان بە پێویستبوونی گۆڕانکاریی و ئیرادەی هەوڵدان بۆ گۆڕانە. ساڵانێکی زۆر چالاکنەبوونی کۆمەڵە لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا، نەک هەر «متمانەبەخۆیی» کەم کردووەتەوە، بەڵکو دۆخەکەی لای بەرپرسان ئاسایی کردووەتەوە. دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ پێش هەموو شتێ پێویستی بە گۆڕانکاری لەو تێڕوانینەدایە. تا کاتێ سەرۆکایەتی و بەرپرسانی کۆمەڵە هەست بە پێویستیی لە پێداچوونەوە بەو دۆخەی ساڵانی ڕابردوو نەکەن، دیارە نە بڕیاری لێ دەدەن و نە باسکردن لە قۆناغی نوێی خەبات ڕاستیوازانەیە. هۆکاری ئەو پیویستییە ئەوەیە کە هەموو قۆناغێکی نوێ بەرهەمی هەستکردن بە پێویستبوونی گۆڕانکریی و پاشان ئیرادەی داڕشتنی پلانی نوێیە. بڕیار دان بۆ پێشەنگ بوون، سەرەتا و دەستپێکی گۆڕان و کۆتاییهێنان بە چاوەڕوانییە بێ قازانجەکان و بوون بە ئەکتەرێکی چالاکە لە ڕەوتی سڕینەوەی داگیرکەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. دانیشتن بە دیار ڕووداوی نادیار، ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە ئێستا هەیە.

٢. قەبووڵکردنی فرەچەشنی و لەخۆگرتنی ڕوانگە و بیروڕا جیاوازەکان: کوردستانی ئێستا و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڕەپانی فکر و هزر و ڕوانگە جیاواز و تەنانەت پێکناکۆکەکانە. هەر لایەنێک کە لەو شانۆیەدا چالاکی دەکات، دەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستییە بێت. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەبێ هەوڵ بدات حیزبێک بێت بۆ کۆکردنەوەی بیروڕا و ڕوانگە و بۆچوونە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەور یەک. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو حیزبە، سوسیال دێموکراسی بە مودیلێکی شیاو بۆ کوردستانی پاش ڕزگاری دەزانێ و بە تێگەیشتن لەوەی کە لە سوسیال دێموکراسیدا زیاتر جەخت لەسەر دێموکراسی دەکرێتەوە، ئەو دەرفەتە بۆ ئەو حیزبە ڕەخساوە کە چەتر و ماڵێک بێت بۆ هەموو تاکە شۆڕشگێڕەکان و هەموو بیرە دژە داگیرکەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەرقەزا دێموکراسی و پلورالیزم ئەو دوو چەمکە سەرەکییەن کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان ڕایگەیاندووە خەباتیان بۆ دەکات. گرنگیدان بەو بەها و بایەخانە لە قۆناغی ئێستادا دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە خەڵک بە گشتی و شۆڕشگێڕان بە تایبەتی، بتوانن خۆیان لەو چوارچێوەیەدا ببیننەوە. کۆمەڵە پێویستە لەم بوارەدا پێشەنگ بێ، ئەوەش بە مانای پێشەنگایەتی لەخۆگرتنی زیاترین توێژ و چینەکانی کۆمەڵگەیە. هیچ حیزبێک لە شانۆی خەباتی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە کە بتوانێ بیروبۆچونە جۆراوجۆرەکان لە خۆ بگرێ و دەرفەتی دەربڕینی ئازادانەیان بۆ بڕەخسێنێ. کۆمەڵە دەبێت هەم وەک ئەرک و هەم وەک دەرفەتێکیش چاو لەو خاڵە بکات. دووپاتی دەکەمەوە کە ئەو دەرفەتە بۆ کۆمەڵە ڕەخساوە، لانیکەم لەبەر ئەوەی کە لە بنەڕەتدا ئایدۆلۆژییەکەیان ڕووی لە گرووپ و دەستە و توێژ و چینێکی تایبەت و دیاریکراو نییە، بەڵکو سیستەمێکە کە دەرفەتی لە خۆگرتنی هەموو بیروڕا جیاوازەکان دەڕەخسێنێ و هەر ئەوەشە کە بۆ ئێستای ڕەوتی خەباتی کوردستان و دواجار بۆ کوردستانی ڕزگارکراو گونجاوە. بە لەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوون و ڕوانگە جیاوازەکان سەبارەت بە ڕەوتی خەبات و ڕێگاکانی چارەسەریی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات، پێش هەموو شتێ دەبێ گرنگییەکی تایبەت بە دێموکراسی و فرەچەشنی و قەبووڵکردنی جیاوازییەکان بدرێ. ئەمە نابێ تەنیا لە دەربڕینی نووسراوەکاندا بێ، بەڵکو دەبێ بە کردەوە، هەموو تاک و لایەنێک دڵنیا بکرێنەوە.

٣. یاگەیەک بۆ کۆبوونەوەی نوخبە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان: لە قۆناغی ئێستای خەباتی کوردستاندا، هەر حیزب و لایەنێک توانای کۆکردنەوەی نوخبەکان و کەڵکوەرگرتن لە تواناکانیانی هەبێ، پێگەیەکی تایبەت لە ڕەوتی خەباتدا تۆمار دەکات و لە ئامانجەکانی نزیکتر دەبێتەوە. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەبێ ببێتە ماڵ و یاگەیەک بۆ نوخبە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵات. دیارە کاتێ باسی شۆڕشگێڕ دەکەین، مەبەستمان مانایەکی تایبەتە. شۆڕش لە کوردستاندا زیاتر لە هەر شتێک، بە مانای خۆڕاگری لە بەرانبەر داگیرکەر و هەوڵدانە بۆ کۆتاییهێنان بە ڕەوتی داگیرکاریی کوردستان و گەیشتن بە ڕزگاری و دەستەبەرکردنی ئازادی نەتەوەیی. لەبەر ئەوەی کە وڵاتانی داگیرکەر هەوڵی ئەوەیان داوە و دەیدەن کە لە هەموو بوارەکانی ئابووریی، سیاسیی، کۆمەڵایەتی و زەینییەوە کورد لەناوبەرن و تەفروتوونای بکەن

...بۆ ل ٩

## درێژەی لاپەڕەی ٨

و سەرچاوە سرووشتییەکان و سەرچاوە ژێرزەویی و بانزەوییەکانی کوردستان تاڵان بکەن، شۆڕشگێڕانی کوردستانیش لە هەموو بوارێکدا چالاکی دەنوێنن. بۆیە زۆر کەس لە کوردستاندا لە چوارچێوەی شۆڕشگێڕیدا (واتا هێزی دژە داگیرکەر) دەگونجێن. بەشێ لەم شۆڕشگێڕانە نوخبەی خوێندەوار و توێژی ئاکادیمیسیەنن. کۆمەڵە دەبێ بە جدی پێشوازی لەو نوخبە شۆڕشگێڕانە بکات. ئەو خوێندکار و مامۆستایەی کە کاری هزری و تیۆریک ئەنجام دەدەن و بە تێفکرین، تێڕامان، نووسین و خولقاندنی دەقی زانستیی هەوڵی گۆڕینی دۆخی داگیرکراویی کوردستان دەدەن، ئەو تاکەی کۆمەڵگە کە هەوڵ دەدات بە فێرکردنی زمانی کوردیی یان خولقاندنی بەرهەمێک زمانی کوردیی بپارێزێت و پەرە بەو زمانە بدات، ئەو شاعیرەی کە شیعرێکی شۆڕشگێڕانە دەهۆنێتەوە، ئەوانەی کە گرنگی بە بۆنە و ڕێ و ڕەسمە نەتەوەییەکان و بەڕێوەبردنیان لە نێوخۆ و دەرەوە دەدەن، ئەوانەی هەوڵی پاراستنی کلتور و شوناسی نەتەوەیی دەدەن، ئەو نوخبانەی کە بە شێوەی ئاکادیمیک سەبارەت بە بوارە جیاوازەکانی کوردستان کار دەکەن و هەوڵیان پەرەپێدان بە ئاگایی و وشیارییە لە کوردستان، هەموو ئەوانە دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێت و دڵنیا ببنەوە کە پێشنیار و بۆچوونەکانیان بە نرخ و بایەخەوە وەردەگیردرێن و گرنگییان پێ دەدرێ.

کۆمەڵە لە سەرەتاوە حیزبێک بووە کە بە حیزبی نوخبە و خوێندکاران دەناسرا. نزیکەی هەر هەموو ئەوانەی لە کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە بەشدار بوون خوێندکار یان دەرچووانی زانکۆ بوون. تا رادەیەکی زۆریش کۆمەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەو تایبەتمەندییەوە دەناسرایەوە و لانیکەم لە بەراورد لەگەڵ لایەنەکانی تر ئەو تایبەتمەندییە زەقتر بوو. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە کە لە ئێستادا کۆمەڵە خاوەن ئەو تایبەتمەندییە نییە و ناکرێ کۆمەڵە بە حیزبی نوخبەکان ناوی لێ ببرێ و تووشی چارەنوسی لایەنەکانی تر بووە. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بۆ دەربازبوون لەو دۆخەی ئێستا، پێویستی بەوە هەیە ببێتە یاگەیەک بۆ هەموو نوخبەکانی کوردستان. هەروا کە وتم لێرەدا مەبەستم لە نوخبە، نوخبەی شۆڕشگێڕ و بەتایبەت ئەو نوخبانەن کە هێشتا هیوایەکیان بە حیزبەکان و کاریگەرییان لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان ماوە، بەڵام لە ئیستا هیچ لایەنێک نابیننەوە کە بتوانێ بەشیوەی شیاو و گونجاو و بەو جۆرەی کە پێویستە، کەڵک لە تواناکانیان وەربگرێت و پێشنیارە گونجاوەکانیان پراکتیزە بکاتەوە. جێگای داخە هەندێ لە حیزب و لایەنەکانی کوردستان نەک هەر بە هیچ جۆرێ دەرفەت و زەمینە بۆ کەڵکوەرگرتن لە توانای نوخبە و ئاکادیمییەکان ناخۆولقێنن بەڵکو بەئاشکرا کەوتوونەتە دژایەتیکردن و تەنانەت سووککردنی نوخبەکان، لانیکەم ئەو نوخبانەی کە ڕەخنە لە شێوازی هەڵسوکەوت و جۆری سیاسەت و چالاکی حیزبەکان دەگرن. دەزانین ئەو تۆراندن و دژایەتی و ڕاوەدۆنانەش لە راستای بەرژەوەندی داگیرکەردایە. کۆمەڵە ئەگەر دەیهەوێ بڕیاری هەستانەوە بدات، پێویستە هەم بە ئاشکرا ڕایبگەیەنێت و هەم بە کردەوە بیسەلمێنێت کە حیزب و ماڵێکە بۆ کۆبوونەوەی هەموو ئەو نوخبانەی کە هەوڵی ڕزگاری کوردستان دەدەن.

لەسەر ئەم خاڵە پێداگری زیاتر دەکەم، چونکە ئێجگار بە گرنگی دەزانم. دەبێ بۆ هەموو لایەنێک ئەوە ئاشکرا بووبێت کە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بە بێ هاوکاریی نوخبەی سیاسی [ ئەزمون] و نوخبەی ئاکادیمیک [ زانستی نوێ] ممکین نییە. مادام هەم نوخبەی سیاسیی و هەم نوخبەی ئاکادیمیک ئامانجیان سڕینەوەی ئاسەواری داگیرکەر بێت، هەم ئەوان بەشێ لە ڕاستییەکان دەبینن و هەم نوخبە سیاسییەکانی نێو حیزبەکان. هەر حیزبێک بۆ ئەوەی کە بیهەوێت ستراتیژیی و سیاسەتێکی گونجاو بۆ قۆناغێکی تایبەت دابڕێژێ، پێویستی بەوە هەیە کە ئەزموونی نوخبە سیاسییەکان و زانستی نوخبە ئاکادیمییەکان پێکەوە گرێ بداتەوە. بۆ نموونە داڕشتنی ستراتیژی کە بە مانای دیاریکردنی ئامانجەکان، دیاریکردنی کەرەسە و ئامرازەکان و لە کۆتاییدا هەڵبژاردنی میتۆدە گونجاوەکان بۆ کەڵکوەرگرتن لە تواناکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانە، بە بەشداری و هەبوونی کەسانێکی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارە جیاوازەکانی ئابووریی، سیاسەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی، سەربازیی [کاروبار و چالاکی پێشمەرگە] و هتد، ممکین نییە. هیچ سیاسەتێکی حیزبیی بە بێ خوێندنەوەی ئاستی سیاسەتی جیهانی، سیاسەتی هەرێمایەتی، سیاسەتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، سیاسەتی دەوڵەتی فارسی- ئێرانی، بارودۆخ و هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە کۆتاییدا دۆخی خۆدی ئەو حیزبەی کە مەبەستییە سیاسەتێکی تایبەت دابڕێژێ ممکین نییە، ئەوەش تەنیا بە بەشداری و کەڵکوەرگرتن لە توانای نوخبەکانی ڕۆژهەڵات جێبەجێ دەبێ. ئەگەر کۆمەڵە مەبەستییە بڕیاری هەستانەوە بدات، هەنگاوێکی پێویستە کە خۆی بکاتەوە بە ماڵی نوخبە و ئاکادیمیسیەنە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان هەر ڕێگایەکی تر بۆ هەستانەوە بە بێ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە ئامانجی خۆی ناپێکێ.

٤. خۆ یەکلاکردنەوە و ئەولەوییەتدان بە پرسی نەتەوەگەرایی / ناسیونالیزم: [درووست یان هەڵە] ڕەخنەی زۆر کەس و لایەن لە ڕابردووی کۆمەڵە ئەوە بووە کە گرنگییەکی ئەوتۆی بە پرسی نەتەوەیی و تەنانەت هێما نەتەوەییەکان نەداوە. هەڵبەت دیارە کۆمەڵەییەکان تێبینیی و وەڵامی خۆیان بۆ ئەو ڕەخنەیە هەیە، بەڵام بە گشتی بۆچوونی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە بووە کە ئەو حیزبە، پرسی نەتەوەیی پشتگوێ خستووە. ئێستا بەڵام کۆمەڵەی زەحمەتکێشان یەکێک لە خاڵە جیاکەرەوەکانی خۆی لە لایەنەکانی تر، بەوە دەزانێ کە گرنگییەکی زیاتر بە پرسی نەتەوەیی دەدات. کۆمەڵە بانگەشەی ئەوە دەکات کە کوردستان بە وڵاتێکی داگیرکراو دەزانێ و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی بە مافی حاشاهاڵنەگری نەتەوەی کورد دەزانێ. مادام ئەمە بەشێک بێ لە ئەساسنامەی کۆمەڵە، دەبێ بەرپرسیارییەتی ئەو ڕاگەیاندنۆ و بانگەشەیە وەئەستۆ بگرێ. لە ڕاستیدا کۆمەڵە ناتوانێ و خۆیشی دەرکی بەوە کردووە کە ناکرێ هەستی نەتەوەگەرایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتگوێ بخات. پیویستە کۆملە نەک هەر دەست لە نەتەوەگەرایی شەرمێون هەڵگرێ بەڵکو ببێتە نوێنەری ڕاستەقینەی داخوازییە نەتەوەییەکان. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان پێش هەموو شتێ حیزبی کوردستانە. واتا نوێنەری داخوازییەکانی نەتەوەیەکە کە مێژووی لێوانلێوە لە ئازار و ئەشکەنجە و ژینوساید و کۆمەڵکوژی. نوێنەری نەتەوەیەکە کە وەک هەموو نەتەوەکانی تر، ئەندامەکانی نەک هەر گرنگی بە مێژوو، کلتور و شۆناس و ئاڵا و هەموو هێما نەتەوەییەکانی خۆیان دەدەن، بەڵکو بۆ پاراستن، بەردەوامبوون و پەرەپێدانیان، خوێن و گیان دەدەن. نەتەوەییەک کە سەلماندوویەتی زمان و کلتوریان ناکەنە قوربانیی هیچ ئایدۆلۆژیا و ئیزمێک. پێویستە کۆمەڵە دەرک بەوە بکات کە نەتەوەگەرایی ئایدۆلۆژیایەکی نەمر و بەردەوام بووە و تا داهاتوویەکی پێش بینی کراویش هەر وا دەبێت. ناسیونالیزم لە ڕووی مێژووئییەوە کۆنترە لە زۆربەی ئیزیمەکان و لەوانە سوسیالیزم. سوسیالیزم لە شانۆی دەوڵەت-نەتەوەکاندا سەری هەڵدا، واتا لە گۆڕەپانێکدا کە ڕەوایی و «حاڵەتی سرووشتی بوون»ی دەوڵەتی نەتەوەیی وەک بنەمای یەکانگیری سیاسی تایبەتمەندییەکی سەرەکی بوو. ناسیونالیزم، پێش لەوەی کە سوسیالیزم و ئایدیا ئینتێرناسیونالیستییەکەی سەر هەڵبدات، جێگر ببوو.

کۆمەڵە دەبێ هەڵوێستی خۆی بە نیسبەت ناسیونالیزم ڕوونتر بکاتەوە. بۆ ئاسانکاری لە یەکلاکردنەوەی خۆی، زۆر گرنگە قەناعەت بەوە بهێنێ لە هەموو جیهاندا ژی و مانەوەی نەتەوەیی، ئامانجی سەرەکی نەتەوەکانە. چونکە بە بێ پاراستنی مانەوەی نەتەوەیی، هیچ ئامانجێکی تر دابین ناکرێ. هەموو نەتەوەکانی جیهان باوەڕیان بەو حەقیقەتە هەیە و هەر بۆیە دەبینین بە کردەوەیش یەکەم ئامانجی هەموویان خۆبەهێزکردنە بە مەبەستی پاراستنی خۆیان. هیچ نەتەوەیەک لە جیهاندا نییە ئامانجەکانی تر بخاتە پێش ئامانجی گەرەنتیکردنی مانەوەی خۆی. هیچ سیستەمێکیش نییە وەک دەوڵەتی نەتەوەیی بتوانێ مانەوە و ئاسایشی نەتەوەیی گەرەنتی بکات.

ئەو کاتەی کۆمەڵە ئاڵای کوردستانی نەک شانبەشان بەڵکو لە سەرەوەی هەموو ئاڵا و ڕەنگ و هێماکان دانا، بە بێ هیچ گومانێک پێگەی ڕاستەقینەی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە. پیویستە ئاماژە بەوە بکرێ ئەمە بە مانای دەستهەڵگرتن لە سوسیالیزم نییە یان سوسیال دیموکراسی نییە. ناسیونالیزم و سوسیالیزم لە ئەساسەدا پێکناکۆک نین. ناسیونالیزمی چەپگەرا جۆرێکە لە ناسیونالیزم کە لەسەر بنەمای عەدالەتی کۆمەڵایەتی، سەرەوری خەڵک و سەربەخۆیی نەتەوەیی دانراوە. ناسیونالیزم پەیوەندیدارە بەو ئایدیا دیموکراتیکەوە کە دەسەڵات بە ماڤی خەڵک دەزانێت. لە ناسیونالیزمی چەپگەرادا ئایدیای نەتەوە پەیوەندییەکی تەنگاوتەنگ و بێ مەودای هەیە لەگەڵ دەسەڵاتداریێتی خەڵکدا. پێکهاتنی نەتەوە بەستراوەتەوە بە خواست و هاودەنگی هاووڵاتیانەوە بۆ پێکەوەبەستراوەیی لە کۆمەڵگەیەکی نەتەوەییدا کە پشتیوان و داکۆکیکاری مافە دیموکراتیکەکان بێت. هەر کات، گرووپێک بە وشیاریی بە ئاگایی لە شوناسی خۆی و پاراستنی ئەو شوناسەی، خوازیاری ئەوە بێت کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دامەزرێنێت، دەبێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو خواستەی بەتەواوەتی ئازاد بێت. ناسیونالیزمی چەپ، دێموکراتیکیشە چونکە بەستێنێکە کە دەسەڵاتی خەڵک تێیدا جێبەجێ دەکرێ. ناسیونالیزمی چەپ خاوەن هۆگرییە کە لە پەیوەندی لەگەڵ هێما نەتەوەییەکان وەک ئاڵا، سروودی نەتەوەیی و هتد خۆی نیشان دەدا. تەنانەت دەکرێ بڵێین کرێکاران و سوسیالیستەکان نیشتمانپەروەرانی ڕاستەقینەن. ئەوان وتەبێژی نەتەوەن.

کۆمەڵە بانگەوازی ئەوە دەکات کە دەیهەوێ کۆمەڵگەیەک دامەزرێنێت کە تیایدا یاسای خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکرێت و مافە کۆمەڵایەتیی و دێموکراتیکەکان دابین دەکرێن، لەم حاڵەتەدا هۆکارێک نییە بۆ ئەوەی کرێکاران و چینی بندەست نەبنە پێشەنگی نەتەوەگەرایی لە کوردستان. نەتەوە وەک چوارچێوەیەکی گونجاو دەبینرێت بۆ پەرەسەندنی سوسیالیزم و دێموکراسی. بە هەر حاڵ، تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان تەنانەت لە جیهانی سوسیالیستیدا دەمێننەوە. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە پلاتفورمی سیاسی خۆیدا باس لەوە دەکات کە ئەرکی سەرەکی ئەو حیزبە سڕینەوەی ستەمی نەتەوەییە. بۆیە بە هیچ جۆرێ ناتوانێ چاو لە هێز و سەرنجڕاکێشی ناسیونالیزم داپۆشێ و پشتگوێی بخات. ئەوەی کە پێویستە داڕشتنی فۆرمێک لە ناسیونالیزمی چەپە.

٥. گرنگیدان بە هێزی پێشمەرگە: گرنگیدان بە هێزی پێشمەرگە هەم ئەرکە و هەم پێویستی سیاسیی. ئەرکە لەبەر ئەوەی کە لە شانۆی سیاسەت و گۆڕەپانی خەباتی کوردستان، پێشمەرگەبوون لووتکەی شۆڕشگێڕییە. پێویستییە چونکە گرنگترین فاکتەری هێزی کوردستان و بەرچاوترین لەمپەڕ لەبەردەم پلانەکانی داگیرکەران، هێزی پێشمەرگەیە. ئێمە دەبینین کە بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خەڵک و بەتایبەت لاوان، پەیوەست دەبن بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە لە حیزبە جیاوازەکاندا. بەڵام بەداخەوە ژمارەیەکی کەم لەو کەسانە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێننەوە، بەڵکو زۆربەیان یان ڕوو دەکەنە شارەکانی هەرێمی کوردستان یان دەرەوەی وڵات. کۆمەڵەیش ئەگەر لەو بوارەدا دۆخی خراپتر نەبێ، باشتر نییە. مەخابن تا ئێستا نەمانبینیوە لە نێو حیزبەکانی کوردستان، هیچ خەسارناسییەک بۆ ئەو دیاردەیە بکرێت و ڕوون بێتەوە کە هۆکارەکانی ئەو جێهێشتنەی ڕیزەکانی پێشمەرگە کامانەن. ئەوە بابەتێکی ئێجگار گرنگە و پێویستە بە جدی سەرنجی پێ بدرێ و لیکۆڵینەوەی بۆ بکرێ.

گوتمان پێشمەرگە/ پیشمەرگایەتی لووتکەی شۆڕشگێڕییە، یەکەم لەبەر ئەوەی کە پێشمەرگە ئەرکێکی قورس و پیرۆزیی لە شانۆی شۆڕشگێڕی و دژایەتی لەگەڵ داگیرکەر بە شێوازی خۆخواز و بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک هەڵبژاردووە و شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە گرەوکردن لەسەر ژیان و گیانی خۆی بەرەنگاری داگیرکەر دەبێتەوە و بە توانای خۆی و چەکی بەردەستی، هەوڵی مانەوەی جەستەیی و کلتوریی- شۆناسیی نەتەوەکەی دەدات. لە ڕاستیدا ئەمە یەکەمین و پێویستترین هەنگاوێکە کە هەر نەتەوەیەک لە جیهاندا بۆ مانەوەی خۆی دەبێ هەڵیگرێت. هێزی پارێزەری نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو، پێشمەرگە بووە و لە ئێستاشدا هەر پێشمەرگەیە. ئەگەر ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکەین، کەوابوو زۆر ناخۆش، ناخەهژێن و تاڵە کە دەستە دەستە پێشمەرگە پەیوەست بە هێزەکانی کوردستان دەبن بەڵام دوای ماوەیەکی کورت چارەنووسیان ئەوە دەبێ کە پێشتر ئاماژەم پێ دا. کۆمەڵە دەبێ ڕێگایەکی نوێ نەک هەر بۆ ڕاکێشان بەڵکو بۆ هێشتنەوەی ئەو هێزە نیشتمانییە ببینێتەوە. سەردەمی قسەگەلێک وەک ئەوەی کە «خەبات دژوارە» و «فلانی توانای نەبوو» و «ئیدی هەر وا دەبێ» تێپەڕیوە. لە ڕاستیدا پێویستە سەرەتا خەسارناسییەک بۆ ئەو دیاردەیە بکرێت و پاشان پلان و ڕێگایەکی نوێ بگیردرێتە بەر.

...بۆ ل ١٢

## هەڵاواردن دژی ژنان لە ناو کۆمەڵگا و بنەماڵەدا

**ژیلا ئەحمەدی**

ژنان لە کوردستان و ئێران بە درێژایی هەموو ژیانیان بەرەوڕووی هەڵاواردن دەبنەوە و مافەکانیان پێشێل دەکرێن، لە کۆمەڵگا سوننەتییەکاندا کە کاریگەریی کولتووری پیاوسالار بەرچاوترە و یاسا و ئایین پەرەیپێدەدەن و پشتیوانی لێدەکەن، کچان تا کاتێک لەگەڵ خانەوادەکەیان دەژین وەکوو ملکی باب و برا چاویان لێدەکرێ و پیاوانی دیکەی بنەماڵەش حەقی ئەوە بە خۆیان دەدەن کە بڕیاریان بۆ بدەن و دەخاڵەت لە ژیانیاندا بکەن. سنوورە تەسکەکانی ئەو کولتوورە بۆ کچان ئەوان تووشی گوشار دەکا و دایمە لە ژێر چاوەدێریی پیاوانی نزیک و دووری بنەماڵەدان نەکا ئەو سنوورانەی کولتوری باوک ــ پیاوسالار بۆیانی داناوە ببەزێنن.

گەورەبوون و تەمەنی لاویەتی کە دەبێ سەردەمێکی خۆش و پڕ لە شادی ژیان بێ بۆ کچانی ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە زۆرجار تەسکبوونەوەی سنوورەکان و زەحمەتتر بوونی ژیان و کۆنترۆڵی زیاتری بەدواوەیە و ژیانیان بۆ تاڵتر دەکا. لە حاڵێکدا کوڕان لەگەڵ گەورەبوون دەرفەت و ئیمکانی زیاتریان بۆ سەربەخۆ بوون و سەفەر و تاقیکردنەوە و ئەزموونی جۆراوجۆر لە ژیانیاندا هەیە بەڵام کچان لە بەشی هەرە زۆری مافەکانیان بێبەشن و زیندانیی کولتووری کۆن و ڕوانینی پیاوسالارانەن. لە وەها سیستێمێکدا سەربەخۆیی ئابووری کچان زۆر زەحمەتترە و تەنانەت ئەگەر لە باری ئابووریشەوە بتوانن سەربەخۆ بن زۆر ئاسان نییە بتوانن خاوەنی ماڵ و ژیانی خۆیان بن و بتوانن وەکوو ئینسانێکی ئازاد بە تەنها بژین و شێوەی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن. تەنانت خوێندنی باڵا بەتایبەت ئەگەر لە شوێنێکی دیکە غەیری شوێنی ژیانی خانەوادەی کچان بێت بە ئاسانی ڕێگەی پێنادرێ و کۆی ئەم گوشارانە وا دەکەن کە تاقە ڕێگەیەک کە بۆ ڕزگاربوون لەو زنجیر و بەربەستانە دەمێنێتەوە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشە کە ئەویچ لەگەڵ دەیان گرفت و ڕێگر بەرەوڕوویە و ئیمکانی هەڵبژاردنێکی ئازادانە و بە دڵی خۆیان زۆر کەمە. زۆرجار بەکردەوە کچان لە چوارچێوەی گرێبەستێکدا کە ناوی نراوە ژیانی هاوبەش دەچنە ژێر دەسەڵاتی پیاوێکی دیکەوە و لە ڕاستییدا وەکوو گوێزرانەوە لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی دیکەیە. یاساکانی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و ئەو گرێبەستەی کە سەنەدی ئیزدواجی پێدەڵێن لە لایەن دەسەڵات و عەقڵییەتێکەوە داڕێژراوە کە سەرتاپای دژی ژنە و دیارە ئەو سەنەدەش باڵادەست بوونی پیاوانی تێدا پارێزراوە. تەنانەت لە حاڵەتی جیابوونەوەدا مافی ژنان لە سەرپەرەستیی منداڵ یان منداڵەکانیاندا دەخورێ و پیاوەکان وەکوو خاوەنی منداڵەکان حیساب دەکرێن. لە ڕاستیدا لەبەر ڕوانینی دواکەوتووانەی کۆمەڵگا زۆرێک لە ژنان سەرەڕای دۆخی نالەباری ژیانیان لەگەڵ ئەو ژیانە ناخۆش و سەختە دەسازێن.



ئەوان دەزانن ژنانێک کە جیابوونەتەوە لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا چۆن چاویان لێدەکرێ و دەزانن لە سەرپەرەستیی منداڵەکانیان بێبەش دەبن و دەزانن زۆربەی کات تەنانەت ماڵی دایک و بابیان ئامادە نین بیانگرنە خۆ. هاوکات ژیان بۆ ژنانێکی تەنیا کە کار و داهاتی خۆیانیان هەیە لە ناو کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا زۆر زەحمەتە و هەر لە کڕین و بەکرێگرتنی خانووەوە بگرە تا هاتوچوویان و بەشدارییان لە کۆڕ و کۆمەڵکاندا گەلێک گرفت و سەرێشەیان بۆ ساز دەکا.

ئەو ژنانەی کە پاش پێکهێنانی ژیانی هاوبەش وەکوو ژنی ماڵەوە دەمێننەوە و لە دەرەوە کارناکەن دۆخیکی ناخۆشتریان هەیە و ئاسۆیەکی ناڕوون و داهاتوویەکی نادیاریان هەیە. ئەو ژنانە سەرەڕای ئەوەی هەموو ئەرک و کاری ناوماڵ و پەروەردەی منداڵان و لەڕاستیدا هەموو بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاری کۆمەڵگایان لە ئەستۆیە بەڵام هەموو ئەم کارانە بێحەقدەستە و ئەو ژنانە لە ڕاستیدا خاوەنی هیچ توانایەکی ئابووری نین و زۆربەی هەرەزۆری کاتەکان مێردەکانیان خاوەنی ماڵ و ئۆتۆمبێل و کەرەستەی ناو ماڵن و ئەوان وەکوو کۆیلەیەکی بێحەقدەست لە ماڵی ئەو پیاوانەدا کاردەکەن و منداڵ بەخێو دەکەن و ئاگایان لە بەساڵاچووان دەبێ و دواتر بۆ سەرەتاییترین پێداویستییان دەبێ داوای پووڵ لە هاوسەرەکانیان بکەن. ئەمە وا دەکا کە ئەو ژنانە لە بەرانبەر بێمافی و زوڵمدا بێدەسەڵاتتر و بێدەنگتر بن و چارەیەک جگە لە سازان نەبینن.

کولتووری پیاوسالارانە کە دەسەڵاتی ئایینی و دواکەوتووانە پەرەیپێدەدا و دەیپارێزێ، هەموو کۆمەڵگای بە درێژایی مێژوویەکی دوورودرێژ کردووەتە زیندانێکی گەورە بۆ ژنان و سەرەتاییترین مافەکانی ژنانی زەوت کردووە و ڕێگە نادا ژنان لە ئیمکانی پێشکەوتن و ژیانێکی ئینسانی و ئازاد بەهرەمەند بن و بتوانن وەکوو مرۆڤێکی سەربەست چێژ لە ژیانیان وەرگرن.

بۆ ڕزگاریی ژنان پێویستە هەموو ئەو کولتوور و دەسەڵاتە سیاسی و ئابووری و سیستمە کۆمەڵایەتییەی لە سەر باڵادەستبوونی پیاوان دامەزراوە بگۆڕدرێ و ئینسانەکان تەنها بە پێی توانا و پێخۆشبوونەکانیان بتوانن شێوەی ژیانیان هەڵبژێرن، پێشبکەون و گەشە بکەن و چێژ لە ئازادی و مافەکانیان وەرگرن.

## دابەزینی ئاماری پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە ئێران

**سەیران مستەفازادە**

بە پێی ئامارەکان ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئێران ژیانی هاوبەشان پێک هیناوە ٧٩٤٠٠٠ هەزار کەس بووە کە ئەم ژمارەیە ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە و گەیشتووەتە ٥٣٠٠٠٠ هەزار کەس واتە ژمارەی ئەو کەسانەی ژیانی ڕێژەیان پێکهێناوە لە سەدا ٣٣ دابەزیوە، ئەو ڕێژە لە ئاوایەکان لە سەدا ٤٤ و لە شارەکان لە سەدا ٢١کەس بووە.

زۆربەی پسپۆران لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەڵاوسان و گرفتی ئابووری و نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ گەنجان و ترس لە نەبوونی داهاتوویەکی باش و ژیانێکی شیاو هۆکارە سەرەکییەکانی دابەزینی ئاماری پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لە ئێرانن.

بە پێی ئاماری دوایین سەرژمێری لە ئێران کە ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی کراوە لانیکەم ١٣ میلیون و ٨٠٠ هەزار کچ و کوری ١٥ تا ٣٩ ساڵە لە ئێران هێشتا ژیانی هاوبەشیان پێک نەهێناوە، ئەم ئامارە کەسانی سەرەوەی ٣٩ ساڵ ناگرێتەوە و ئەگەر ئەوانیش حیساب بکرێن ئەوا ڕێژەکە زۆر لەوە زیاترە، ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کە تەمەنی خەڵکی ئێران ڕوو لە پیری بکا. (دیارە لەو ئامارەدا کە ناوەندی ئاماری کۆماری ئیسلامی دەریکردووە ئیمکانی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بۆ منداڵانی ١٥ تا ١٨ ساڵیش لە ئامارەکەدایە، دیاردەیەک کە لە ڕوانینی ئەمڕۆییەدا بە تاوان دەژمێردرێ)

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوان بە لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکانی ژیان و ڕێگر و گرفتەکان بە تەنها ژیانیان لە ژیانی هاوبەش پێ باشترە و نایانەوێ خۆیان تووشی زەحمەت و گرفتەکانی ژیانی هاوبەش بکەن. هەر کام لە کچان و کوران هۆکاری جیاوازیان هەیە بۆ ئەوەی نەچنە ناو ژیانی هاوبەش و کۆمەڵێک لەو گرفتانە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ بێکاری و دۆخی نالەباری ئابووریی لاوان کە گرفتی کۆمەڵایەتیی دیکەی وەکوو تووشبوون بە ماددە سڕکەرەکان و بە لاڕێداچوونی دیکە لەگەڵ خۆی دێنێ. خاڵێکی گرینگی دیکە زۆربوونی ئاماری جیابوونەوەیە کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازادییە تاکەکەسییەکان و



نەبوونی ئیمکانی یەکترناسینی باش بۆ لاوان بەر لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش کە لەبەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ناتوانن بە ئازادی پێکەوە بن. بە گشتی سەرباری دۆخی نالەباری ئابووری کە ئیمکانی ژیانێکی سەربەخۆی لە لاوان ئەستاندووەتەوە، شێوازی دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێران و یاسا دواکەوتووانەکانی کە کولتووری دواکەوتووی کۆمەڵگا بەرهەمدەهێنێتەوە و بەهێزی دەکا، بووەتە هۆی ئەوەی خانەوادەکانیش بە دانانی لەمپەر و ڕێگر وا بکەن کە لاوان نەتوانن بە ئاسانی هەوڵی پێکهێنای ژیانی هاوبەش بدەن و دیاردەهایەکی وەکوو مهرییە و خەرجی سەرسووڕهێنەری زەماوەند و زێڕ و ماڵ و هتد وادەکەن مەیل و توانای لاوان بۆ ژیانی هاوبەش لاواز بن.

دیارە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنچینەی مەسئەلەکە لە سیستم و کولتوورێکدا کە هێشتا لە بەشی زۆری کۆمەڵگادا دەبێ کوڕان دەسپێشخەری بکەن بۆ پێکهێنای ژیان و لاوان ناتوانن هاوشان و هاوبەش ئەرکی دابینکردنی ژیانی داهاتوویان بگرنە ئەستۆ و پێکهێنای ژیان زیاتر لە مەعاملە و کڕین و فرۆشتن دەچێ، لاوانێک کە چیدیکە نایانەوێ ئەو سیستمە و ئەو بیرڕێزییە قەبووڵ بکەن ئامادە نین دەست بدەنە ئەو کارە و ئەوانەش کە لە ناچاریدا ئەو دۆخەیان قەبووڵ کردووە لە ڕاستیدا ئیمکان و دەرفەتی ئەوەیان نییە کە ژیانی هاوبەش پێکبێنن.

# قوربانیانی"تاوانبار"

ئەسعەد دوورودی

ئەگەر کەسێک بە پێچەوانەی ویستی کەسێکی دیکە پەیوەندییەکی جنسی لەگەڵ ئەو کەسە هەبێ یان جۆرێک لە پەیوەندیی جەستەیی دیکە کە نزیک لە سێکس بێت، کارەکە بە دەسدرێژیی جنسی (rape بە ئینگلیسی، تجاوز بە فارسی) دێتە ئەژمار. جاری وایە لە دۆخی وادا قوربانییەکە ناتوانێ یان ناوێرێ بڵێ نا یان هەوڵ بدا بەر بە تاوانبارەکە بگرێ بۆیە هەموو ئەو حاڵەتانەی لایەنێک خوازیاری سێکس یان پەیوەندیی جینسی نییە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چی کردووە بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە ڕوونەدا، بە دەسدرێژیی جینسی دادەنرێ و تاوانە.

لە کۆمەڵگای پیاوسالاری خاوەنی پەروەردە و کولتووری کۆن کە بۆچوونی ئایینی و بایەخە سوننەتییەکان زاڵتر و بەهێزترن، زۆرجار قوربانیانی دەسدرێژیی جینسی نەک وەکوو قوربانی کە وەکوو تاوانبار چاویان لێدەکرێ.

یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی دەبێتە هۆی ئەوەی قوربانیانی دەسدرێژیی جینسی نەتوانن و نەوێرن باسی قوربانیبوونیان و ڕووداني تاوانێکی وەها بکەن ئەوەیە کە لە ڕوانگەی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کۆمەڵگای سوننەتی و دواکەوتووەوە ئەو کەسانەی دەبنە قوربانیی دەسدرێژیی جینسی بە شێوەیەک خۆیان دەوریان هەبوو لەوەی بوونەتە قوربانی و دەسدرێژییان کراوەتە سەر. زۆر جار قوربانیان لەگەڵ پرسیاری وا بەرەوڕوو دەبنەوە کە ئازارەکانیان قووڵتر دەکاتەوە و زیاتر بریندارییان دەکا. پرسیاری وەکوو: چیت لەبەردا بوو؟ بۆچی قسەت لەگەڵ کەسێک کرد کە نەتدەزانی چۆنە؟ بۆ بەو شەو درەنگە لەدەرەوە بووی؟ بۆ ڕۆشتی بۆ ئەو میوانییە؟ چۆن نەتتوانی خۆت دەرباز کەی؟ دڵنیای خۆشت پێت خۆش نەبوو؟ دڵنیای خۆت کارێکت نەکردووە کە کابرا وا هەست بکا تۆ دەتەوێ سێکست لەگەڵی هەبێ؟ و پرسیاری دیکەی لەو بابەتە کە لەباتی ئەوەی تووڕەی و پەنجەی تاوان بۆ لای تاوانبار ڕاکێشێ زیاتر قوربانییەکان دەکات ئامانج.

لە ڕاستیدا هیچ کەسێک بۆی نییە لەگەڵ کەسێکی دیکە بە پێچەوانەی خواستی ئەو کەسە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی جینسیی هەبێ، جا فەرقی نییە کەسەکە دەیناسێ یان نە، پەیوەندییەکی دۆستانە و تەنانەت خۆشەویستانەیان لە نێواندا هەیە یان نا، قوربانییەکە چ بەرگێکی لەبەردایە و چەند جەستەی ڕووتە یا نییە، ئایا قوربانییەکە توانیویەتی یان وێراویەتی کارێک بۆ بەرگرتن بە تاونبار بکات یان نە تەنانەت ئەگەر کەسێک لە پێشدا ئامادەیی بۆ پەیوەندیی سێکسی دەربڕیبێ بەڵام دواتر پەشیمان بێتەوە کەسی بەرانبەر بۆی نییە پەیوەندیی لەگەڵی هەبێ و ئەگەر هەوڵی بۆ بدا بە دەسدرێژی دادەنرێ.

زۆربەی قوربانیانی دەسدرێژیی سێکسی لە کۆمەڵگاکانی وەکوو کوردستان کچانی منداڵ و تازەلاون کە لە لایەن کەسانێکەوە دەسدرێژییان دەکرێتە سەر کە بەجۆرێک خاوەنی دەسەڵاتێک یان پەیوەندییەک لەگەڵ قوربانییەکەن کە قوربانی دەترسێنێ یان وای لێدەکا کە نەیەوێ باسی قوربانی بوونی خۆی بکا. کەسی تاوانبار دەتوانێ مامۆستایەک یان دراوسێیەک یان کەسێکی نزیک بێ. قوربانی بوون بە دەستی ئەو کەسانە وا دەکا قوربانی نەوێرێ یان نەیەوێ باسی بکا و ترس لە ئاکامەکانی باسکردنی ئەو کارەساتە دەبێتە هۆی ئەوەی قوربانی شتەکە بشارێتەوە و تاوانباران بتوانن درێژە بە کاری نامرۆڤانەی خۆیان بدەن. لە سیستمی وەکوو کۆماری ئیسلامیدا کە لەسەر بنەمای یاسای ئیسلامی دامەزراوە و لە باری کولتووریشەوە کچان فێری بێدەنگی و گوێڕایەڵبوون کراون و ڕێگەی بەرگری لە خۆیان لێگیراوە و لە پەروەردەیاندا فێری تەحەمول و پاراستنی ئەو شتانە دەکرێن کە لەو کولتوورەدا بە شەرەف و نامووس ناویان نراوە و لە ڕاستیدا تەنها ناوهایەکن بۆ بێمافکردن و بەکۆیلەکردنی ژنان، دەرفەت و بوێریی ئەوەی قوربانیانی دەسدرێژیی جینسی باسی ئازارەکانیان بکەن و هەوڵ بدەن کەسی تاونبار بە سزای تاوانەکەی بگا زۆر کەم و سەختە. یاسا و دەسەڵات و پۆلیس و ئایین و کولتوور هەموویان جێگەی قوربانی و تاوانبار دەگۆڕنەوە و لە ڕاستیدا وای لێدێ کە کەسێک کە قوربانی بووە وەکوو تاوانبار چاوی لێدەکرێ.

بۆ ئەوەی دەرفەتێک بۆ قوربانیان بڕەخسێت کە بتوانن باسی ئازارەکانیان بکەن و شانسێکیان هەبێ کە ئاسەواری ئەو تاوانە لەسەریان کەمتر بێتەوە و ئیمکانی ئەوەیان هەبێ ژیانێکی ئاسایی و شیاویان بێت، پێویستە ڕوانگەی کۆمەڵگا بۆ مەسەلەی دەسدرێژی بگۆڕدرێ. دەبێ ڕوانینی گشتی وای لێبێ کە پەنجەی تاوان و سزا ڕووبکاتە تاوانبار و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی یارمەتیدان و تێگەیشتن لە ئازارەکانی قوربانییەکان بدرێ و ڕێگە بۆ هێوربوونەوەی دەروونیان و ساڕێژبوونی برینیان خۆش بکرێ. دەبێ هەر لە منداڵییەوە منداڵان بزانن کە جەستە و دەروونیان دەبێ پارێزراو بێ و کەس بۆی نییە ئازریان بدا یان دەسدرێژییان بکاتە سەر و ئەگەر شتی وا ڕوویدا دەتوانن بە بێ ئەوەی نیگەران بن و خەمی ئەوەیان بێ وەکوو تاوانبار چاویان لێبکرێ و بترسن لەوەی باسکردنی ئەو بابەتە ئاکامێکی خراپی بۆیان هەیە، دەتوانن تاونبار دەسنیشان بکەن و خۆشیان یارمەتی و پشتیوانیی پێویست وەرگرن.

قوربانیی دەسدرێژیی جینسی تەنها قوربانییە نە تاوانبارە و نە پێویستە بەزییمان پێدابێت، مرۆڤێکە بووەتە قوربانیی دەروونی نەخۆش و پەروەردەی هەڵە و زێدەخوازی و سنوورنەناسینی کەسێکی دیکە. قوربانی دەبێ پشتیوانی بکرێ و هاوکاریی بکرێ بۆ ئەوەی دۆخی جەستەیی و دەروونی خۆی چاککاتەوە و ژیانێکی شیاوی هەبێ.




# مێرسێدێس بارچا و مارکێز، خۆشەویستیی ساڵەکانی نووسین

نووسینی: ئارەش کنونی
وەرگێڕان لە فارسیەوە: دواڕۆژ

دەگوترێ «هەموو پیاوێکی سەرکەوتوو ژنێکی لە پشت بووە» ئەگەر ئەو وتەیە بکەین بە «هەموو کتێبێکی سەرکەوتووی نووسەرانی پیاو، ژنێکی لە پشتەوە بووە» بێگومان گابریێل گارسیا مارکێز و مێرسێدێس بارچا باشترین نموونەی ئەو وتەیە دەبن.

مێرسێدێس بارچا هاوسەری گابرییێل گارسیا مارکێز نووسەری کۆلۆمبیایی کە ساڵی ١٩٨٢ خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیاتی پێبەخشراوە، تەنها هاوسەری نووسەرێک نەبوو. بارچا وەکوو ئیلهامبەخش و پشتیوانی کارە ئەدەبییەکانی گابۆ (ناوی دیکەی مارکێز) دەناسرێ کە خولقانی «سەد ساڵ تەنیایی» بە بێ بوونی ئەو مومکین نەبوو. «سەد ساڵ تەنیایی» لە مێژووی ئەمریکای لاتیندا زیاترین ژمارەی لێ فرۆشراوە و یەکێک لە بەناوبانگترین کارە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەمە.

کەسایەتییەکی جێگەی ڕێز لە ئەمریکای لاتین

هەواڵی مەرگی بارچا یەکەمجار لە لەلایەن ئالێخاندرۆ فرۆستۆ وەزیری ڕۆشنبیریی مێکزیکەوە لە توویتێردا ڕاگەیەندرا، ئەو هەواڵە شەپۆلێکی بەرینی کاردانەوە خەڵک بە گشتی و کەسایەتییە ئەدەبی و هونەرییە سپانیایی زمانەکان بەتایبەتیی بەدواوە بوو. شارەداری مێکزیک لە توویتێکدا نووسی: «من شانازیی ئەوەم هەبوو چاوم بە بارچا بکەوێ، زۆر قسەخۆش، وردبین، شاد، تێگەیشتوو و بەهەڵوێست بوو. ژنێکی تایبەت و جوان بوو».

سەرۆک کۆماری کۆلۆمبیاش بە بۆنەی مەرگی بارچاوە بەخەمبوونی خۆی دەربڕی و وێڕای سەرەخۆشی لە کەسوکاری وتی بارچا «خۆشەویستی ژیان» و «هاوڕێی بێ شەرت و مەرجی» مارکێز بوو.

سێرجیۆ ڕامیرێز نووسەری بەناوبانگی نیکاراگۆە کە ساڵی ٢٠١٧ خەڵاتی سێروانتێسی پێدراوە، لەو پەیوەندییەدا نووسی: «بە مەرگی بارچا دەورەیەکی ئەدەبیی کۆتایی پێهات و بیرەوەرییە خۆشەکانی هاوڕێیەکی نزیک، چەندین ساڵ یەکتر ناسین، گفتوگۆ، چیرۆکە دوورودرێژەکان و شەوبێدارییەکان دەمێننەوە».

خۆرخێ ئێدرواردۆ ڕیتێر وەزیری دەرەوەی پێشووی پاناما کە دۆستێکی نزیکی مارکێز بوو نووسی: «بێگومان هەمووومان قەرزداری مارکێزین و مارکێز و خوێنەرەکانی کتێبەکانی مەدیوونی بارچان، ئەو دووانە دیسان بەیەک دەگەنەوە».

یەکتر ناسین و پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ مارکێز

مێرسێدێس و گابو چەند ساڵ پێش ئەوەی بڕیاری ژیانی هاوبەش بدەن یەکتریان دەناسی. بارچا وەکوو مارکێز لە ناوچەیەک لە باکووی کۆلۆمبیا لەدایکبوو، ئەو دووانە لەبەر کاری باوکەکانیان یەکتریان ناسی. باوکی مێرسێدێس لە ماگانگێ لە باکوور کۆمۆمبیا دەرمانخانەی بوو و باوی مارکێز بۆ فرۆشتنی دەرمان سەردانی ئەو ناوچەیەی دەکرد، مارکێز کە لە شاری ئاراکاتاکا لە مەودای ٢٠٠ کیلۆمیتریی ماگانگێ لەدایک بووبووو لەو سەفەرانەدا لەگەڵ باوکی بوو، لە یەکێک لەو سەفەرانەدا مێرسێدێسی ناسی. یەکەمجار کە یەکیان بینی مێرسێدێس ٩ ساڵان و گابرییێل ١٤ ساڵان بوو، هەر لەو کاتەوە مارکێز دڵی بەو کچە دا کە «کراسەکەی مراوییەکی پێوە بوو».

مارکێز دواتر بوو بە ڕۆژنامەنووس و چووە ئورووپا و ساڵی ١٩٥٥ یەکەم ڕۆمانی خۆی بڵاو کردەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٧ کاتێک گەڕایەوە بۆ ئەمریکای لاتین وەکوو هەواڵنێری ڕۆژنامەی مۆمێنتۆ لە کاراکاسی ڤێنێزۆێلا نیشتەجێ بوو. چەند مانگ دواتر واتە مانگی مارسی ١٩٥٨ چووەوە بۆ کۆلۆمبیا و لەگەڵ مێرسێدێس بڕیای پێکەوە ژیانیان دا و پێکەوە چوونەوە بۆ کاراکاس.

ئەو سەردەمە مارکێز هێشتا ناوبانگێکی نەبوو و خۆشەویستیی ئەو دوو کەسە لە ژێر کاریگەریی هیچ شتێک بێجگە لە هەستەکانی خۆیاندا نەبوو. ساڵێک دواتر چوونە بۆگۆتا لە کووبا و منداڵی یەکەمیان لەدایکبوو کە ناویان نا ڕۆدریگۆ کە ئێستە دەرهێنەری فیلمە و دواتر منداڵێکی دیکەشیان بوو کە ناویان نا گۆنزالۆ کە ئێستە خەریکی کاری دیزاینە.

مێرسێدێس بارچا شەیدای ئەدەبیات بوو. وەکوو خوێنەرێکی جیدیی و لێزانی بابەتە ئەدەبییەکان هەمووکاتێک یەکەم خوێنەری نووسینەکانی مارکێز بوو و دەوری بەرچاوی لەسەر شێوازی نووسین و ڕەوتی داستانەکانی کتێبەکانی مارکێزەدا دیارە. بارچا هەم پشتیوان و هاندەری مارکێز بوو هەم ڕێنوێن و ڕەخنەگری نووسینەکانی. هاوکات دەورێکی دیاری لە خولقاندنی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکانی مارکێزدا هەبوو. بەڕێوبەریەتیی کاروباریئابووری لە ماڵەوە وای کردبوو کە مارکێز بتوانی بێخەم خەریکی نووسین بێ. لە سەردەمێکدا کە باری ئابوورییان زۆر خراپ بوو زیرەکی و وریایی بارچا لە بەڕێوەبردنیماڵدا وایکرد گابرییێل بتوانی بەردەوام بێ لە نووسین. ساڵی ١٩٦١ دووهەمین ڕۆمانی مارکێز بڵاوکرایەوە بەڵام تەنانەت دوو هەزار دانەی لێنەفرۆشرا.

هاندەری نووران و بڵاوبوونەوەی «سەد ساڵ تەنیایی»

گرینگیی دەوری مێرسێدێس لە کاری ئەدەبیی مارکێزدا لە نووسرا

ن و بڵاوکرانەوەی «سەد ساڵ تەنایی» خۆی نواند. بیرۆکەی سەرەتایی ئەو کتێبە کاتێک لەدایکبوو کە گابو ساڵی ١٩٥٢ لەگەڵ دایکی بۆ سەردانی شاری شوێنی لەدایکبوونی سەردانی کۆلۆمبیای کرد، بەڵام لەو کاتەوە تا تەواوبوونی کتێبە ١٣ ساڵی پێچوو. لەو دەورەیەدا مارکێز کاری ڕۆژنامەنووسیشی دەکرد و ژیانیشی تووشی گۆڕانی زۆر هاتبوو. پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و ئەرکی باوکایەتیی دوو مەسئەلەی سەرەکیی ژیانی بوو، بەڵام بڕیاری دا بۆ ئەوەی هەموو کاتەکەی بۆ نووسین تەرخان بکا ماوەیەک کار نەکات و هەموو کاتەکەی بۆ نووسین دانێ، لە سەرەتادا وای دانابوو کە بە ٤ مانگ کتێبەکەی تەواو کا بەڵام سەرەڕای ئەوەی ڕۆژانە ٦ کاتژمێری بۆ نووسین دادەنا، تەواو کردنی کتێبەکە ١٨ مانگی دیکەی خایاند و باری ئابوورییان زۆر نالەبار بوو و قەرزداری و نەداری تەنگی پێهەڵچنیبوون. لە هەموو ئەو ماوەیەدا بارچا هاوکات کە کاری تایپی کتێبەکەی دەکرد مارکێزی دڵنیا دەکردەوە کە ئاکامی کارەکە باش و سەرکەوتوو دەبێ. لەو ماوەیەدا تەنانەت چەندین مانگ کرێ ماڵیان وەدوا کەوت بەڵام ئەوەش نەیتوانی گابرییێل و مێرسێدێس لە نووسینی «سەد ساڵ تەنیایی» پاشگەز بکاتەوە.

کاتێک ساڵی ١٩٦٥ نووسینی «سەد ساڵ تەنیایی» کۆتایی پێهات و مارکێز بەتەمابوو بە پۆست بۆ ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ئارژانتینی بنێرێ، پووڵی پۆستەکەی ٨٣ پێزۆ بوو و مارکێز لەبەر ئەوەی ئەو پووڵەیان نەبوو بڕیاری دا بەشێکی بنێرێ بەڵام مێرسێدێس ڕێگەی پێنەدا و بە فرۆشتنی هەندێک شتومەکی نێوماڵ پووڵەکەیان دابین کرد و کتێبەکەیان نارد.

دوو ساڵ دواتر کتێبی «سەد ساڵ تەنیایی» بڵاوکرایەوە و زۆر زوو سەرەنجی خوێنەرانی و ڕەخنەگرانی ئەدەبیی ڕاکێشا و لە ماوەیەکی کەمدا وەرگێڕایە سەر چەندین زمان و میلیۆنان دانەی لێفرۆشرا.

هاوکات لەگەڵ بڵاکرانەوەی کتێبەکەدا گابۆ و مێرسێدێس باریان کرد بۆ بارسێلۆنا. ئەو کاتە مارکێز ناوبانگێکی زۆری هەبوو و مێرسێدێس کاری بەڕێوبەریی ماڵ و خانەوادەی لە ئەستۆ بوو. مارکێز کە ئەو کاتە خەریکی نووسینی ڕۆمانی «پاییزی باوکسالار» بوو لە وتووێژێکدا بە هەواڵنێرانی وت: « منیش وەکوو منداڵەکان بۆ کڕینی شیرینی پووڵ لە مێرسێدێس وەردەگرم».

مێرسێدێس تەنها هاوسەر و خۆشەویستێک نەبوو بەڵکوو بوێرانە دەوری خۆی لە بەردەوامیی ژیانێکی هاوبەشی سەرکەوتوودا دەگێڕا. بێگومان ئەگەر بارچا نەبوایە مارکێز ئێستە وەکوو یەکێک لە مەزنترین نووسەرانی سپانیۆلی زمانی مێژوو ئەدەبیاتی جیهان نەدەناسرا.


William Fernando Martinez (AP)

درێژەی لاپەڕەی ٩

لە

# پێویستیی خەباتی فرە ڕەهەندی:

## چەند پێشنیار بۆ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پێدەچێت پێداچوونەوە یان ڕێکخستنەوەی سیستەمی پەروەردەی حیزبەکان بتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ ببینێ لە چارەسەری ئەو کێشەیەدا. ئەگەرچی هیچ پلانێک بە ئەندازەی کەڵکوەرگرتنی چالاکانە و کردەیی لە تواناکانی پێشمەرگە لە مەیدانی بەرخۆدانی دژە داگیرکەردا ناتوانێ کاریگەری هەبێ! هەوڵ دەدەم لە جێگایەکی تردا بە وردی لەسەر ئەم بابەتە گرنگە بنووسم.

٦. کەڵکوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان: بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە داگیرکەر لە هەموو توانا و میتۆد و شێواز و ئامراز و کەرەسەکانی بەردەستی بە مەبەستی دژایەتیکردن لەگەڵ نەتەوەی کورد کەڵک وەردەگرێت و بۆ ئەوەش سەرچاوەی ماددی- ئابووریی زۆری بەدەستەوەیە و تێگەیشتن لەوەی کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەست بەو ڕاستییە دەکەن بەڵام توانای هاوسەنگیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو پلانانەی داگیرکەر نییە، پێویستە لانیکەم لەو تەکنۆلۆژیا جیهانییە بەردەستە بە گونجاوترین شێواز کەڵک وەربگیرێت. دیارە تۆڕە کۆمەڵەیاتییەکان و گرووپە جۆراوجۆرەکان کە بەتایبەت لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر کەس بەکاریان دەهێنن، جێگا و ڕێگایەکی باشن هەم بۆ پەیوەندیگرتنی حیزبەکان بە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و گەیاندنی پەیامی خۆیان، هەم بۆ ئاشکراکردنی پیلانەکانی دوژمن و بەرپرچدانەوەیان و هەم بۆ خولقاندن و نیشاندانی هێزی نەرمی حیزبەکان. ئەگەرچی لەوەش ئاگادارین کە حیزبەکان تەنانەت لە خولقاندنی هێزی نەرمدا گرفت و کەموکوڕی زۆریان هەیە. بە کورتی، مەبەستم لە هێزی نەرم، هێزی قەناعەتپێهێنانە. بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵ و کاریگەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی یەک دەیەی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەندێ لە وڵاتانی باکووری ئەفریقادا، گرنگی ئەو تەکنۆلۆژیا و تۆڕانە بۆ کورد بە گشتی و حیزبەکان بەتایبەتی، بە ڕادەیەک زەق و بەرچاوە کە پێویست بە شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی زیاتر ناکات. بەڵام ئەوەی ڕوونە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان نەیتوانیوە لەو دەرفەتە وەک پێویست کەڵک وەربگرێت.

٧. هاوکاری لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان: لە پێشدا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە ساڵانی ڕابردوودا، ئەوەی کە بەرچاو بووە، خواستی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بووە بۆ پێکهێنانی هاوکاری لەگەڵ لایەنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتا هەر کەسێ بەدواداچوونی بۆ ئەو بابەتە کردبێ، تا ڕادەیەک بۆی ئاشکرایە کە مەیل و خواستی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بە بەراورد لەگەڵ لایەنەکانی تر، بۆ پێکهێنانی هاوکاریی، لانیکەم لە بانگەواز و داواکاریدا، زیاتر بووە. لێرەدا دەمهەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئەوە سیاسەتێکی درووستە و هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێ هەر وەک ئەولەوییەتی کۆمەڵە بمێنێتەوە. لەپاڵ بانگەواز و خواستی هاوکاریدا، دەبێ بەردەوام و بە کردەوە میتۆد وبابەت بدۆزێتەوە بۆ هاوکاریکردن لە هەموو ئەو بوارانەی کە لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندان. بە بڕوای من هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لە ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بە بێ هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تەنیا پێگەی حیزبەکان سووک دەکات و هیچ قازانجێکی نابێت. هەر لەم پەیوەندییەدا، سکرتێری کۆمەڵە لە دوایین وتووێژی خۆیدا لەگەڵ تیشک تی ڤی، ئاماژە بەو خاڵە دەکا کە یەکێ لە گەورەترین کێشەکانی بەردەم هاوکاری لایەنەکان بەتایبەت لەو ساڵانەی کە لە نێوخۆ لە دژی داگیرکەر چالاکییان دەکرد، ئێرانچییەتی بە مانای نزیکبوونەوەی هەر لایەنێکی ڕۆژهەڵات لە حیزب و لایەنێکی ئێرانی بوو.

٨. گرنگیدان بە ئابووریی و داهاتی سەربەخۆ: هێز لە سیاسەتدا ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ کە وزە لە فیزیک و پووڵ و پارە لە ئابووریدا دەیگێڕێ. هەموو ئەکتەرە سیاسییەکان و بەتایبەت ئەکتەرێ کە خۆی بە نوێنەری نەتەوە و وڵاتی داگیرکراو دەزانێت و هەوڵی ڕزگارکردنی دەدا و لەگەڵ داگیرکەر لە ململانێی بەردەوامدایە، دەبێ گرنگییەکی تایبەت بە هێز بدات. ئەوە بۆ هەموو حیزبەکانی کوردستان پێویستە. بەڵام هێز تەنیا چالاکی و خۆڕاگری و خەباتی پێشمەرگە نییە. هەموو ئەو خاڵانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێ درا دەبنە هۆی هێزگرتنی حیزب. لەو نیوەدا فاکتەری توانای ئابووریی و داهاتی سەربەخۆ ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ دەگێڕێ. مەبەست ئەوەیە کە کۆمەڵە دەبێ هەوڵ بدا پەرە بە سەرچاوەی داهات و دەرامەت بۆ چالاکییەکانی بدات. هیچ بزووتنەوە و حیزبێک ناتوانێ بەبێ سەرچاوەی ماددی پێویست، لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا بەردەوام و سەرکەوتوو بێت. پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە حیزب ببێتە کۆمپانیایەکی ئابووریی، بەڵکو مەبەست دۆزینەوەی سەرچاوەی داهاتی سەربەخۆ لە ڕێگای چالاکی ئابوورییەوەیە. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە لە کۆتاییدا توانا و هێزی ئابووریی شۆڕ دەبێتەوە بۆ بوارەکانی تر و هەر چەندە حیزب لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێزتر بێت، لە بوارەکانی تریشدا بەهێزتر دەبێت. ئەمڕۆکە، سەرکەوتن لە شەڕدا پێویستی بە سەرمایە هەیە، پێویستە توانای ئابووری خۆیان بەرفراوانتر بکەن.

٩. پەراوێز نەخستنی خەباتی چەکداری: ئەمڕۆکە بە بێ هیچ بەڵگە و پاساوێکی زانستیانە و ژیرانە، دژایەتی لەگەڵ خەباتی چەکداری بووەتە مودێک و بەردەوام دووپات دەبێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەر حیزبێکی دژە داگیرکەر دەبێ لە هەموو شێوازەکان بۆ سڕینەوەی داگیرکەر لە نیشتمانی کەڵک وەربگرێت، بەتایبەت ئەگەر داگیرکەر خۆی لەو میتۆدە کەڵک وەربگرێت و لە هیچ شێوازێک بۆ خۆسەپاندن، خۆی نەبوێرێ. یەکێک لەو میتۆدانە کە حیزبەکانی کوردستان کەڵکیان لێ وەرگرتووە و پێویستە بەردەوام لەبەرچاوی بگرن، خەباتی چەکدارییە. ناکرێ لە سەردەمێکدا کە سیاسەتی لایەنی بەرانبەر «بگرە و بکوژەیە» و بە کردەوە لە هەموو جۆرە چەک و کەلوپەلێکی سەربازی بۆ لاوازکردن و تەنانەت تەفروتووناکردنی تۆ کەڵک وەربگرێت، بانگەوازی خەباتی ئاشتیخوازانە و هێمنانە بکەیت و وەک ئەولەوییەت چاوی لێ بکەیت. نەتەوەی کورد بە گشتی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی زیاتر بوونەتە قوربانی هەڵەکانی خۆیان تا ئەوەی قوربانی توانای دوژمن بووبێتن. هیچ عەقڵێک ئەوە قەبووڵ ناکات لە کاتێکدا خۆت بە هێزی ڕزگاریبەخش دەزانیت، دانیشی هێرش بکەنە سەرت و ئەوسا لە بیری بەرگریدا بی. لە شەڕی ڕزگاریخوازیدا دەبێ هەوڵ بدەی لە تێکەڵاوێک لە هێزی سیاسیی، ئابووریی، چەکداریی و فکری کەڵک وەربگریت. دەبێ هەموو کۆمەڵگە بە هەموو شێوازێ تێکەڵ بە خەبات بکرێ. لە ئەلجەزایر هەر کاتێ فەڕەنسییەکان ئۆپەراسیونێکی سەرکەوتوانەیان لە دژی سوپای ڕزگاریبەخشی مۆسڵمانان ئەنجام دەدا، خێرا هەندێ گرووپی نوێ جێگای قوربانیانیان پڕ دەکردەوە. وای لێ هات کە نیو ملیۆن سەربازی فەڕەنسەیی تەنیا کاتێ دەیوانتوانی ڕێگری لە ئازادی و سەربەخۆیی ئەلجەزایر بکەن کە ١٠ ملیۆن دانیشتووی ئەو وڵاتە بکوژن. هوشی مین سەرۆک کۆماری ڤێتنام لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٦دا گوتی: «ژن و پیاو، لاو و بەتەمەن، بە بێ لەبەرچاوگرتنی هەر ئایین و ڕێباز و ڕوانگەیەکی سیاسی دەبێ ڕاپەڕن و بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانی خۆیان لەگەڵ داگیرکەر شەڕ بکەن، ئەوانەی تفەنگیان هەیە بەکاری بهێنن، ئەوانەی شمشێریان هەیە بەدەستیەوە بگرن، ئەوانەی شمشێریان نییە بە چێو و بەرد ڕاپەڕن.

شەڕی کورد، شەڕی حەز و خواست نییە، بەڵکو شەڕێکە کە بەسریدا داسەپاوە. کورد نە بۆ ڕەگەزپەرەستی شەڕ دەکات و نە بۆ ئایین و نە بۆ دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی ئەوی تردا، بەڵکو بۆ ڕزگاری نیشتمانی داگیرکراو و مافی پێشێلکراوی خۆی خەبات دەکات و بە هەر چاویلکەیەکەوە و لە هەر ڕوانگەیەکەوە بڕوانی، هەر جۆرە شەڕێکیشی ڕەوایی و هۆکاری پێویستی هەیە. جگە لەوە، کورد بۆ جیهانێکی جوانتر و باشتر و عادڵانەتر شەڕ دەکا و لە ڕووی ئەخلاقیشەوە شەڕێکی قەبووڵکراوە. دڵنیام بەرپرسانی حیزبەکان زیاتر لە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بڕوایان هەیە کە داگیرکەر نە ئامادەی گفتوگۆیە و نە مل بە هیچ ڕێگایەکی ئاشتیخوازانە دەدا. هەروەها گومانم لەوەدا نییە کە ئەوان زیاتر لە هەموو کەس، لە خەسارەکانی پەراوێزخستنی شەڕی چەکداری ئاگادارن. ئەوەی دەمێنێتەوە، هەڵسەنگاندنی توانای خۆیان و هەلومەرجی لەبار و پۆتانسییەلەکانی کۆمەڵگەیە، کە جێگای مشتومڕە و دەکرێ لە بابەتێکی جیاوازدا لەسەری بنووسرێ. لێرەدا تەنیا ئاماژە بەو خاڵە دەکەم کە پێویستە کۆمەڵە بەو قەناعەتە بگات کە کورد هەر لە پێشدا دۆڕاو نییە و ئەوە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنێکی هەڵەیە کە باڵی بەسەر هەموو حیزبەکاندا کێشاوە. ئاشکرایە کە زۆرێ لە بزووتنەوە چەکدارییە دژە داگیرکەر و ڕزگاریدەرەکان هێزێکی بەتەواوەتی ناهاوسەنگیان بووە بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتوون. لە سەردەمی ئێستادا پێش بینی ئەوە دەکرێ کە خەڵک لە قۆناغە هەستیارەکاندا خۆیان تێکەڵ بە پێشمەرگە دەکەن، بۆیە پەراوێزخستنی شەڕی چەکداری جگە لە خەسار هیچ دەستکەوتێکی بۆ کورد نەبووە.

١٠. خاڵی دەیەم و کۆتایی ئەوەیە کە کۆمەڵە دەبێ وەک بۆخچە یان پەکەیجێک چاو لە خەبات بکات. واتا هەم ئەو خاڵانەی سەرەوە و هەم هەموو بنەماکان و فاکتەرەکانی خەباتێکی نەتەوەیی ڕزگاریخوازانە بە شێوەی هاوکات لەبەرچاو بگرێت و بە مەبەستی سەرکەوتن، هەوڵی جێبەجێکردنیان بدات. من هەوڵ دەدەم لە نووسراوەیەکی تردا بە وردی ئاماژە بدەمە هەندێ لە سەرەکیترین توخم و بنەماکانی خەباتی ڕزگاریخوازانە. هەر حیزبێکی شۆڕشگێر ئەگەر بە ڕاستی بیهەوێ خەباتێکی جدی بکات، دەبێ هەم لە هەموو بوارەکاندا بە شێوەی هاوکات چالاک بێت و بە بیانوو و پاساوی جۆراوجۆر، هیچ بوارێک پەراوێز نەخات. خەباتی ڕزگاریخوازانە هەندێ بنەما و تایبەتمەندیی هەیە. بۆ نموونە، هەر کۆمەڵگە یان وڵاتێک «گەشەی ئابووری» یان «گەشەی کلتووریی» یان «گەشەی سیاسی» یان «گەشەی هەمەلایەنە» وەک ئامانجی خۆی پێناسە بکات، دەبێ سەرەتا بزانێ بنەما گشتیی و جیهانییەکانی گەشەی ئابووریی کامانەن و پلانێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەمانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی دابڕێژێت. هەروەها لە گەرمەی هەر شەڕێکدا هەر لایەنێک بیهەوێت سەرکەوێت، دەبێ بنەماکانی سەرکەوتن لە شەڕدا ڕەچاو بکات و لە مەیدانی شەڕدا جێبەجێیان بکات. تەنانەت هەر تاکێکی کۆمەڵگە بیهەوێت لە ژیانی تاکەکەسی خۆیدا، کەسایەتییەکی سەرکەوتوو بێت یان لە بوارێکی تایبەتی ژیانیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دەبێ لە بنەماکانی سەرکەوتن لەو بوارەدا ئاگادار بێت و بە شێوەی هاوکات هەوڵی جێبەجێکردنیان بدات. هەر بەو جۆرە، هەر حیزبێک کە پێشەنگی خەباتی ڕزگاریخوازانەیە دەبێ لە هەموو بنەماکانی خەباتێکی سەرکەوتوو ئاگادار بێت و هەوڵی پراکتیزەکردنیان بدات. بەبێ لەبەرچاو گرتنی هەموو بنەماکان، سەرکەوتن مانایەکی نییە.

ئەو خاڵانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، نیشاندەری ئەوەن کە خەباتی ڕزگاریخوازانە لەگەڵ دانیشتن و چاوەڕوانیدا یەک ناگرنەوە. لە ئەنجامدا سەرکەوتن و ڕزگاریی و ئازادیی نەتەوەی کورد بەستراوەتەوە بە چۆنییەتی خەبات و چلۆنی داڕشتنی ستراتیژی و تاکتیکەکان و بەتایبەت بەستراوەتەوە بە چۆنییەتی کەڵکوەرگرتن لە هێزی مرۆیی، ماددی و چەکداریی. سەرکەوتن بەرهەمی تێفکرین و و دووربینیشییە. چاوەڕوانی یان ئاواتخواستن بەرهەمێکی نابێ. لە کۆتاییدا وەڵامی ئەو پرسیارانە کە ئایا کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دەتوانێ لە توانا بەرچاو و شاراوەکانی کەڵک وەربگرێت و ئایا بەستێنی کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان دەرەخسێنێت و ئایا دەتوانێ پێگەی خۆی بەهێزتر بکاتەوە و بەو جۆرە کاریگەری لەسەر لایەنەکانی تر و ڕەوتی خەباتی ڕۆژهەڵات بە گشتیی دابنێت یا نا، لە لای سەرکردایەتی و بەرپرسان و بڕیاردەرانی ئەو حیزبەیە.

## سەمەد بێهرەنگی

# ماموستایەک کە بوو بە ئەفسانە

**دوارۆژ**

سەمەد سالّی ١٣١٨ی هەتاوی لە گەڕەکی «چەرەنداب»ی تەورێز لە بنەماڵەیەکی هەژار چاوی بە ژیان پشکووت. سەمەد هەر لە منداڵیەوە لە ئامێزی هەژاریدا گەورە بووە و هەستی بەم بێ عەداڵەتیە دەکرد.

سەمەد سەرەڕای نەداری و بێدەرەتانی بنەماڵەکەی توانی سەرکەوتووانە درێژە بە خوێندن بدا و سالّی ١٣٣٤ ی هەتاوی خولی بارهێنانی مامۆستایی تەواو بکات و لە سەر داوای خۆی رەوانەی ئاواییەکانی دەوروبەری تەورێز کرا. یازدە سالّی تەواو لە ئاواییەکانی «مەمقان» , «قەد جیهان» , «ئازەر شار» , «گۆگان» و «ئەخیرجان» بەوپەڕی دڵسۆزیەوە خەریکی وانە وتنەوە بوو. سەمەد لە ناو کانگای هەژارانەوە هەڵقوڵاو لە ٩ی خەرمانانی سالّی ١٣٤٧ی هەتاوی لە کاتی مەلە کردن لە چومی ئاراس خنکا و چوە ناو مێژوو و دڵی بێبەشانەوە.

ژیانی سەمەد بێهرەنگی لە ناو هەژاران و بێبەشانی کۆمەڵگا و روانینی هەژاری و ستەمی چینایەتی، کاریگەریەکی قوولی لەسەر نووسینەکانی دانا. سەمەد هەمیشە ئەو رستەی دووپات دەکردەوە کە « دەبێ بە جوانی هەست بە سەرما بکەیت، سەرما تا نێو ئێسقانەکانت بچێت و ئەو کات لە سەرمادا هاوار بکەیت.

سەمەد بێهرەنگی ماموستا و نووسەری شۆڕشگێر و لە هەمانکاتدا هەڵگری بیری چەپ و مارکسیسیتی بوو، بەڵام سەر بە هیچ رێکخراو یا حیزبێک نەبوو. سەمەد سەبارەت بە خۆیی دەڵێت: وەک قارچ لە دایک نەبووم، بەڵام وەک قارچ گەورە بووم، بەڵام نە وەک قارچ زوو لە ناو چۆم و لە هەر کوێ نمێک هەبوو کرامەوە ... وەک داری سنجوو لار و لەوێر و قەناعەتم کرد بە ئاوی کەم و بووم بە مامۆستای ئاواییەکانی ئازەربایجان. باوکم دەڵێت: ئەگەر ئێران لە ناو ئێرانیەکان دابەش بکەن، بەشی تۆ لەمە زیاتر نییە.

سەمەد بێهرەنگی نووسەر و رخنەگری کۆمەڵایەتی بوو و کتێبەکانی کاریگەرێکی زۆریان لە سەر کۆمەڵگای دەیەی ٣٠ و ٤٠ دانا. سەمەد ماموستای قوتابخانە بوو و یەکەمین کەس بوو کە بۆ یەکەم جار سیستەمی خوێندنی ئێرانی خستە بەر توێژینەوە و بە چاوێکی رخنەگرانەوە دەیڕوانیە سیستمی خوێندن لە ئێران و هەموو ئەو بیرۆکانەی لە کتێبیکدا بە ناوی « کند و کاو در مسائل تربیتی ایران» چاپ و بڵاو کردەوە. سەمەد لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کتێبەکانی راهێنان هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە ژیانی واقیعی و راستەقینەی خوێندکارانەوە نییە و سیستەمی خوێندنی وڵات بە شێوەی ئەنقەست دەیەوێت هەلی بیرکردنەوەی باش و گونجاو لە منداڵان بگرێت. کۆمەڵێک لەو بیرۆکانە لە روانگەی «ماکارنگو»ی وەرگرتبوو.

لە سالّی ١٣٤١ی هەتاوی سەمەد لە دوا ناوەندیی بە هۆی کاری وشیاریدەرانە لە ناو خوێندنگا و مامۆستایانی دواناوەندیی دەرکرا و نێردرا بۆ قوتابخانەی سەرەتایی و سالّێک دواتر بە هۆی دروستکردنی تۆمەت لەلایەن بەرپرسی کاتی ئیدارەی خوێندن راپێچی دادگا کراو لە ئاکامدا بێ تاوانیەکەی



سەلمێندرا. لە سالّی ١٣٤٣ی هەتاوی بە هۆی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی « پارە پارە» واتە ناوە ناوە لەلایەن دادسەرای گشتی تەورێز شەش مانگ لە وانە وتنەوە بێبەشیان کرد و دواتر حوکمەکەی هەڵوەشایەوە و سەمەد توانی بگەڕێتەوە قوتابخانە و درێژە بە وانە وتنەوەی بدات. لە ساڵەکانی ١٣٤٠ی هەتاوی و هاوکات لەگەڵ دەسبەسەرکردنی کۆمەڵێک لە نزیکان و ئێعدام کردنیان، سەمەد لە نارەزایەتی خوێندکاران بەشداری چالاکی هەبوو.

دوا بە دوای بڵاو بوونەوەی مەرگی سەمەد بێهرەنگی؛ کۆمەڵگای رووناکبیری ئەو سەردەمە بە تایبەتی «جەلال ئال ئەحمەد» و غولام حسەین ساعدی» هەر لە یەکەم ساتی گەیشتنی هەواڵی مەرگی سەمەد ساواکیان بە کوشتنی ناوبراو تۆمەتبار کرد. «جەلال ئال ئەحمەد» ئەو کەسە بوو کە کتێبی «سەمەد و ئەفسانە»ی نووسی و باسی لە کوشتنی سەمەد کرد بە دەستی ساواک و ئەو باسەی لە ناو خەڵکدا دروست کرد کە سەمەد لەلایەن ساواکەوە کوژراوە. بە هەر حال مەرگی سەمەد لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بۆ نەکرا و ئەوە خۆی لە خۆیدا گومان دروست دەکات کە سەمەد بە دەستی ساواک کوژراوە و کۆمەڵێکی دیکەش وەک «سیروس تاهباز» لە سەر ئەو باوەڕەن کە سەمەد خۆیی خنکاوە و ئەسەدی برای ئەوەی سەلماندوە کە سەمەد مەلەی نەدەزانی و هەروەها دەڵێت: کۆمەڵێک سەمەدیان لەگەڵ ئەفسەرێک بینیوە، بەڵام کەس زانیاری وردی نییە. خەڵکی ئاواییەکانی ئەو ناوچە زۆر رووخۆش بوون و رێزێکی زۆریان بۆ سەمەد دادەنا. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بە نەمانی سەمەد بێهرەنگی منداڵان لە کتێبە شۆڕشگێڕی و وانەکانی بۆ فێر بوون و چۆن بەرگری کردن لە خۆ لە ژیاندا بێبەش بوون. بە داخەوە سەمەد رۆژی ٩ی خەرمانانی ١٣٤٩ی هەتاوی بە شێوەیەکی گوماناوی لە لایەن ساواکەوە لە رووباری ئارەس خنکێندرا، تەنها تاوانی سەمەد ئەوە بوو کە کەسێکی چەپ و بیری نوێخواز و شۆڕشگێر بوو.

# زیندان ! بۆ یادی نەسرین و شەهلا کعبی

**سەرچاوە: لاپەری فەیسبووکی فایزە ساڵەحی.**

دەنگی کردنەوەی دەرگای ئەناسی سالۆنەکە، ترس و دڵەڕاوکێ ئەخاتە ناو دڵی هەموومانەوە. هەرکەس لە ژووری خۆیەوە هەڵدەستێتە سەرچۆک و دنیای خەون بەجێ دێڵێ و گوێ ڕائەگرێت بۆ دەنگی پێی ئەو کەسانەی وا دێنەژوورەوە. ئەمە یەکەم جار و یەکەم شەو نییە کە ئەژدیهاکان بەم شێوەیە خۆیان ئەکەن بە بەندەکانی ئێمەدا.

ئەوانن! دەنگی پێیان ئەناسمەوە. دیسان ئەمشەو چییان ئەوێت؟ دەنگی پێی چەن کەس بەیەکەوە. دەنگی ناخۆشی قەلەڕەشەکان، وەک مۆسیقایەکی ترسناک سالۆنەکە دادەگرێت. من بەپەلە، لەو تاریکییەدا چاوێک لە فریشتە و نیگار دەکەم.

ساعەت چەندە؟

کەس نازانێ. کەسێش ناوێرێ چاو لە ساعەت بکات. چاویشی لێ بکات نایبینێت. کات وەستاوە. کات داوای هەناسەکانی ئێمە، سێ کچی تەمەن شازدە- حەڤدە ساڵە ئەکات کە لە زیندانی شاری سنە بەند کراوین. من بە ئەسپایی بە فریشتە ئەڵێم «بێژی بۆ کێ هاتبن» فریشتە وەک هەمیشە نەرمونیان جواب ئەداتەوە و ئەڵێ: «نازانم فایزە! نازانم». بێدەنگ ئەبم.

ترسی ئەمشەوم وەکوو جارەکانیتر نییە. ئەمشەو، باڵای مەرگ بەرزتر لەهەموو شەوەکانیترە. ئەمشەو تینووی خوێنن. ئەمشەو، ئارامیان لێ براوە بۆ لەسێدارەدانی ئازادی.ئەمشەو جیاواز لە جارەکانیترە. هەوایەکی ساردی پڕ لە بێدەسەڵاتیم بۆ دێت. چیان ئەوێت؟ کێیان ئەوێت؟ ناوی کێیان لەناو نامەی دڵدارانی ئازادیدا بینیوەتۆ؟ چییە، بۆ وا بەپەلەن بۆ هەڵکەندنی باڵی کۆتری عەشق؟ بەخۆم ئەڵیم: «فایزە! ئارام بە، لەوانەیە بۆ تۆ نەهاتبێن!» دڵم ئارام ناگرێت: « ئەی ئەگەر بۆ فریشتە، یان نگار هاتبێن؟!»

بێدەنگی و تاریکی، قورس قورس باڵیان بەسەر هەرسێکماندا کێشاوە. وەکوو ئەوە وایە کەسمان لەوێ نەبین. هەرسێکمان هەست بە تەنیایی ئەکەین و تەنیا دەنگی دڵی خۆمان بیرمان ئەخاتەوە کە ماوین و نەمردووین. ئەمشەو، هاتنیان بۆ وا سامناکە؟ چی ئەقەومێت؟ چی...

دەنگیان نزیکتر ئەبێتەوە و هەستی کچانەی من زۆرتر خۆی لەناو ناخمدا حەشار ئەدات. وا هەست ئەکەم دڵم لە جێگای خۆی نەماوە بەڵام هەر لێی ئەدات. دڵم هاتووەتە ناو دەمم. کەم کەم، تامی خوێن ئەکەم. لەم شەوانەمان زۆر بووە. هاتوون و کەسێکیان بردووە. هەر چەن شەو لەمەوپێش بوو، هاتن خۆمیان برد بۆ «بازجوویی»، بەنیمەشەو، بەچاوی پڕ لە خەوێکی نائارامەوە. بردمیانە ژوورێکی ڕووناک ڕووناک چاوم هەڵ نەدەهات. پیاوێکی پیری پیسی لەهیچ نەچوو، تووڕە لەخۆی و لەدونیا و لەخوا بێڕەحمەکەی خۆی، لە جێگای خۆی هەستا و بەهەموو هێزی خۆی شەپڵاخەیکی لە ڕوومەتم دا. پاشان منیان هێنایەوە. ئەوە «بازجوویی» من بوو. هەتا دوو ڕۆژ دواتریش جێگەدەستە زەهراوییەکەی لە سەر ڕوومەتم ئەکزایەوە. بەڵام لەوە ناخۆشتر هەستێکی قیزەون بوو کە لە مندا دروست بوو.

دەنگی نزیکبوونەوەی پێی ئەو جەلادانە، من لەفیکری شەوەڕەشەکانی زیندان ئەهێنیتەدەر، ئەمشەو ترس لەهەموو شتێک و لە هەموو کەسێک لێم نزیکترە. دەنگەکان لەدەرگای ئێمە تێ یئەپەڕن. دوور دوور، لەو سەری سالۆنەکە، دەرگایەک ئەکرێتەوە. ورتەورتێک ئەبیسترێت و، پاشان دەنگی دوور کەوتنەوەی چەن کەس و داخستنی دەرگای ئاسنی سالۆنەکە. بیدەنگی... بێدەنگی... ترس و دڵتەنگی. گۆرانیی مەرگ، هەرسێکمان ئەکاتەخەو. بەیانی، بەدەنگی ژنە بێڕەحمەکان بەخەبەر دێین کە هەڵمان دەستێنن بۆ نوێژ کردن بۆ خواکەیان.

دواتر خەبەر ئەبیستین کە ئێوە نەسرین و شەهلا بوون بردنیان و، بەو نیوەشەوەهەر دووکیان بوون بە دوو کۆتری سپی بۆ ئاسمانە پڕ لە عەشقەکەی شاری سنە.

من ئەو ڕۆژانە، دوای بیستنی ئەو هەواڵە، پڕ بووم لەخەم، نیوەی لەشم بەدوای خۆما ڕادەکیشا. چاوم دایم گۆمی فرمێسک بوو، بەڵام قەت نەمهێشت لای بێهەستەکان هەڵوەرێت. لە بیرم دێت لای فریشتە زۆر گریام، زۆر. ئارام، وەکوو پەپولەیەک دڵداریی ئەدامەوە.

چاوم بە ژوورەکەی نەسرین و شەهلا ئەکەوێت، هەست ئەکەم ئێستا نەسرین بەقسەی خۆش و پێکەنینەوە، دێتەدەر هەموومان لەخۆی کۆ ئەکاتەوە. یان شەهلا بەمێهرەبانی چاویکمان لی ئەکات.

ئەو رۆژانە تەنیا یەک شت منی لە دنیای دڵتەنگی و بەتاڵیی خۆم دوور ئەکردەوە، ئەویش کایەکردنی منالە چوار ساڵانەکەی ماڵی کەمانگەر بوو کە لەگەڵ دایکی زیاتر لەساڵێک بوو حەبس بوو، وەکوو فریشتەیەکی ڕەنگ پەڕیو ئەهات و ئەچوو. ئێمەش وەکوو منالی خۆمان ئەماندووان. تەنیا چاوەگەشە پڕ لەئارەزووەکەی سەعید ی چوار ساڵە بوو کە جوانیی ژیانی بیر ئەخستینەوە.

دواتر بیستمان کە شەهلا نەیویستبوو چاوی کراوە بێت لەبەر ئەوەی مەرگی نەسرین نەبینێت و نەسرینیش هەر وا.

لەم هەموو ساڵەشدا، نەمتوانی بە چاوی کراوە، دوایین ساتەکانیان بێنمەوە بەرچاو. ڕەنگە هەر بۆیەش بێ هەرگیز بڕوام بە مەرگیان نەکرد. چاوەکانیان، ئێستاش ڕووناکی بە خاک دەبەخشێ و، ڕووناکی بە سپێدەی بەیانان.

# تاران پایتەختی سێدارە

## (بەشی سێهەم)

عـــزیز ئاجیکەند

کـــوردەکان لە ژێر ڕەهێڵەی ئاگری لوولەی تفەنگی داگیرکەرانی کوردستان

مانگی خەرمانان یەکێک لە ڕەشترین مانگەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیە لە مێژوی ٤٢ ساڵ لە دەساڵاتیدا . لە مانگی خەرماناندا جینایەتی کۆماری ئیسلامی گەییشتە بە ئەوپەری خۆی . لەو مانگەدا خۆشەویسترین رۆڵەکانی کوردوستان بە دەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی لە سال و لە رۆژی جیاجیادا ، ژیانیان لێئەستێندراو لە مافی ژیان کردن بێ بەشکران .

لە سەرەتای بابیتی ئەم جارەمان دا چاوێکی خێرا دەگێرین بە روداوەکانی ئەو سەردەماندا ...

رۆژی ٣ی مانگی خەرمانانی سالی ١٣٥٨ هەواڵێکی کورت بە کوچەو کۆڵانی شاردا دەگەرێ. هەواڵەکە یەکجار کورتە بەڵام زۆر جەرگ بڕ... ئەو هەواڵە لەو دیوی دیواری بەتەلبەندکراوی پادگانی مەریوانەوە بە گوێ دەگەیشت . بەرەبەیانی ئەو رۆژە ٩کەس لە تێکۆشەرانی سیاسی و لە خۆشەویسترین کەسانی ناو بزوتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستان بە دەستی قەسابە جینایەتکارەکەی نێردراوی خۆمەینی جەڵاد ئێعدام دەکرێن . ئەو روداوە جیا لە کوردستان کە بوو بە مایەی رق و تورەیی و نەفرەتی زیاتر لە ڕژیمەکەی تاران ، لە تەواوی ئێران دەنگی دایەوەو بوو بە مایەی شەرمەزاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی .

هاورپیانی ئێعدام کراو بریتی بوون لە :

١- حوسێن موستەفاسولڵتانی
٢- ئەمین موستەفا سلڵتانی
٣- ئەحمەد پیرخزریان
٤- حوسێن پیرخزریان
٥- فایەق عەزیزی
٦- عەلی داستانی
٧- بەهمەن ئەخزەری
٨- جەلاڵ نەسیمی
٩- ئەحمەد قادرزادە

هەروەها لەم رۆژەشدا دەستی جینایەتی کۆماری ئیسلامی بەوە نەوەستاو لە جینایەتیکی تردا و لە زیندانی ورمێ چوار کیژۆڵەی تریان کە تازە لاو بوون و تازە پێگەیشتوو، لە مافی ژیانکردن بێ بەش کران و یەکێکیشیان بێسەروشوێن کرا ..

لە سیدارەدراوەکان بریتین لە :

مەعسوومە سەرهەنگی، نەسرین پاکنیا، مرێم فاروقی و سەفیە محەمەدی و هەروەها نەرمین کەریمی کە هاوبەندیان بوو بێسەر و شوێنیان کرا.

٥ی مانگی خەرمانان سالرۆژی تیرباران کردنی ١١ تیکۆشەری ترە کە کاتژمێر ٣ی ئێوارە لە فروودگای شاری سنەدا زۆر بی بەزەیانە بەدەستوری خەڵخالی تیرباران کران .

تیرباران کراوەکان بریتین لە :

یەکەم ناسر سەلیمی ٢- عەتاالله زەندی ٣- شەهریار ناهید ٤- ئەحسەن ناهید ٥- عەبدوالله فولادی ٦- موزەفەر رەحیمی ٧- دەروێش عیسا پیروەلی ٨- ئەمجەد موبەسیری ٩- سەرتیپ موزەفەر نیازمەند ١٠- سیروس مەنوچێهری ١١- جەمیل یەخچالی .

چلەمین سالڕۆژی تیربارانی شەهلا و نەسرین کەعبی

بەرەبەیانی ڕۆژی ٧ی خەرمانانی سالی ١٣٥٩ لە زیندانی سنە ، دوو خوشک ، دوو تیکۆشەرو دوو پەرەستارو دوو مرۆڤ و لە یەکەمین ژنانی قوربانی جەهل و تاریکی و جەنایت کە جگە لە خزمەت بە خەڵک هیچ تاوانێکان نەبوو زۆر دلڕەقانە و بێ ڕەحمانە تیرباران کران . ئەم دوو خوشکە بریتی بوون لە هاورێان نەسرین کەعبی و شەهلا کەعبی .

جینایەتی قارنێ و قەڵاتان، پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیەوە

کوردستان یەکێک لە سەنگەر بەهێزەکانی ئازادی و دێموکڕاسی بوو کە ڕێژیم بە بیانووی جۆراوجۆر دەیویست خەلکی کورد سەرکوت بکا .

بۆ ڕێخۆشکردن و شەرعییەت دان بە جینایەت و سەرکوت، لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا خومەینی جەللاد و خوێنڕێژ وەک مەرجەعی تەقلید فتوای جیهادی دژ بە گەلی کورد دەرکرد. لەو ڕۆژە بە دواوە، چەکدارە بەکرێگیراوەکانی ئەو ڕێژیمە بەهێزێکی زۆرەوە هێرشیان کردە سەر کوردستان و مەغول ئاسا دەستیان دایە قەتڵوعامی خەڵکی کورد و ژن و پیاو و منالٚ و پیر و گەنجی کوردستانیان شەلاڵی خوێن کرد.




یازدەی خەرمانانی ئەمساڵ چل و یەک ساڵ بە سەر جینایەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان تێدەپەڕێ.

لە یازدەی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران جینایەتێکی گەورەی دژ بە خەلکی کورد ئەنجامدا. لەو ڕۆژە ڕەشەدا هێزێکی زۆری دژمن بە فەرمانی خۆمەینی و بە سەرکردایەتی مەلاحەسەنی هێرشیان کردە سەر گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان و بە دڕندانەترین شێوە دەستیان دایە کوشتنی خەڵک و تەنانەت دەستیان لە کوشتنی منالانیش نەپاراست. جینایەتی قارنێ و قەڵاتان یەکێک لەو جینایەت مێژووییانەیە کە کورد لە بیری ناکا و پەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچاوانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە کە زیاتر لە ٦٨ کەس لە خەڵکی ئەو گوندانە بە پیر و منالەوە قەتڵوعام کران . بێجگە لە جینایەتی گوندەکانی قارنی و قەلاتان لە ناوچەی نەغەدە، بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە چەند شوێنێکی دیکەی کوردستانیش وەک نەورۆزی خوێناوی سنە، کوشتاری گوندەکانی سەروکانی، ئیندرقاش , گامێشگۆلی، کانی مام سەیدە، حەسەننووران، ساروقامیش، قەرەگۆل، لە سێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهابادی و زۆر شار و ناوچەی دیکەی کوردستان جینایەتیان خوڵقاند.

یادێک لە سێ ئەستێرەی گەشی ئاسمانی خەباتی جەماوەری چەوساوە و ستەملێکراو لە کوردوستان

نیوەی یەکەمی مانگی خەرمانان رێکەوتەکانی ٤ و ٩ و ١٣ی ئەو مانگە، ئەو رۆژانەن کە تێیاندا ریزەکانی ئێمە سێ کەسایەتی هەڵکەوتوو و سێ ڕابەری ماندوویی نەناسی خۆی لەدەست داوە. فوئاد مستەفا سولڵتانی، سدیق کەمانگەر، غوڵام کەشاوەرز، سێ ئەستێرەی ڕێ نیشاندەری خەباتی چەوساوەکان و ستەملیکراوانی کوردستان و ڕیزەکانی کۆمەلەن کە لەو ڕۆژانەدا گیانی ئازیزیان لە پێناو خەباتی ڕەوای بێ بەشاندا لەدەسدا .



کاک فـۆئاد « ئەندازیاری خەباتی مەدەنی»

خەباتی سیاسی کاک فوئاد هەر لە تەمەنی تازە لاویەوە دەست پێ دەکات و لە کاتێک دا تەمەنی تەنیا ٢١ ساڵ بوو، دەبێ بە سەر قافڵەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵە. ساواکی شا کە بەتوندی گومانی کردبووە سەر ژیان و هەڵسووڕانی کاک فوئاد، لەپاییزی ساڵی ١٣٥٣ دا کاک فوئادی گرت و لە زیندانی کومیتەی هاوبەشی شارەبانی و ساواک و خستنە ژێر سەختترین ئەشکەنجەکانی ئەو سەردەمە .بەڵام ئەشکەنجەگەران زەفەریان بە ورەی کاک فوئاد نەبرد و قارەمانانە نهێنییەکانی کۆمەڵەی پاراست. لەدوای دەورەی بازجوویی و ئەشکەنجە، گواسترایەوە بۆ زیندانی قەسری تاران و زیاتر لەسێ ساڵ لەوێ بەندکرا. لەساڵی کۆتایی زیندانەکەیدا، کاک فوئاد گواسترایەوە بۆ زیندانی شاری سنە و ساڵێکیشی لەو زیندانەدا تێپەڕ کرد.

زیندانی سنە مەیدانێکی خەباتی لێبڕاوانەی کاک فوئاد بوو. مانگرتن لەخواردنی زیندانیانی سیاسی کە کاک فوئاد بۆ ماوەی ٢٤ رۆژ بەشداری تێدا کرد، یەکێک لەدیمەنە پرشکۆکانی خەباتی ئەو دەورەیەی ناو زیندانەکان لەدژی رژیمی شا بوو. لە پاییزی ساڵی ١٣٥٧دا کاک فوئاد ئازاد کرا و لەپاش پێشوازییەکی گەرم و کەم وێنە لەلایەن خەڵکی شاری سنە، گەڕایەوە بۆ ئاوایی ئاڵمانە. کاک فوئاد دوای ئازاد بوونی، تەنیا ١١ مانگ ژیا و لەو یازدە مانگەشدا هەموو کات و توانای خۆی بۆ ڕێبەری کردن و بەرەوپێش بردنی خەباتی کۆمەڵە لە کوردستان لە بوارە جیاجیاکاندا تەرخان کرد. لە ماوەی نزیکەی دوو مانگدا، یانی لە ٢٣ی مانگی پووشپەڕەوە تا ٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ بەڕێبەریی کاک فوئاد، ژمارەیەک لە هەستیارترین، بەناوبانگترین و گەشترین ڕووداوەکانی مێژووی کۆمەڵە و خەباتی سیاسی کوردستان و ئێران هاتنە ئاراوە. کۆچی خەڵکی مەریوان، ڕێپێوانی جەماوەری سنە بەرەو مەریوان، گفتوگۆی ڕاستەخۆ لەگەڵ دوژمن، ئەو بوارانە بوون کە تواناییەکانی کاک فوئادی بۆ هەموان دەرخست. پربایەخترین کاری کاک فوئاد کە دوایین هەنگاوی سیاسی ئەو بوو، داڕشتنی بناغەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان بوو. بزووتنەوەیەک کە بوو بە سەنگەرێک بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئیران.

کاک سەدیقی کەمانگەر « زمانی ئاگرینی شۆرش «

لە ساڵی ١٣٤٨کاتێک رێکخراوی کۆمەڵە دادەمەزرێ، کاک سەدیق لە یەکەم مانگەکانی مەوجوودیەتی کۆمەڵەدا دەبێ بە تێکوشەرێکی هەڵسووڕاوی ئەو رێبازە . کاک سەدیق لە ساڵانی دەیەی ٥٠ی هەتاوی کاتێک خەباتێکی مافخوازانە لە نێوان جوتیارانی « دارسێران» ی مەریوان و فئودالەکان کەوتەڕێ، وەکوو پارێزەرێکی جەسور و لێهاتوو ئەرکی دیفاع لە جوتیارانی وەئەستۆ گرت. لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی جەماوەریی لەدژی ڕژیمی شا، ئەندامی ناوەندی کانونی پارێزەرانی ئیران بوو کە بە ئیمزای خۆی بۆ دیفاع لە خەباتی ئازادیخوازانەی جەماوەریی، بەیانییەی دەردەکرد. لە مانگی پوشپەری ١٣٥٧ یەکەم کۆبوونەوەی خەڵکی شاری سنەی بۆ دیفاع لە زیندانیانی سیاسی کە مانیان لە خواردن گرتبوو، لەدژی رژیمی شا، رێکخست. ئەو لەو کاتەدا سیمای عەلەنی تێکۆشانی کۆمەڵە بوو. بانگەوازەکانی هاوڕێ سدیق لە لایەن جەماوەری شۆرشگێرەوە جوابی وەردەگرتەوە . هەڵسووڕانی بێوچانی کاک سدیق، بوو بە هۆی کۆکردنەوەی هێزی رادیکاڵ و پێشڕەوی کۆمەڵگا بەرانبەر بە ڕەوتێکی کونەپەرستدا کە هەوڵی دەدا سەمەری خۆین و خەباتی جەماوەری خەڵکی کوردستان بکا بە پاشکۆی ئیرتجاعی مەزهەبی کە لە لایەن خومەینیەوە ڕێبەری دەکرا. کاک سەدیق رۆژی ٢٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ لە رێگەی تەلویزیونی سنەوە لە پەیامێک دا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی راپەرینی سەرکەوتووی خۆیان چەکدار بن. لە یەکەم رۆژەکانی دوای ڕووخانی ڕژیمی شا، کاک سەدیق و ژمارەیەک لە هاورێیانی لەسەر ڕێنوینی کۆمەڵە جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و ئینقلابیان لە شاری سنە دامەزراند و کاک سدیق بوو بە وتەبێژی ڕەسمی ئەو جەمعیەتە.

...بۆ ل١٥

*درێژەی لاپەڕەی ١٤*

کاک سەدیق لە گفتوگۆکانی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان و هەیئەتی نێردراوی دەوڵەتی مەرکەزی بۆ شاری سنە، دەوری ڕێبەرێکی جەسوور و لێبڕاوی بینی. هاوڕێ سەدیق ڕابەر و ڕێکخەری مانگرتن و تەحەسونی یەک مانگەی شاری سنە بوو کە بە مەبەستی دەرکردنی پاسداران لە شار کەوتە ڕێ.لەگەڵ دەست پێکردنی موقاومەتی چەکدارانە بەرانبەر بە هێرشی ڕژیم بۆسەر کوردستان، هاوڕێ سەدیق وەک بەڕێوەبەرێکی لێهاتووی موقاومەتی پێشمەرگانەش لە ناوچەکانی کامیاران و سنە دەوری نواند.

دوایین پۆستی تەشکیلاتی هاوڕێ سدیق بەڕێوەبەریی (ڕادیۆ کۆمەڵە) بوو. لە سەعات ٢ی نیوەشەوی ١٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨ لە حاڵێکدا کە تازە لە نوسینی دوایین وتاری خۆی بۆ ڕادیۆ کۆمەڵە تەواو ببوو و بۆ پشوودانێکی کورت لە ژورەکەی خۆی هاتبووە دەرێ، بە دەستی بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامی کە دزەی کردبووە ناو ڕیزەکانی پیشمەرگەی کۆمەڵەوە، خەڵتانی خوێن دەکرێ و دڵی کەیلی ئاواتی بە سەرکەوتنی زەحمەتکێشان بۆ هەمیشە لە لێدان دەکەوێ.

غولام کەشاوەرز « کادری لێهاتوی ناو ریزەکانی کۆمەلە «

بەهمەنی جەوادی کە لە جەریانی خەباتی سیاسی نەهێنی دا نازناوی غوڵامی کەشاوەرزی هەڵبژاردبوو، ساڵی ١٣٣٤ ی هەتاوی لەبنەماڵەیەکی دەسکورتی ئاوایی « نارەک «سەر بەشاری گەچساران چاوی بەژین پشکووت.

هێشتا نەوجەوانێک بوو کە لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکان ئاشنا بوو. سەرەتاکانی دەیەی ٥٠ بوو کە بەهمەنی جەوادی و هاوڕێیانی ڕێکخراوێکی خەباتکاریان بەناوی : « کردەوەی شورشگێرانە دژ بە بارودوخی مەوجود « پێکهێنا .

ئەرکی ئەم ڕێکخراوەیە چاندنی تۆوی وشیاری لەناو کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش دیاری کرابوو. بەهمەنی جەوادی سالی ١٣٥٤ چووە ناو زانکۆی کەشاوەرزی کەرەج. لەگەڵ چوونە ناو زانکۆدا چووە ناو جەرگەی خەباتی سەردەمەوە و لە پاش ماوەیەک بوو بە یەکێک لە سیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی خویندکاری لەو زانکۆیەدا. لە ڕێکەوتی ١٨ی گوڵانی ١٣٥٥ خوێندکارانی زانکۆی کەرەج لە ساڵڕۆژی کوشتاری کرێکارانی کارخانەی « جیهان چیتی « کەرەج بەدەستی ڕژیمی شا لەساڵی ١٣٥٠ دەستیان دایە مانگرتنێکی بەرین. هاوڕێ غوڵامی کەشاوەرز لە ڕێکخەرانی ئەو مانگرتنەبوو. بەو هۆیەوە هەر لەو کاتەدا لە لایەن ساواکەوە دەستگیر و خرایە ژێر سەختترین ئەشکەنجەوە و نەهێنی هاوخەباتیەکانی پاراست. لە پاییزی ١٣٥٧ لەگەڵ شکانی درگای زیندانەکان لەزیندان هاتەدەر.

وەڕێخستنی میتینگ و ڕپێوانی دژ بەرژیمی شا پێکهێنانی گروپگەلی کرێکاری، سوخەنرانی لەمیتینگەکاندا، لە زومرەی چالاکییەکانی ئەو لەسەردەمی ڕاپەریندا بوو. دوای ڕاپەرینیش هاوڕێ غوڵام لە خۆشەویسترین کادرەکانی کۆمە لە بوو.

بەکرێگیراوانی جەهل و جینایەتی کۆماری ئیسلامی کە لە چالاکییەکان، کاریگەریی و توانابیەکانی ئەو خەباتکارە ماندوویی نەناسە ئاگادار بوون، لە کردەوەیەکی دڕندانەدا دەستیان دایە تیرۆر کردنی هاوڕێ غوڵامی کەشاوەرز. لەرۆژی ٤ی خەرمانانی ١٣٦٨ لەحاڵێکدا کەپاش ٨ ساڵ دەیویست لەگەڵ بنەماڵەکەی لە شاری لارنکای وڵاتی قیبرس چاویان پێک بکەوێت، لەلایەن تیمیک لە بەکرێگراوەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، کە شوێنیان هەلگرتبوو، درایە بەر دەسڕێژی گوللە. هاوڕێ غوڵامی کەشاوەرز چەند سەعات دواتر لە بیمارستانی ناوەندیی لارناکا ، گیانی بەختکرد.

درێژەی ماشینی کوشتاری کۆماری ئیسلامی

هەروەک باسمان کرد ماشێنی کوشتارو سزای ئێعدام وەک جەنایەتێکی سازماندراو لە هەمان سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامیەوە تا ئێستاش وەک یەکێک لە پایەکانی حاکمیەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ترساندنی خەڵک ، لە ئارادا بۆە . سەرانی ئەم ڕژیمە بۆ بەلاڕێدا بردنی رای گشتی بە سرنجدانە ریشەی موسیبەت و نابەسامانیە کۆمەڵایەتیەکان، لە ڕێگای بڵندگۆ تەبلیغاتیەکانیانەوە هەرجارەو بە بیانویەک سزای ئێعدامیان وەک ڕێگای بەرەنگار بوونەوەی نابەسامانیەکان و کاردانەوەیەکی قاتع لە بەرانبەر ئەم کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیانەدا بانگەواز کردوە. ئەوان باوەریان وایەو دەڵێن کە ئەگەر ئێعدام نەبێت، بزێهکارانی کۆمەڵایەتی هاندەدرێن و ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی دەخەنە مەترسیەوە. ئەم ئیدیعایە لە حالێکدا مەترەح دەکرێت کە نە تەنیا ئەمنیەت لە کۆمەڵگەدا بەدی نەهاتوە، بەڵکو پێ بە پێی زیاد بوونی ژمارەی ئێعدامەکان، تاوانکارییش زیادی کردووە. زۆرێک لە بریاردەران و بەرێوە بەرانی ئەم جینایەتانە، لە دادستانی گشتیەوە تا سەرۆکی دادگاکان و باقی جینایەتکارانێک کە لە کارەساتی کوشتاری زیندانیانی سیاسی ئامرازی بە هێزی خومەینی لە شەر لە دژی زیندانیانی بێ دیفاع بوون، چەند ساڵ دواتر جل و بەرگی ئیسلاح خوازانی حکومەتیان کردە بەر و بۆ رزگار کردنی کەشتی قەیران لێدراوی حکومەتی ئیسلامی وەخۆ کەوتن و ئەم جارە کەشتی ئەوانیش لە ناو هەرگ داگیرسا.

قەتڵە زنجیرەییەکان پەڵەیەکی تری شەرمەزارایە بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامیەوەسەرماوەزی سالی ١٣٧٠ی هەتاویەو ئێعدامەکان نەوەستاون و ماشێنی کوشتاری ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەبێ وەستان لە حەرەکەتدایە و رۆژ نییە کە ژمارەیەک زیندانی لە زیندانە جۆراوجۆرەکان و یان بە بەرچاوی هەمووانەوە ئێعدام نەکات. جەنایەتکارانی ڕژیم بەبێ پرینگانەوە و بەبێ سڵ کردن



لە کاردانەوەی رای گشتی، هەموو رۆژێک تاوانباران لە زیندانەکاندا دەباتە پای داری ئێعدام و بەم جۆرە گوشار بۆسەر زیندانیانی سیاسی لەنێو زیندانەکانیدا توندتر دەکاتەوەو بەمەوش ناوەستێ و روو لە کوچەو کۆڵان و ماڵان دەکات و نەیارانی خۆی نوقمی خەڵاڵی خۆێندەکات.

مانگی سەرماوەز وەبیرهێنەرەوەی کۆمەڵیکی تر لە جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەدژی ئینسانە تێکۆشەر و ئازادیخواز و هێزەکانی نەیاری ڕژیمە. ئەم کۆمەڵە کردارە بەناوی قەتڵە زنجیرەییەکان لە پەروەندەی پڕ لە جەنایەت و شەرمەزاری ڕژیمی ئیسلامی سەرمایەدا تۆمار کراوە. ئەم قەتڵانە لە دەیەی ٧٠ ی هەتاویدا ئەنجام دراون و بە سەللاخی کردنی داریوش و پەروانە فروهەر دەستی پێکرد. ئەم زنجیرە جەنایەتە رفاندن، ئەشکەنجە و کوشتنی ژمارەیەکی نادیار لە هێزە چەپەکان و



کەسانی سەربە گرایشی راستی مەزهەبی و ناسیونالیستی لێکەوتەوە. لە ئێستادا ناوی ٨٠ کەس لە قوربانیانی ئەم دەورەیەی رژیمی جەهل و سەرمایە تۆمار کراوە. لەنێو ئەم قوربانیانەدا سیمای خۆشنێو و ئینسانی تێکۆشەر و ئازادیخوازی وەک محەممەد موختاری و جەعفەر پویەندەش هەن.پێویستە بوترێت زنجیرە قەتڵەکانی دەیەی ٧٠ لە راستیدا هاوکات لەگەڵ هاتنە سەرکاری خامنەیی، وەک رێبەری مەزهەبی، و رەفسەنجانی، وەک سەرۆک کۆمار، لە ساڵی ١٣٦٨ دا دەستی پێکرد. بە واتایەکی تر ئەم قەتڵانە لە درێژەی قەتڵی عامی چەند هەزار زیندانی لە ساڵی ٦٧ دا کە بە دەستوری خومەینی بەرێوەچوو، بەرنامەیان بۆ داندرا. سەرانی رژیم، وەک رەفسەنجانی، لە پاڵ ئەم قەتڵانەدا هەوڵیاندا بە پەیرەوی کردنی دڵخوازانە لە سیاسەتی ئابووری وێرانگەری سندوقی نێودەوڵەتی دراو، ئابووری وەرشکستە بووی کۆماری ئیسلامی رزگار بکەن. رفسەنجانی وەک نوێنەری کولیەتی رژیم و سەرمایەدارانی بەشی دەوڵەتی و تایبەت بە دەرکردنی دەیان هەزار کرێکار، شناوەر کردنی ریاڵ و خوسوسی سازیەکان هەوڵیدا ئابووری کۆماری ئیسلامی بخاتە سەر مەسیری ئابووری بازاڕی ئازاد. ناکۆکی ئابووری و سیاسی حکومەتی ئیسلامی لە ئێران و دەرکەوتنی شەپۆلی ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لە کۆمەڵگادا ئەم کردارانەی توشی شکستێکی ئابڕوبەرانە کرد. ئەو قەتڵە زنجیرەییانەی کە لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاویدا گەیشتنە لوتکە بەو هیوایە گەلاڵەڕێژی کرابوون تا دەرفەتێک بە دەوڵەتی خاتەمی بدرێت تا بەڵکوو کۆماری ئیسلامی لە سەرەولێژی رزگار بکات. بەڵام کە ناڕەزایەتی نێوخۆیی و دەرەکی دەستی پێکرد دەوڵەتی خاتەمی ناچار کرد ئیعتیراف بکات کە کوشتارەکانی ئەم دواییە کاری وەزارەتی ئیتلاعات بووە. باقی سەرانی رژیم، بۆ تەبرەئە کردنی کولیەتی رژیم،

بەرپرسیاریەتی قەتڵەکانیان خستە ئەستۆی چەند مۆرەیەکی بەرپرسی ئەشکەنجە و کوشتار و چەند ئەشکەنجەگەرێکی وەزارەتی ئیتلاعات. کاربەدەستانی سپا و وەزارەتی ئیتلاعات ئەوانیان گرت و بردیاننە ژێر ئەشکەنجەیەکەوە کە پێشتر خۆیان لەدژی تێکۆشەران و نەیارانی رژیم پەیرەویان دەکرد. ئەوان لەم پێوەندەدا ئامرانی شکەنجە و شکەنجەگەرەکانی پێشوویان بەشێوەیەک ئەشکەنجە کرد کە ناچار بە ئیعتیراف کردن بەو شتەی کە جێی سرنجی خامنەیی و باقی سەرانی رژیم بوو، ببن و بە درۆ و بە ناچاری وتیان کە ئەوان بەکرێگیراوی بێگانەکانی، وەک دەوڵەتی ئامریکا و دەوڵەتی ئیسرائیل بوون و بە دەستوری ئەوان جوڵاونەتەوە. ئەوکات ئەوان بەرپرسی سەرەکی پەروەندەکەیان دەرمانخوارد کرد و کوشتیان و ئەوانی تریشیان بە زیندان مەحکوم کرد.

درێژەی هەیە

Dwaroj

16
ژماره (٩٥) ساڵی هه‌شته‌م، ٢٠٢٠/٠٩/٠١
Dwaroj@komala.com
Dwaroj@komala.com

بۆ خوێندنه‌وه‌ی دواڕۆژ له‌سه‌ر تۆڕی ئینتێرنێت
سه‌ردانی www.komala.com بکه‌ن
په‌یوه‌ندی dwaroj@komala.com

سه‌رنووسه‌ر:
ڕه‌زا که‌عبی
به‌ڕێوه‌به‌ری نووسین و دیزاین:
هێمن بایه‌زیدپوور
ئێدیت و پێداچوونه‌وه:
محه‌ممه‌د فه‌رهادزاده

# گرێبه‌ستی ٢٥ ساڵه
## و هه‌ڕاج کردنی وڵات

**زانیار عه‌زیزنژاد**

گرێبه‌ستی ٢٥ ساڵه بۆ سه‌رمایه‌گوزاری ٤٠٠ میلیارد دۆڵاری چینی یه‌کان له پیشه‌سازی نه‌وت و گاز و پیترۆشیمی ئێران و کۆماری ئاخوندی، به وه‌رگرتنی نیوه‌ی ئه‌م بڕه پاره‌یه بۆ ٢٥ ساڵ ئه‌م ئیمتیازانه ده‌دات به چین. به‌گوێره‌ی هه‌واڵی هه‌واڵنێرییه‌کانی کۆماری ئاخوندی وه‌ک، «تابناک» و «ته‌سنیم»، ئه‌وه یه‌که‌م سه‌نه‌دی هاوکاری درێژخایه‌ن و ئیستراتژیک ده‌گه‌ڵ وڵاتێکی بیانی له ماوه‌ی چل ساڵی ڕابه‌دوودایه. په‌سه‌ند کردنی ئه‌م سه‌نه‌ده له لایه‌ن چینی یه‌کان و به کۆتا گه‌یشتن و ئیجرا کردنه‌که‌ی ده‌توانێ به وه‌رچه‌رخانێکی ته‌واوی حکومه‌تی ئاخوندی بۆ لای وڵاتانی ڕۆژهه‌ڵات بقه‌بلێندرێ. دیاره وته‌کانی «محه‌ممه‌د جوادی زه‌ریف»یش له مه‌جلیسی ئاخوندی دا ڕێک ئه‌وه‌ی سه‌لماند که به خیاڵی خۆیان ده‌یانهه‌وێ ناوه‌ندی کاروباری ئابووری و پیشه‌سازی له ڕۆژئاواوه بگوازنه‌وه بۆ ڕۆژهه‌ڵات و له‌م نێوه‌دا زیاتر پشتیان به «ڕووسیه« و به «چین» وه‌ک دوو ئه‌ندامی خاوه‌ن مافی «وێتۆ» له ڕێکخراوی نه‌ته‌وه‌یه‌ککگرتووه‌کان دا، به‌ستووه، به‌ڵام غافڵن له‌وه‌یکه ئه‌م دوو وڵاته له پێناو قازانج و به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی خۆیاندا زۆر وڵاتی وه‌ک ئێران ده‌که‌نه قوربانی و سات و سه‌ودای له‌سه‌ر ده‌که‌ن. بۆ وێنه ڕووسیه که تا ئێستا به‌ده‌یان میلیاردی به ئاخونده‌کان له سوورییه‌دا به‌فیڕۆ داوه، ئێستا ورده ورده پشتی تێ کردووه و ته‌نیا سه‌ری بێ کڵاو، له سوورییه‌ی دوای ئارێشه قووڵاکان، سه‌ری زل و به‌تاڵی ئاخونده‌کانه. بۆ «چین»یش ده‌توانین ئاماژه به ڕه‌زبه‌ری ساڵی ڕابردوو بکه‌ین که له ژێر گوشاره‌کانی ئامریکادا به فه‌رمی گه‌ڵاڵه‌ی گه‌شه‌ی فازی ١١ی گۆڕه‌پانی گازی پارسی باشووری به‌جێهێشت و ئه‌و گۆڕه‌پانه گه‌وره‌یه درا به «پێترۆپارس.» به باوه‌ڕی کارناسان له‌م ساتوسه‌ودایانه‌دا دیسان ئاخونده یه‌کده‌نده و که‌له ویشکه‌کان ده‌خیچین و ماڵوێرانی و گرانی زیاتر به‌رۆکی گه‌لانی به‌ش مه‌نه‌تی ئێران ده‌گرێ.

له سه‌ردانه‌که‌ی وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئاخونده‌کان بۆ مه‌جلیس، «زه‌ریف» بۆ پارێزگاری کردن له خۆی و ڕازی کردنی به‌ناو ئه‌ندامانی پارلمان، باسی خامنه‌یی کرد و وتی: له سه‌فه‌ری ڕێبه‌ندانی ساڵی ٩٤ی «شی جین پین» وه‌ک سه‌رۆککۆمار چین بۆ ئێران و چاوپێکه‌وتنی ده‌گه‌ڵ خامنه‌یی، ئه‌م گه‌ڵاڵه‌یه باس و خواسی تێروته‌سه‌لی له‌سه‌ر کراوه و هه‌ر خامنه‌ییش ده‌زگا پێوه‌ندی داره‌کانی ڕاسپاردووه که کاره‌کانی ئه‌م سات وسه‌ودا گه‌مژانه‌یه ڕاپه‌ڕێنن. له‌م نێوه‌دا له نێو ده‌زگای ده‌سه‌ڵاتی حکومه‌تی ئاخوندی دا، زۆر که‌س ناڕه‌زایه‌تی خۆیان له هه‌مبه‌ر ئه‌م گرێبه‌سته ده‌ربڕیوه و لایان وایه ئه‌م کاره سه‌روه‌ری و سه‌ربه‌خۆیی ئێران — که له سایه‌ی کۆماری ئاخوندییه‌وه ئه‌م سه‌روه‌ری و سه‌ربه‌خۆییه هه‌ر نه‌ماوه – ده‌باته ژێر پرسیاره‌وه، له سه‌رووی ئه‌و که‌سانه‌وه ده‌توانین ئاماژه به «مه‌حموود ئه‌حمه‌دی نیژاد» بکه‌ین، ئه‌و ده‌ڵێ: «بیستوومانه، له گه‌ڵ وڵاتی چین، له حاڵی وتوویژ، بۆ گرێبه‌ستێکی ٢٥ ساڵی‌دان، ئه‌م گرێبه‌سته به‌شداری هێزی نیزامی تێدایه و هیچ که‌سیشی لێ ئاگادار نه‌کراوه‌ته‌وه، مه‌گه‌ر ئێوه خاوه‌نی وڵاتن که به بێ ئاگاداری کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک و له کیسه‌ی خه‌ڵک، ده‌ستتان به به‌خشینه‌وه کردووه؟ ئێمه شۆڕشمان کردووه که هیچ شتێکی شاراوه له خه‌ڵکمان نه‌بێ وهیچ که‌سیش خۆی به خاوه‌نی وڵات نه‌زانێ.» ماڵپه‌ڕی «پێترۆلیۆم ئێکۆنۆمیست» باس له‌وه ده‌کات که له سه‌فه‌ری وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی «ئێران» بۆ «چین»، په‌ره به‌م گرێبه‌سته دراوه که له ساڵی ٢٠١٦ و له ژێر ناوی «به‌شداری تۆکمه‌ی ئیستراتژیکی چین و ئێران»، به بڕی ٤٠٠ میلیارد دۆلار واژۆیان کردووه و هێندێک خاڵی تازه‌ی نائاشکراشیان پێوه زیادکردووه و بڕیاریش نییه به‌شێکی گرینگ له‌و گرێبه‌سته بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکرێ.



عه‌لی خامنه‌یی له چاوپێکه‌وتن ده‌گه‌ڵ سه‌رۆککۆماری چین، ئاماژه‌ی به ڕوانگه‌ی کۆماری ئاخوندی سه‌باره‌ت به ڕۆژهه‌ڵات، له به‌رابه‌ر ڕۆژئاوادا ده‌کات و ده‌ڵێ: «پێوه‌ندی ئیستراتژیکی ٢٥ ساڵه له گه‌ڵ چین، زۆر درووسته و حیکمه‌تی تێدایه.» ده‌وترێ مه‌جلیسی ڕادیکاڵی «قالیباف» سازکراوه تا ئه‌و گرێبه‌ستانه واژۆبکات و ڕه‌نگی یاسایی خه‌ڵکی پێ ببه‌خشێ. دیاره پێشبینی ده‌کرێ که ڕێژه‌ی چاره‌ڕه‌شی خه‌ڵکی لێقه‌وماو، له‌وه‌ش زیاتربێ و ژیانیان زیاتر تاڵ ده‌بێ. دیاره له لای باشوور و له که‌نداویش دا ئاخونده‌کان کارێکیان کردووه که ئه‌و بڕه قووته‌ی له ڕێگه‌ی ماسی گرتنه‌وه وه‌ده‌ست خه‌ڵکی هه‌ژاری ئه‌م ناوچه‌یه ده‌که‌وت، پکبخه‌ن و له ڕێگه‌ی به ئیجاره‌دان به «چین»ییه‌کان، هه‌رچی له قووڵایی که‌نداو دایه و به هه‌موو شتێکه‌وه گه‌سکی لێ بده‌ن و ئه‌وه‌نده ماسی گرتنه‌ش به‌و خه‌ڵکه هه‌ژار و لێ قه‌وماوه‌وه ڕه‌وا نه‌بینن. هه‌ر ئێستاش خاک و خۆڵی چاربه‌هار و زۆر شوێنی تر به لۆری و ماشێنی گه‌وره، به وڵاتی «ئه‌ماراتی یه‌ککگرتووی عه‌ڕه‌بی» ده‌فرۆشن و ئه‌ویش لێکدا لێکدا دوورگه‌ی پێ چیده‌کات. دیاره پشکی ئێران له ده‌ریای خه‌زه‌ریش، له ٥٠ له‌سه‌ددا دابه‌زیوه بۆ ١١ له‌سه‌د و ده‌رسه‌ده‌کانی تریش له پشکی ئێران، له نێوان وڵاتانی ڕووسیه، قه‌زاقستان، ئازه‌ربایجان و تورکه‌منستان دابه‌ش کراوه‌ته‌وه. ئه‌وانه‌ی له‌سه‌ره‌وه، زۆر سه‌رپێیی ئاماژه‌یان پێ کرا، مشتێ بوون له هه‌شتێی کرده‌وه‌کانی کۆماری ئاخوندی و لێپرسراوییه‌تی ئه‌وان، له هه‌مبه‌ر نیشتمانپه‌روه‌ری و وڵاتپارێزی دا. هه‌رچه‌ند کۆماری ئاخوندی له پێناو مانه‌وه‌ی خۆیدا هه‌موو جنایه‌تێک سه‌باره‌ت به گه‌لانی ئێران ئه‌نجام ده‌دات و هه‌رچی پووڵ و پاره به‌خشینه‌وه و ئیمتیازیشه ده‌یدات به‌و هێز و ده‌سته و تاقم و گرووپ و وڵاتانه‌ی، به به‌ژن و باڵای هه‌ڵده‌ڵێن و به شێوه‌ی ڕواڵه‌تی له پشتی ڕاوه‌ستاون. ئێستا ده‌بێ بزانین هۆکاری ویشکاندنی کۆمه‌ڵگای ئێران وه‌کوو پێکهاته‌یه‌کی «گشتاڵت»ی ته‌نیا کۆماری ئاخوندییه و ڕۆژێک زیاتر مانه‌وه‌ی ئه‌م سیستمه، زیانی قورس و قه‌ره‌بوونه‌کراوه، له گشت پێکهاته ئێتنیکی و فه‌رهه‌نگییه‌کان و ژێرخانه ئابووری، سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی وڵات ده‌وه‌شێنێ. ئه‌میر تاهیری ڕۆژنامه‌نووس ده‌ڵێ: «ئێران له زه‌مانی قاجارییه‌کان زیاتر به‌ستراوه‌یی سیاسی و ئابووری به ڕووسیه‌وه هه‌یه و له ڕاستی دا ئاخونده‌کان، به‌ڕێوه‌به‌ری سیاسه‌ته‌کانی ڕووسییه‌ن له ئێران و له ناوچه‌که‌دا، دیاره ئه‌م گرێبه‌سته ٢٥ ساڵییه‌ش ده‌گه‌ڵ چین، ده‌ریخست که ئه‌وجاره‌م وڵاته‌ش، قۆڵی هه‌ڵماڵیوه تا وڵاتی ژێر ده‌ستی ئاخونده‌کان بکاته «کۆلۆنیاڵ«ی خۆی» و چۆنی پێ باش بێ ئاوای بیدۆشێ و بیچه‌وسێنێته‌وه. له ڕاستی دا «ئێران»، له ژێر ده‌سه‌ڵاتی ئاخونده‌کان دا ده‌مێکه به نرخێکی هه‌رزان بۆ هه‌ڕاجکردن داندراوه.»

## دواستوون

### دامه‌زراندنی کوردستان تریبوناڵ

**ئا: دواڕۆژ**

له مانگی ڕابردوو، به هیمه‌ت و کار و بریاری ژماره‌یه‌ک له تێکۆشه‌رانی کورد له تاراوگه "له چل و یه‌که‌مین ساڵیادی فتوای خومه‌ینی به مه‌به‌ستی ژینوسایدکردنی خه‌ڵکی کوردستان، "کوردستان تریبوناڵ" دامه‌زرا. له ڕاگه‌یاندنی دامه‌زراندنی کوردستان تریبوناڵ له لایه‌ن ده‌سته‌ی به‌ڕێوبه‌ری وێڕای ئاماژه به داگیرکردنی کوردستان و چل و یه‌ک ساڵ له جه‌نایاتی کۆماری ئیسلامی له کۆتایی داوا ده‌که‌ن که «با چیتر ڕێگا نه‌ده‌ین تاوانه‌کانی کۆماری ئیسلامی دژ به خه‌ڵکی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان په‌رده‌پۆش بکرێت. یارمه‌تیمان بده‌ن تا له ڕێگای کوردستان تریبوناڵه‌وه تاوانه‌کانی کۆماری ئیسلامی ئێران به‌رانبه‌ر به خه‌ڵکی ڕۆژهه‌ڵات بۆ یه‌که‌م جار له مێژووی کوردستاندا، به پێی ئایینی دادوه‌ری یاسای نێونه‌ته‌وه‌یی به‌دوادا چوونی بۆ بکرێت».

له ٤١ ساڵی ڕابردوو کۆماری ئیسلامی وه‌ک سوپا و ئه‌رته‌شی داگیرکه‌ر، کوردستانی کردۆته مه‌یدانی ترسناکترین جنایات و کرده‌وه‌ی دژه مرۆیی. یه‌که‌مین ساته‌کانی ته‌مه‌نی ئه‌م ڕژیمه به هه‌ڕه‌شه و زۆر زووش به هێرش بۆ سه‌ر کوردستان ده‌ستیپێکرد. کوردستان و گه‌لی کورد به ڕووخاندنی ڕژیمی شاه ده‌رفه‌تێکی مێژوویيان بۆ ڕه‌خسا و بزووتنه‌وه‌یه‌کی جه‌ماوه‌ری گشتگیر و به‌رین له باری جوغرافیاییه‌وه و نوێ و قووڵ له باری ناوه‌ڕۆک و داخوازییه‌وه و یه‌کگرتوانه هاته ئاراوه که تا ئێستاش، به‌رینتر و خۆڕاگرتر له هه‌میشه درێژه‌ی هه‌یه. کۆماری ئیسلامی جه‌نایه‌تی گه‌وره و به کۆمه‌ڵ و دڕندانه‌ی خوڵقاندوه که هه‌ر کامیان ده‌توانی ڕژیم بکێشێته دادگاه و به تاوانی جه‌نایه‌ت دژی مرۆڤایه‌تی مه‌حکووم بکرێ.

به‌ڵام بزووتنه‌وه‌ی کوردستان له‌م چل ساله و حیزبه‌کان و و ڕێکخراوه‌کان زۆر به که‌می گرینگیان به سه‌بت و به دێکومێنتکردنی تاوانه‌کانی ڕژیم له کوردستان داوه و هیچ هه‌وڵێک نه‌دراوه که ڕژیم بۆ هه‌ر کام له کرده‌وه جه‌نایه‌تکارانه‌کانی بخرێته به‌رده‌م دادگاه و مه‌حاکمه بکرێ. له ناو کوردستان، له زینادنه‌کان، له خه‌باتی پێشمه‌رگانه و له خۆڕاگری گه‌لی کورد له هه‌موو بواره‌کان و سه‌رهه‌ڵدانی بزووتنه‌وه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان، کوردستان هه‌زاران شانۆی پڕ له شانازی له پێناو بزووتنه‌وه ڕه‌وۆاکه‌ی تۆمار کردووه که به خوێن و قوربانی هه‌زاران قاره‌مان، پێشمه‌رگه و دایکان و باوکان و جه‌ماوه‌ری کوردستان مومکن بوه. کۆماری ئیسلامی هه‌زاران هه‌زار تاوانی خوڵقاندووه به‌ڵام بزووتنه‌وه‌ی کوردستان و حیزبه‌کان به تایبه‌ت که ئه‌و ئه‌رکه‌یان له سه‌ر شان بوه زۆر به که‌می هه‌ولیانداوه تاوانه‌کانی ڕژیم یه‌ک به یه‌ک سه‌بت بکه‌ن، به دۆکیۆمێتی بکه‌ن و له ناوه‌نده جیهانییه‌کان وه‌ک به‌ڵگه‌ی تاوانی ڕژیم له کوردستان بیخه‌نه به‌رده‌ست. مانگی پێشو کۆمه‌ڵێک له تێکۆشه‌رانی کورد له تاراوگه به دامه‌زراندنی کوردستان تریبوناڵ ئه‌م ئه‌رکه قورسه و زۆر پێویسته‌یان به ئه‌ستۆ گرتوه و ڕایانگه‌یاندووه که سه‌رده‌میانه حه‌ول ده‌ده‌ن که ئه‌م بۆشاییه له بزووتنه‌وه‌ی کوردستان پر بێته‌وه. به خۆشییه‌وه تا ئیسه له گه‌ڵ پێشوازی باشی حیزب و لاینه‌کان و تێکۆشه‌رانی کوردستان و تۆڕه کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان ڕووبه‌ڕوو بۆته‌وه.

ئێمه‌ش وه‌ک نوسه‌ران و ستافی دواڕۆژ پیرۆزبایی و ده‌ستخۆشی له به‌ڕێوه‌به‌رانی کوردستان تریبوناڵ ده‌که‌ین و هیوای سه‌رکه‌وتنیان بۆ به ئاوات ده‌خوازین. له هه‌مان کاتدا ئاماده‌بوونی خۆمان بۆ هه‌رچه‌شنه هاوکاری و یارمه‌تیه‌ک ده‌رده‌بڕین و پێمانوایه و به ئه‌رکی خۆمانی ده‌زانین که ئه‌م کاره و به سه‌رئه‌نجام گه‌یاندنی ته‌نیا ئه‌رکی ئه‌م هاوڕێیانه نییه و ئه‌رکی هه‌ر تاکێکی کورد و هه‌ر حیزب و ڕێکخراوێکه.